# شمشاڵی ئەفسوناوی

## دەربارەی مۆزارت

ئەنیس مەنسور

وەرگێڕانی

مامۆستا ئەحمەد

٢٠٠٨


سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

# ناوی کتێب: شمشاڵی ئەفسوناوی
# نووسەر: ئەنیس مەنسور
# بابەت: هونەری
# تایپو هەڵەبڕی: وەرگێڕ
# بەرگ: ناوەندی دیزاینی(یانەی قەڵەم)
# تیراژ: ١٠٠٠ دانە
# چاپ: چاپی یەکەم(٢٠٠٨)
# چاپخانە: یاد بازاڕی سۆز
# سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ پێنجوێنی
# ژمارەی سپاردنی ( ٢٤٦)ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ.

لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرەی ژمارە(٢٧)

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم. ژمارەی

تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦

## وتەیەك

ئەنیس مەنسور لەوە نێودارترە کە بیر لەوە بکەینەوە بە خوێنەری کوردی بناسێنین. چەندین کتێبی مەنسور لە کتێبخانەی کوردیدا بەردەست دەکەون

فرمێسکی یەکەم:

حەزم دەکرد ناونیشانی ئەم کتێبە ئاوا بوایە: (مۆزارت... مرۆڤێکی پەنهان)... یان (مۆزارت سەراسیمەی کردووم) یاخود (مۆزارت... لەناو خوێنمدا) یا (مۆزارتی فەیلەسوف).. (مۆزارتی ئاشق و مەعشوق). ناونیشانی "مۆزارت لەناو خوێنمدا"م بەلاوە پەسەند بوو، چونکە خۆشمویستووە، خوازیاریش بووم ... ناتوانم رستەکە تەواو بکەمو بڵێم: ...وەکو ئەو بلیمەت بوومایە... بریا ئەم خەسڵەتانەی ئەو: نەرمو نیانی، ناسکی و چالاکی، داهێنان، لە منیشدا هەبوونایە، ئەو ئەفراندن لە هەموو خانەکانی لەشیەوە هەڵدەقوڵا .. لافاوی ئاواز بوو دەشتودەری دەهەژاند... لافاوێکی وا مرۆڤێکی بچکۆلەی لاوازی نەخۆشی وەك ئەو، چۆن تێکناشکێنێت.. لەکۆتاییشدا مەرگ تەمەنی چۆن ناپروێنێت... هۆیەکی تریشم بۆ پەسەندکردنی ئەم ناونیشانە هەیە: کاتێك چووم بۆ شاری سالزبۆرگ لە نەمسا، ئەو شارەی مۆزارتی لێ لە دایك بووە، خانوویەکم دەست کەوت کە جەنگ نیوەی رووخاندبوو، نیوەکەی تریشی بەپێوە مابوو تا ببێت بە بەڵگەی تاوانەکەو بەڵگەش بێت بۆ بەرەنگاری و نەبەردی ئەو گەلە.. بەختم هەبوو، هەموو بەیانیەك لە پەنجەرەکەوە ماڵەکەی مۆزارتم دەبینی... سەخترین شتیش لەو



خانوەدا رووبەرووی دەبوومەوە، ئەوە بوو چۆن شەوم لێ بڕواو بگەمەوە بەیانی... چونکە بە درێژایی شەوگار ئەمدیو ئەو دیوم دەکردو خۆم هەڵدەکڕاند، چەرپاو لیفەو سەرین و فەرشی سەر زەویەکەو فەرشی دیوارەکانیش مۆڵگای کێچ و ئەسپێ بوون.. هەندێ جار پێکەنینم دەهات ... وەك دەڵێن.. خراپترین بەڵا ئەوەیە بتهێنێتە پێکەنین.. جاران بە گاڵتەپێکردنەوە پێیاندەوتین ئەوانەی سەرقاڵی کاری فەلسەفەن، لە ژوورێکی تاریکدا بۆ پشیلەی رەش دەگەڕێن.. بەڵام دەتوانم بڵێم وەزعی من زۆر لەوەش خراپتر بوو.. سەرقاڵی گەڕان بووم بە دوای کێچدا.. هەزاران هەزار کێچ لە ژوورێکی تاریکدا.. لە دڵی خۆما دەمووت: ئەم کێچانە نەوەی ئەو کێچانەن کە خوێنی مۆزارتیان مژیوە.. ئەمانە نەوە دوای نەوە خوێنی ئەویان هێناوەو.. گەیاندویانەتە خوێنی من.. بۆیە خوێنی مۆزارت بە دەمارەکانمدا دەگەڕێت! کاتێك نامەکانی مۆزارتم خوێندەوە، کە بۆ دایك و باوك و خوشکەکەی و ژنەکەی و ئامۆزاکەی ناردبوون، سەرنجی زیرەکانەو هەوڵی فەلسەفیانە.. ئامانجی مرۆڤانەیان.. تیا بەدی دەکرا بۆیە منیش لە ئاستیانا زۆر رامام.. داوی زێڕین و زیوینم تیا بەدی کردن.. داوی ئاگرین و ئاوریشمین.. منیش بە سۆزو دڵداری هۆنیمنەوە.. ئەوانە جۆرە فەلسەفەیەکن.. ئەگەر تەمەنی ئەم مۆزارتە بلیمەتە درێژ بوایە ئەوا شتی زیاتری دەووت.. بەڵام نەخۆشی بواری پێنەداو مردنیش زوو قۆستیەوە..

مۆزارت هەمیشە لە نێو شارو دەوڵەتان و کۆشکی پاشایان و کۆشکی پاپاکاندا، لە هاتوچۆدا بوو.. لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تا شازدە ساڵی، تەنها پێنج مانگ لە شاری سالزبۆرگدا ژیاوە.. سەیرە، لاوێك لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا مردبێت، چۆن توانیویەتی:

(٦٢٦) کاری مۆزیکی دا بهێنێت، ٢٢ ئۆپێراو (٥٠) سەمفۆنی و (٢٢) چوارینەی ژێی و (١٨) کۆنشێرتۆی پیانۆو... هی تریش دەگرێتەوە..

وتەی مێژوونوسانو هاوڕێیانی مۆزارتم کۆکردبووەو ڕێکمخستبوونو توێژینەوەم لەسەر کرد بوون، پاشان هەموو ئەو نووسینانە.. دوای پاك نووس کردن، بە ئامێزی چاپ نوسیمنەوە، هەر هەمووی ونبوو.. چۆنو لە کوێو کەی لەناوچوون؟ نازام. چونکە سەرقاڵی کاری ترو مۆزیکزانانی تر بووم..

ئەم کتێبە بچووکەی بەردەستت، پاشماوەی کتێبێکی گەورەیە.. تێیدا باسی نەخۆشی کەڵە مۆزیکزانەکانم کردبوو: بتهۆڤنو بیکانینیو باخو هندلو ڤیبەرو ڕۆسینیو شۆبێرتو ئەندلسۆنو شۆمانو شۆپانو لیستو گریچو مالەرو دلیۆسو رافێلو گرشۆنو پارتۆكو بێزێو بۆرۆدینو پرامسو بۆلیۆزو دیبسیو ڕەحمانینۆفو شۆستاکۆفتشو سەید دەرویشو عەبدولوەهابو ئوم کەلسوومو سونیاتیو قەسەبچیو زەکەریا ئەحمەدو بەلیغ حەمدیو محەمەد ئەلمۆجیو فەرید ئەترەشو عەبدولحەلیمو فایزە ئەحمەد..

هەمووی لەناوچوو!

٤٥٠ لاپەڕە لای بڵاوکەرەوە تیا چوو، خوا بێ قەزای کات...

لەچاپخانە فەوتا یان لە ناو نوسراوەکانی خۆمدا، کە جارجارە ڕێکم دەخستنو کۆمدەکردنەوەو هەندێکیشیانم دەدڕاند.. بڵێی هەموویانم دڕاندبێت؟ لەوەیاندا بەگومانم... بەڵام دڵنیا بوون سوودی چییە؟.. لەناوچووەو ئەوەش تاکە دڵنیاییە...



نائومێدانە زۆری بۆ گەرامو کونو قوژبنم کرد، تەنیا ئەم چەند لاپەڕەیە مابوو کە سەرەتای تۆمارێکی پانو بەرین بوو کە هەزارو یەك شەوی منی خایاندبوو!!

(مۆزارت.. ئەو مرۆڤە نەناسراوە ناوی ئەو کتێبە بوو کە تیا چوو... لەگەڵ د. ئەلئەنساری بەڕێوەبەری ئۆپێرادا، کە دۆستی خۆم بوو، ڕێکەوتبووین ئەو ئەرکی بڵاوکردنەوەو دابەش کردن بگرێتە ئەستۆی خۆی، هەروەها وێنەی ئۆپێراکانی مۆزارتیش بۆ سەر شانۆی میسری ئامادە بکات... هەروەها لەگەڵ بڵاوکەرەوەی دۆستیشم ئیبراهیم ئەلموعەلیم ڕێکەوتبووم... لەگەڵ هونەرمەند حیلمی ئەلتونی ڕێکەوتبووم، ئەو دەرهێنانی کتێبەکە بگرێتە ئەستۆ.. لەگەڵ هونەرمەندی لاویش محەمەد ئەلناسریش ڕێکەوتبووم کە وێنەی مۆزارتو چل بلیمەتی دیکەی مۆزیك بۆ کتێبەکە بکێشێت... ئەویش وێنەی هەموویانی کێشابوو. وێنەکانیش هەمان چارەنووسی کتێبەکەیان پێ بڕا!!

لەو کتێبەدا باسی شەوێکم گێڕابۆوە کە مۆزارتی لێنەبوو، بەڵام ئامادەیی ئەو لە ئامادەیی ئێمە بەهێزتر بوو.. شەوی پێش نمایشکردنی ئۆپێرای (شمشاڵی سیحری) لەسەر شانۆی ئۆپێرای میسری دێرین. لەگەڵ ئەندامانی تیپە ئیتالییەکە لە ئوتێل میناهاوس دانیشتبووین.. پاشان ئەمانە بەرەو هەرەمی ئەبول هۆل، پێشمان کەوتن: عەبدول ڕەحمان سیدقی شاعیر (بەڕێوەبەری ئۆپێرا)، سەلاح زیهنی ئەدیب (سکرتێری ئۆپێرا)، شوکری راغیبی هونەرمەندشیان لەگەڵدا بوو. لە سەرمانەوە مانگەشەوو لە ژێر پێمانا (لم)ی زیوین.. شەوێکی هێمن بوو.. هەموو شت بێدەنگ وەك ڕێزگرتنێك بێت بۆ پاڵەوانانی (شمشاڵی سیحری)، شکۆمەندیەکیش

بێت بۆ مۆزارت.. چی کرا، کراو چی ووترا، ووترا. کچە ئەکتەری تیپ بێ مۆزیك تێی چریکاند.. دەنگ لە قوڕگی ئەوداو مۆزیکیش لە گوێی ئێمەدا بوو.. مۆزارت لە هەموو شوێنێکدا بوو.. هەموومان شادو مەست بووین.. چۆن ڕۆیشتین؟ نازانم.. کەی گەڕاینەوە؟ نازانم.. شەوێك بوو، درێژترینو جوانترین شەوانی ژیانم..

کاتێك عەبدولوەهاب زانی هەوڵمان داوە بانگی بکەین و دەستمان نەکەوتووە، سەرزەنشتی کردینو پۆزشی کەسی وەرنەگرت.. یەکێك وتی: جا عەبدولوەهاب چۆن دەتوانێت بە ناو لمدا بڕوات.. چۆن بەرگەی هەوای سارد دەگرێت..

بەڵام عەبدولوەهاب زۆری پێناخۆش بوو، زۆریش دڵگران بوو..

ئوم کەلسومیش هەروا بوو..

فەرید ئەترشیش پەشیمانی دەربڕی..

نامەیەکی سارتەری فەیلەسوفی بونگەراییمان پێگەیشت کە ئیرەیی بەو شەوەمان دەبات، وەك خۆی دەڵێت زۆر پێویستی بە شەوێکی وەها بووە..

ئەوانە هەمووی ڕۆیشتن.. نەمان.. لاپەڕەکانیشی بوون بە پەڕی سپی باڵی باڵندەیەکی ئەفسانەیی کە بۆ دوور فڕیوەو ناگەڕێتەوە!

کەس نەبوو لە مۆزارتی منالی پەرچوو بەناوبانگتر.. کەسیش نەبوو وەك ئەو نەناسراو بێت.. بە درێژایی تەمەنی هەر نەخۆش بووە.. ڕەنگ زەردو لاوازو ناشرین.. کورتە بالا (١٥٢ سانتیمەتر) چاوکز.. لەو ژیانە کورتەیەدا زۆر نەخۆشی ڕوویان تێکرد بوو.. پزیشکەکان لە دەستنیشانکردنیاندا ناتەبان.. لە ژیانیدا سێ جار بە سەختی نەخۆش کەوتووە.. پێستی هەوی کردووەو تلۆقی لێهاتووە، ناچار بووە چەند مانگێك لەسەر یەك خۆی نەشوات.



تووشی نەخۆشی سوورەتا بووە..

نەخۆشی باداری (ڕۆماتیزم) ی هەبووە..

بە هۆی نەخۆشی گورچیلەکانیەوە، دەستو ڕوومەتەکانی هەڵئاوسابوون.. دەشڵێن بە هۆی لە کارکەوتنی گورچیلەکانیەوە مردووە..

یان بەهۆی پاڵەپەستۆی بەرزی خوێنەوە مێشکی تەقیوە.. دەشڵێن بە هۆی وەستانی دڵی مردووە.. بێهۆش کەوتووەو قسەی بزرکاندووەو پاشانیش مردووە..

جمگەکانی ئاوسابوون.. ئەگەر هەڵبستایە نەیدەتوانی دانیشێتەوە.. داشبنیشتایە نەیدەتوانی هەڵسێتو بوەستێت..

سەری زلو لووتی درێژکۆلە بووە..

گوێچکەی چەپی لە هی ڕاستیپانتر بوو، بۆیە باڕۆکەی لەسەر کردووە .. ئەم شێواوییەی لە باوکیەوە پێگەیشتووەو ئەویش کوڕەکەی خۆی بەجێ هێشت. هەندێ لە مێژوونوسان دەڵێن کە گوێی چەپی نێڤرتیتیش جۆرە شێواویەکی سروشتی تیا بووە.

پتر لە دوو سەد ساڵە کە پزیشکەکان دەستەوەستانن بەرامبەری دۆزینەوەی هۆی مردنی مۆزارت .. ڕێژەیەکی زۆر زەرنیخیان لە هەناویا دۆزیوەتەوە، ڕێك وەك ئەوەی لە قژی ناپلیۆنیشدا هەبوو.. واتە هەردووکیان دەرمان خوارد کراون.. پزیشکە ئینگلیزیەکە ژەهری دەرخواردی ناپلیۆن داوە، سالییری مۆزیکزانی ئیتاڵییش دەرخواردی مۆزارتی داوە.. ناپلیۆن سیازدە ساڵ دوای مۆزارت لە دایك بووە..

هەموو شتێکی ژیانی مۆزارت خێراو بە پەلە بوو.. بۆیە زۆر لە مردن دەترسا.. لە دەستی هەڵدەهات. وا دیارە مردن بۆی نەگیراوە،

بۆیە یەکی خستو لە ناو جێگادا خستی و.. لە ناوی برد.. وەلێ تەمەنی هونەر لە تەمەنی هونەرمەند درێژترە.. مۆزارت مرد.. بەڵام مۆزیکەکەی نامرێت.. کاتی مۆزارت بێجگە لە مۆزیك جێگای هیچ شتێکی تری تیا نەبۆتەوە.. فێری خوێندەواری نەبوو.. منالێکی ووشكو رەق بوو.. هەڵسو کەوتی لەگەڵ خەڵکیدا جوان نەبوو.. هەرچی چی بە بیریدا بهاتایە، دەری دەبڕی.. وەك چۆن هەرچی بۆ بهاتایە لە ئاوازی دەگمەن و پڕمانا، یەکسەر لەسەر کاغەز تۆماری دەکرد.. نامەکانی مۆزارت پڕن لە وتەی ناشیرین کە ناشێت کوڕ ئاوا بە باوکیو دایکیو خوشکیو ژنەکەی، یان کچەکەی ئامۆزای کە زۆر زۆر خۆشی دەویست، بڵێت..

بۆیە لە فلیمی (ئەمادیۆس)ی جوانو بەرزدا، دەبینین دەرهێنەر یەکێکی کورتە باڵاو ناشیرینو قسە رەق و رەفتار دزێو بۆ دەوری مۆزارت، هەڵدەبژێرێت..

لە فیلمەکەدا دەبینین کە چۆن سالییری مۆزیکزانی ئیتاڵیو دوژمنی سەر سەختیو یەکەم داخ لە دڵ سەیری وێنەکەی مەسیح دەکات لەسەر خاچەکەو دەڵێت: باشە تۆ چۆن شکۆمەندی خۆتت دا بەم بێ بایەخە شێواوە.. چۆن جوانترین شتت دا بەم قەرەقۆزە، ئەوەی بە هیچ ئینسانێکی ترت نەداوە.. من خۆشم دەوێیتو نوێژت بۆ دەکەمو رێزت لێدەگرم کەچی شتێکم لەوانە نادەیتێ کە داوتە بەو مرۆڤە ناشیرینو شێواو و بێ زەوقو بی ئەدەبە؟!

ئینجا خاچەکە بە وێنەکەی مەسیحەوە فڕێ دەداتە ناو ئاگرەکەوە!

کە مۆزارت بۆ دانانی مۆزیك دادەنیشت، بێپەروا مۆزیکی لێ هەڵدەقولا.. یەك ووشەی نەدەکوژانەوە. جاری وا هەبوو بە شەوێك کارێکی مەزنی نوسیوە..



نەی دەزانی نووستن چییە.. ئەگەر ئازارو کۆکەو خوێن بەربوونی نەبوایە ئەوا دوو یان سێ سەعات دەنووست.. کە مردیش لاشەکەیان برد بۆ کەنیسە بۆ لای ئەوانەی کە لەو شەوە باوو بۆراناویانەدا مردوون.. دواتر گالیسکەی مردووان هات و بردنی بۆ گۆڕستانی هەژاران.. ئەوانەی کەس نازانێت کێن..

کەس بە دوای تەرمەکەیەوە نەبوو.. گەرچی بلیمەتی سەردەمی خۆیو هەموو سەردەمەکانیش بوو..

تەنانەت ژنەکەشی بەدوای تەرمەکەیەوە نەبوو..

دەڵێن پێشتر دەمەقاڵێیەکی زۆریان بووە..

دەشڵێن ژنەکەی نەخۆش بووەو تای لێ هاتووە..

وە دەشڵێن ژنەکەی قاچێکی جەمام بووە.. بەڵام وەکو دەڵێن، زانایانی کەشناسی سەلماندویانە کە رۆژی مردنی مۆزارت، هیچ باوو بۆرانێك نەبووە.. وێنەکانی مۆزارت بە پەڕەمووچی خەڵکانی نەناسراو کێشراون.. ئێمە نایان ناسین، چونکە ئەوان پۆرترێتی بچووکیان بۆ مۆزارت کێشاوەو لە پۆرترێتەکانیشدا، منداڵکار پیشانیان داوە.. تەنانەت دەمامکەکانی مردن لە هەموو وێنەکاندا وەك یەك نین.. سیمای مۆزارت پێش مردنی بە تەواوی روون نیە.. رۆژی مردنی مۆزارت، کۆنستانسی هاوسەری، لە تۆماری مردووواندا.. دەنوسێت: چیت پێ بڵێم.. چی لە بارەتەوە بڵێم.. نە رەوانبێژیی تۆم هەیە، نەخێرایی بیرکردنەوەکەت.. نە توانای بەرزی تۆم هەیە لە ئاخاوتندا.. هاوسەری خۆشەویستم، ئەمرۆ من لە هەموو کەس دڵگرانترم بۆت.. لە بیرت ناکەمو هەموو ئەوروپاش لەبیرت ناکەن.. ئێستا تۆ ئارامیت.. لە هێمنیەکی هەمیشەییدایت..

کات ژمێری یەکی بەیانی ڕێکەوتی پێنجی دیسەمبەری ئەمساڵ، ئازیزی بە نرخم لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا کۆچی کرد.. بەداخەوە زوو جێی هێشتم.. ئای دونیای بێوەفاو دڵرەق... هەشت ساڵ هاوسەر بووین، جوانترین و ناسکترین پەیوەندی تۆکمەو بەردەوام پێکەوەی بەستبووینەوە... ئای خوایە، بڵێی منیش بتوانم بگەمە لای، تا هەمیشە پێکەوە بمێنینەوە..

هاوسەری کۆست کەوتووت: کۆنستانسە مۆزارت.

ناوی ئەم کتێبەش کە ناوی شمشاڵی ئەفسوناوی یان خەمبارە، وەڵێ یەك تاکە شمشاڵ نیە، بەڵکو هەزاران هەزار شمشاڵە: شۆخی، مەزنی، شکۆمەندی، جوانی، بڵندی...

با پێنوسی منیش شمشاڵی خەم بێت، بۆ ئەو ٤٥٠ لاپەڕەیەی کە: روخساری، لەرەی دەنگی، هاوارو ناڵینی، هەناسەی ساردی ئەوی تێدا تۆمار کرابوو... هیوادارم لە یادی دووسەد ساڵەی کۆچکردنیدا، چەپکە گوڵێك بێت لەسەر گۆڕەکەی... ئەوەی بوو، بوو.

ئەم چەند لاپەڕەیەش پاشماوەیە.. پاشماوەی منیشە!

قاهیرە یەنایر ١٩٩٩

ئەنیس مونسور

مۆزارت: لەیادی دوو سەد ساڵەیدا



## شمشاڵی سیحری

نازانم چەند جار شاری سالزبۆرگم بینیوەو چەند جاریش چووم بۆ ماڵەکەی مۆزارتی بلیمەتی مۆزیك.. ماڵەکەی سەرنج ڕاکێش نیە، بەڵام هەموو شتێکی ئەم شارە جوانە نەمساویە، پیشانت دەدەن کە ئەمە شاری مۆزارتە.. ناوی بەسەر هەموو شتێکەوەیە: جکلێتو یاری مناڵانەو وێنە و تابلۆ هەڵواسراوەکانی سەر دیوارەکان.. بچیتە هەر دوکانێك مۆزیکی مۆزارت دەبیستی.. بۆ نموونە دەچیتە سەر تاشخانە، کچێك دێتو بە هێواشی سەرت بە ڕاستو چەپدا وەردەگیرێت، چەکی پێ نیە.. مەترسە.. لە ئاوێنەکەوە سەیری بکە دەبینیت دەمی بە پێکنینە، وەك بیەوێت دڵنیا بێت لەوەی حەزت لە مۆزیکە، لە ماوەی کارەکەیدا، بە مۆزیکی مۆزارت مەستت دەکات..

کە دڵنیا بوو لەوەی تۆ حەزت لێیە، مۆزیکی مۆزارتت بۆ دەخاتە سەر.. ئەگەر ناو بەناو سەیری کچەکە بکەیت جوڵەیەکی سووك دەبینیت لە قورگو لێوەکانی و سەریدا.. لەگەڵ مۆزیکەکەدا دەڕوات چونکە بە هەزاران جار گوێی لێبووە.. مۆزارت مەزنترین مناڵە کە خودا دروستی کردبێت..

مۆزارت ئەو مناڵەیە کە بە گەورەیی لە دایك بوو..ئەو پیاوەیە کە بە بلیمەتی هاتە دونیاوەو بەر لەوەی بتوانێت رستەیەکی زمانی ئەڵمانی پێکەوە بنێت، مۆزیکی داناوە.. پێش ئەوەی باوکی فێری نووسینی ناوی خۆی بکات، ئەو نۆتەی نوسیوەتەوە، ئەمەش یەکێکە لە پەرجووەکانی داهێنان..

لە ئاهەنگە مۆزیکیەکاندا، میرو شاو کاردینالەکانو چینە دەوڵەمەندەکان بەوپەڕی خۆڕێکخستنو خۆ قۆزکردنەوە ئامادە دەبوون.. هەموو سەیری ئەملاو ئەولایان دەکرد.. کەس نەی دەزانی ئەم منالە پەرجووە -حەوت ساڵەیە- چۆن خۆی دەکات بە ژووورداو سەرکردایەتی تیپی ئۆرکسترا دەکات، تا ئەو مۆزیکە ناسکەیان بۆ بژەنێت کە خۆی دایناوە.. لەپڕ خەڵکەکە ئاوڕدەدەنەوەو پێدەکەنن.. ئەوە باوکە گرژ و مۆنەکەی هات.. درێژێکی ناوشان پان گەردن بەرز، دەستی مەزنترین کەسی سەردەمی خۆی مێژووی مۆزیکیشی گرتووە.. منالێکی بچوك.. جلی پیاوانەی پۆشیوەو قژی دەستکردی لەسەر ناوە.. جارجارە دادەنەوێتەوە بۆ سەر زەوییەکەو نوقڵ و کاغەزی رەنگاو رەنگ کۆدەکاتەوە.. ئەم منالە نەیدەزانی خوا بەهرەیەکی ئێجگار مەزنی پێبەخشیوە.. خۆی ئەمەی نەدەزانی.. خەڵکەکەش لەوە سەرسام بوون کە چۆن یەزدان ئەو بەهرە جوانەی داوە بەم منالە سادەیە.. کە چاوی لە کاغەزی سەر ئەرزەکەیە..ئاگای لە فوارەی داهێنانی نێوان پەنجەکانی خۆی نەبوو.. پاشان باوکی بەرزی دەکاتەوەو لەسەر کورسیەك دایدەنێت.. هەموو سەرنجی منالەکە دەدەن.. رووخساری دەگۆڕێت، سیمای توند دەبێت.. داری مایسترۆ دەگرێتە دەستو بە ڕاستو چەپدا بۆ مۆزیکژەنەکانی رادەوەشێنێ.. داوای تاقیکردنەوەی ئامێرە مۆزیکیەکانی لێدەکات، تا ئەمیش گوێ بیستیان بێت.. ئەمجا داوا لەمیان دەکات (ژێ)ی ئامێرەکەی توند بکاتەوە ئەوی تریشیان تۆزێك بێتە پێشەوە.. ئینجا ئەفسون دەڕژا.. کەس مۆزیکی وای نەبیستووە.. ئاوازی ئاوا و ڕستەی هێندە بەجۆش، ناسکی و بە تامیی وەها نەبیستراوە.. پاشان داوای دووبارەو سێبارەو چەندبارە کردنەوەیان لە تیپەکە



دەکرد.. منالەکەش بۆ سوپاس کردنیان دەچەمایەوە.. لە لایەکەوە پێکەنینیان بەم منالە بچکۆلە پێگەیشتووە دەهات.. لە لایەکی تریشەوە سەریان لەوەی دەیانبینیو دەیانبیست سوڕما بوو.. هەستیشیان بە شانازیو شکۆمەندی دەکرد کە رۆڵەیەکی نەمسا لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ئەوەندە بلیمەت بێت.

دیارە ئەوەش خواستو حیکمەتو گەورەیی یەزدانە..

زۆر جار لەناو ئامادەبواندا منالێکی (١٤ ساڵە)ی تریش هەبوو لەسەر کورسیەکەوە چەپڵەی لێدەداو هاواری دەکرد: ئەی بلیمەت.. زۆر جوانە!

ئەم منالە بلیمەتەش گۆتەی میری ئایندەی شاعیرانی ئەڵمانی بوو!

پاشان پەیوەندیی نێوان ئەم منالەو ئەو خانوەی تێیدا بوو چیە.. خانوەکە زۆر ئاساییە.. دەرگایەکی تەسکی هەیە.. پەیژەیەکی درێژ بۆ نهۆمی دووەم.. ژوورەکان بچووکن.. چەرپایەکی بچوك لە باری درێژی ژوورەکەی کردووە بە دوو بەشەوە.. نیوەی مۆزارتی تیا دەنوست، نیوەکەی تری خوشکە بەهرەمەندە پیانۆژەنەکەی تیا دەنووست.. کە نۆ ساڵ لەم گەورەتر بوو.. هاوڕێی هەموو گەشتەکانی ئەوروپای بوو.. خوشکەکەشی مۆزیکژەنێکی سەرسامکەر بوو، وەك چۆن مۆزارت لە دانانی مۆزیكو سەرکردایەتیکردنی ئۆرکێستراو مۆزیکژەنینیشدا مایەی سەرسامیی بوو.. خەڵکەکە ئاخی بەخیلیان بۆ ئەو باوکە هەڵدەکێشا کە مامۆستای مۆزیکەو خوا پەرجوویەك و نیوی داوەتێ. کوڕەکە پەرجوەکەیەو خوشکەکەشی نیوەکەیە، بەڵام بێئاگا بوون لەوەی ئەو باوکە مندالەکانی خۆی بۆ تێر ناکرێت..

چەپڵەی زۆر و دیاری بێ بایەخ و پارەیەکی کەمیان وەردەگرت..

مۆزارتیش بە ئەدەبەوە دەچەمایەوە بۆ سوپاس کردنی ئامادەبوان بۆ ئەو پاکەتە زەردانەی دوای ئاهەنگەکە پێیان دەبەخشی.. پاکەتی بۆن بوون بەڵام باوکەکە غەمباری ئەوە بوو کە نەیدەتوانی خەرجی منداڵەکانی دابین بکات بۆ گەڕانیان بە ناو کۆشکی پاشایان و میرەکان و دەوڵەمەندەکاندا..

بە سەردانی پایتەختەکانی ئەوروپا..

شەوێکیان مۆزیکزانی بچکۆڵە لە باوکی پرسی: ئەم هەموو رێزە مانای چیە؟

باوکی وەڵامی دایەوە: یانی تۆ گەورەترین مۆزیکزانی ئەم دنیایەی..

بەڵام ئێمە باشترین خواردنمان نیە لەم دنیایەدا..

کوڕم، ئەوەشت دەبێت..

بابە، کەی؟

کاتێك گەورە بوویت.

بەڵام من زوو گەورە بووم، ماوەی زۆریشم بۆ ژیان نەماوە.. ئەوەی من لەم تەمەنەدا دەیکەم، خەڵکی تر لە چل و پەنجا ساڵیدا دەیکەن.. بەم حەوت ساڵییەمەوە لە پەنجا ساڵان دەچم.

کوڕم ساڵانێکی زۆرت لەبەردەمدایە بۆ داهێنان.. ئێستا دەتوانیت بنوویت! یانی دەتوانێت بنوێت بێ ئەوەی خواردنێکی دەستکەوتبێت بیخوات!

لە یەکێك لە ئاهەنگەکانی کۆشکی شاهانەدا، مۆزارت لەسەر تەختە لووسەکان هەڵخلیسکا.. خێرا کچێکی بچکۆڵە هەڵیساندەوە، ئەویش روومەتی ماچ کرد و ووتی: کە گەورە بووم دەتخوازم!



ئەو کچە شازادەیە (ماری ئەنتوانیت) بوو، قەدەر چارەنووسێکی تری بۆ دانابوو:

شوو بکات بە لویسی شازدەهەم و دوایش شۆڕشی فەرەنسا هەردووکیان لە سێدارە بدات.

خەڵکەکە بە رادەیەکی وا ئاسان مۆزیکەکانیان لەبەردەکرد، وەك بڵێی پێشتر زانیویانە یان ژەنیویانە، هەر بەو رادەیەش بیریان چووبوو خواردن و جل و بەرگی بۆ دابین بکەن، یارمەتی بدەن لە گەڕانەکانیدا لە نێوان پایتەختەکاندا بۆ ژەنینی داهێنانە مۆزیکیەکانی.

پاپای ڤاتیکان بانگی کرد تا بەهرە مەزنەکەی تاقی بکاتەوە.. هەندێك دەیانوت مۆزارت جنۆکەی هەیە.. ئەگەر دەرگای لەسەر دابخرێت، جنۆکەکە دەردەکەوێت و.. مۆزیککەی بۆ دەهێنێت.. پاپا دەرگای لەسەر داخست و داوای لێکرد شتێکی نوێ دابنێت.. کاتێك مۆزارت خەریکی نوسین بوو، جارجارە لەپڕ قەشەکان دەرگاکان دەکردەوە خۆیان دەکرد بە ژووردا بۆ ئەوەی جنۆکەکە ببینن.. منداڵەکەش زەندەقی دەچوو.. پاپا و پیاوەکانی بەوەش بڕوایان نەهێنا ئەم منداڵە خۆی دانەری ئەو مۆزیکانە بێت، پێیان وابوو باوکی بۆی دەنوسێتەوە.. هەر بۆیە پێشنیاری بابەتی تازەیان بۆ کرد تا مۆزیکی بۆ دابنێ.. هەروەها قەشەیەکیش لەژێر ئەو مێزەدا خۆی شاردەوە کە مۆزارت لەسەری دەینوسی، بۆ ئەوەی بە نهێنی ئاگاداری هەوو شتێك بێت.

منداڵەکە بە هێمنی لەسەر کورسیەکە دادەنیشت.. دەکەوتە بزواندنی پەنجەکانی بە لێواری کورسیەکەدا، یاخود دەیهێنان

بەسەر لێوەکانیدا.. پاشان هەڵدەساو دەکەوتە هاتوچۆکردن بە نێو ژوورەکەدا.. دادەنیشتەوە هەموو نۆتەکەی دەنووسی

پاپا هەر قایل نەبوو.. بۆیە داوای لێکرد گوێ لە نوێژی مۆزیکی بگرێت.. یەك کات ژمێری تەواوی خایاند.. مۆزارت داوای کرد بە تەنیا جێی بهێڵن، ئینجا هەموو نۆتەکەی لەبەر نوسیەوە.. دوایی خۆشی سەری لەوە سوڕما کە چۆن یەك هەڵەی نەکردووە.. پاپا نۆتەی ئەو نوێژەی شارد بووەوە تا کەس نەتوانێت بەدزیەوە بۆی بەرێت. ئەمجا هەمووان بۆیان دەرکەوت کە لەبەردەمی پەرجوی پەرجوەکانی ئەو سەردەمەدان.

لە نێوان تەمەنی دە ساڵی و بیست ساڵی تەمەنیدا، پێی نایە سەختترین قۆناغی داهێنانی مۆزیکەوە.. دانانی سیمفۆنی ئاڵۆز.. پێویستە مێژوونووسان داهێنانەکانی ئەم قۆناغەی مۆزارت لەگەڵ بلیمەتە مۆزیکیەکانی سەردەمی خۆیو پیشتر و دواتریشدا بەراورد بکەن.. تا ئەمڕۆ.. مۆزارت بە هەموو لێوەشاییەکەوە چۆتە ئەم قۆناغەوە.. داهێنانی نوێو جوانو ناسکی بەهێزو ئەفسوناوی کردووە.. هەموو بەراوردکاریەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە مۆزارت مەزنترین کەسە..مامۆستای مامۆستاکانی هەموو سەردەمەکانە!

مۆزارت وەك ئەستێرەی کشاو وابوو کە تا زەوی نزیکتر دەبووەوە زیاتر شەوقی دەدایەوە دەبریسکایەوە، بەرلەوەی بەر زەوی بکەوێت کوژایەوە.. لافاوی مۆزیك لەپەنجەکانیەوە هەڵدەقولا.. هەموو جیهان پێشبڕکێیان بوو تا ئەستێرە گەشەکە، تاکە بلیمەتەکەی هەموو ئەوروپا ببینن..

(یوسف)ی ئیمپراتۆر لەسەر وەزیفەیەکی بێ بایەخ دایمەزراندبوو.. بۆ ئەوەی نەتوانێت نەمسا جێبهێڵێتو بچێت بۆ وڵاتێکی تر...



ئیمپراتۆر لە دڵەوە ئەم منداڵەی خۆشنەدەویست: چونکە بەخێرایی لەسەر تەختی نەمری نیشتۆتەوە.. کەس ناوی نەمسای نەدەهێنا.. کەسیش نەبوو ناوی ئیمپراتۆر بهێنێت.. نە نەمساو نە ئیمپراتۆر هیچ چاکەیەکیان نەبوو بەسەر ئەم منداڵە پەرجووەوە.

کەسانێك لە دەوری ئیمپراتۆر هەبوون رقیان لەم منداڵە بوو.. رێگەیان نەدەدا کە مۆزیکی ئەو لە ئۆپێراکاندا بژەنرێت.. رێگەیان نەدەدا دەربکەوێت.. مۆزیکیشیان لێ دەدزیو هەوڵیان دەدا پێش ئەوەی مۆزارت بگاتە سەر تەختی شانۆ، خۆیان بیژەنن، بۆ ئەوەی خەڵك وابزانن مۆزارت دزە.. لەو سەردەمەشدا یاسایەك نەبوو بۆ پاراستنی موڵکایەتی ئەدەبیو هونەری.. بۆیە منداڵەکەیان تاڵان دەکرد! ئەویش نە خۆی بەرگری بۆ دەکرا، نە باوکیشی دەیتوانی بیپارێزێت.. ئیمپراتۆریش نەك هەر بەرگری لێ نەدەکرد بەڵکو دەیەویست شکۆمەندی بلیمەتیەکەی تێك بشکێنێت.. دەبوو مۆزارت لەگەڵ خزمەتکارەکانیدا دابنیشتایەو لە گەڵ ئەواندا بخوات و بنوێت.. هاوسەری ئیمپراتۆریش نیازێکی خراپی بەم منداڵە هبوو: وای فێر بکەن کە بڵێت من لاوازو بێ دەسەڵاتم .. بۆ خەڵکی دەربخات کە ئەگەر بەزەییو چاودێری ئیمپراتۆر نەبوایە .. ئەم بلیمەتیەی نەدەبوو.. نە منداڵەکەو نە باوکی بەوە قایل نەبوون... بۆیە بڕیاریاندا هەڵبێنو بە پێ بڕۆن بۆ ڤییەننا.. بەڵکو لەوێ شوێنێکی باشترو بژێویەکی باشتر بە دەست بهێنن بۆ ئەم خێزانە بچووکە پەیدا بکەن!

مووچەی مانگانەی مۆزارت لە کۆشکی ئیمپراتۆردا تەنها پێنج (جونەی) بوو.

کە مۆزارت تەمەنی گەیشتە بیستو شەش ساڵی، بە دزیەوەو بەپێچەوانەی خواستی باوکیەوە ژنی هێنا، دیارە بۆ ئەمەش پارەی دەوێت. دەستگیرانەکەی ناوی (ڤۆلڤانگ ئەمادیۆس مۆزارت) بوو.. یەکێك بوو لە چوار کچی شۆخ و جوانی ئەو سەردەمە. ناوی کۆنستانسە بوو. مۆزارت لە رووی نازەوە بە (ئیستانس) بانگی دەکرد.. ئەویش ئەمی بە (ڤۆلڤی) بانگ دەکرد.. ئەم ئافرەتە دوای مردنی مۆزارت ٥٦ ساڵی تریش ژیا!

لە راستیدا، ئەم ئەو کچە نەبوو کە مۆزارت دڵی پێیەوە بوو.. ئەودەیویست خوشکە گەورەکەی بخوازێت.. گۆرانی بێژی ئۆپێرا بوو.. ئالودەی دەنگەکەی ببوو.. ئەویش حەزی لە مۆزیکی ئەم دەکرد.. بەڵام ئەفسوس ئەو زۆر منداڵ بوو.. مۆزارت سەفەری لەندەنی لە پێش بوو، بەڵێنی پێدا کە گەڕایەوە بیخوازێت. بەڵام کە لەو گەشتە بەدبەختە گەڕایەوە، بینیی کچەکە بیری گۆڕیوە، بۆچی؟

کچە دەڵێت: چونکە بێ کار بوو.. ئایندەی مسۆگەر نەبوو

مۆزارت لە لەندەن چاوی کەوتبوو بە (هایدن)ی مۆزیکزانی ئەڵمانی، بە بینینی دڵگران بوو چونکە نەخۆش بوو. ئەو کاتە مۆزارت وتبووی: بۆیە ویستم چاوم پێی بکەوێت چونکە دواجار دەبێتو بەم نزیکانە دەمرێت.

لە ڕاستیشا دواجار بوو.. بەڵام ئەوەی مرد مۆزارتی ٣٥ ساڵە بوو نەك هایدن.. کە لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا مرد.

مۆزارت و ئەستانستی حەوت منداڵیان بوو .. بەڵام پێنجیان مردن.

ژیانی هاوسەریان پڕ بوو لە کێشەی دەروونی و ئابوری.. کە لەوانە بوو ئەو کێشانە رێگر بوونایە لەبەردەم هەڵقوڵینی بلیمەتی.. یان رێگری نووسینو بیرکردنەوە بێت.. بەڵام مۆزارت دوو کەس بوو:



یەکێکیان لە ناوەوە بوو، شتی دەورو بەر کاری تێنەدەکرد.. مۆزارتی ناوەوە لەوپەڕی تەندروستیو لەش ساغیدا بوو.. تین وتاوی لە یەزدانەوە بۆ دەهات، مۆزارتەکەی دەرەوەش هێزی لەشی لە خەڵكو بارودۆخەکەوە وەردەگرت. جارێکیان لەبەر نەخۆشی نەیدەتوانی بجوڵێتەوە.. داوای لە پێنج هاوڕێی کرد، لە دەوری کۆببنەوە و هەر یەکەیان پارچەیەك مۆزیکی جیاوازی پێ نوسییەوە.. کە ئەمان هیلاك دەبوون ئەمجا ژنەکەی دەهاتو مۆزارت چی پێ بووتیاتەوە دەینوسی..

شەوێکی ساردی زستان.. دراوسێکان مۆزارتو ژنەکەیان بینی لە نێو بەفر و بەستەڵەکدا سەما دەکەنو هاوار دەکەن.. ئەوان لەسەر هاتوهاواری "منالانەی بلیمەتەکە راهاتبوون.. بەلام ئەمجارەیان هاوارێکی منالانە نەبوو.. بەڵکو کێشەو قوڕبەسەری بوو.. تەختەو دارو سووتەمەنی لە ماڵیاندا نەبوو.. ناچار خۆیو ژنەکەی هاتبوونە خوارەوە سەمایان دەکرد تا تۆزێك گەرمیان بێتەوە.. دراوسێکان بەزەییان پێیاندا هاتەوەو خەڵوزو تەختەو نەوتیان بۆ ناردن.

خەڵکی رووخۆشی ئەم مۆزیکزانە لاوە سەریان سوڕ مابوو.. نوکتەباز.. زۆربەی نوکتەکانیشی بێ شەرمانە بوو.. هاوڕێکانی لەگەڵ خۆیاندا دەیان برد بۆ خواردنەوە بۆمەیخانەکان.. ئەم دەیخواردەوەو پیانۆی بۆ دەژەندن .. ئەوانیش سەمایان دەکرد.. هەر لەوێدا مۆزیکی بۆ دەهات و شیعری گونجاویشی بۆ دادەنا.. دانەرو گۆرانیبێژو سەماکەریش بوو.. ئەوانیش هەموو بەدوایدا دەیان ووتەوە.. کەچی بۆ خواردن لە بیریان دەکرد.. ئەویش دەیووت: رۆژ خواردن ناخوات خۆ ئەو رۆژ نیە.. نە خواردن نە خواردنەوە.. مۆم روناکی دەدات تا خۆی بمرێتو خەڵك بژی..

کەچی کەس سەگەکەی خۆی بیر ناچێت کە خواردنی بداتێ و دای بپۆشێت.. ها ها "پێکەنین".. من ئەو ڕۆژەم کە گەردوون رووناک دەکەمەوەو کەچی خواردنی سەگیشم پێنابڕێت.. هاها

لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا ئۆپێرای "شمشاڵی سیحری" دانا. بە ناسکترین و جوانترین کاری دادەنرێت.. بەڵام خۆی هێزی تیا نەبوو بچێت بۆ ئۆپێراکەو سەرۆکایەتی تیپی مۆزیك بکات.. تەنانەت نەیتوانی سەیریشی بکات یان گوێ بیستی بێت.. بەدەم نەخۆشیەوە.. لەناوجێگەکەیەوە سەیری کاتژمێرەکەی دەکردو دەیووت: ئا ئێستا پەردە هەڵدەدرێتەوە.. ئەوا خەڵکە بە بێ دەنگی جموجۆڵ دەکەن.. ئەوا شمشاڵە سیحریەکە لێدەدرێت.. شمشاڵی "نهێنی بوون".. وەك ئەو ڕۆشناییە وایە کە ئەو بوونەوەرانە دەدۆزێتەوە خۆیان لەناو سێبەرو تاریکی و تەمومژدا حەشارداوە.. سەرچاوەی بوونە.. وەك چۆن ڕۆژ سەرچاوەی رووناکی و گەرمیە.. مۆزیك مانا و ناخەکان دەبووژێنێتەوە.. بە بێ ئەو نە ژیان هەیەو نە بوون و.. نە نەمریش..

لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیدا کەوتە ژێر قەرزێکی زۆرەوە... خاوەن قەرزەکان پەلاماری ماڵەکەیان دەداو کورسی و مێزەکانیان دەفڕاند.. بلیمەتەکەشمان لەسەر نوێنەکەی درێژ ببوو هەر ئەوەی بۆ مابۆوە.. ویستیان فرێی بدەن و ئەویش ببەن.. لەو کاتەدا کەسێکی نەناسراو هات و ووتی من لە بری پارچە مۆزیکێك قەرزەکانی بۆ دەدەمەوە... پارچە مۆزیکێکی وای بۆ دانبنێت کە لە کاتی بەڕێ کردنی تەرمی پیاوێکی مەزندا بژەنرێت. ناوی مردووەکەشی پێ نەووت.. مۆزارت هاوڕێکانی بانگ کرد تا ئەو نۆتەکەی بۆ بنووسنەوە. ئیتر مۆزارت ئاوازەکانی خۆی دەفرۆشت بەو کەسە نەناسراوە کە راسپاردەی



مۆزیکزانێك بوو، بۆ ئەوەی دەست بگرێت بەسەر مۆزیکەکانی مۆزارتداو بیانکات بە هی خۆی!!

* * *

جوانترین کارە سەمفۆنیەکانی مۆزارتی بلیمەت، دوای مردنی خۆی دەرکەوتن.. مۆزیکی ناو ژوور.. ئاوازی یەك کەسی.. سەمفۆنی و گۆرانی و سەماکانیش.. ئەمانەی جێهێشت، بۆ ئەوەی ژنەکەی بەهۆیانەوە خۆش بژی، دوای ئەوەی بە کولەمەرگی لەگەڵ مۆزارتدا ژیانی بەسەر بردبوو.

نهێنیەکی ژیانی هاوسەرێتی ئەو دوانە هەیە کە مێژوونووسان نایزانن.. کە مۆزارت مرد ڕۆژەکەی باوو باران بوو.. تەنها پێنج کەس لە هاوڕێکانی دوای تەرمەکەی کەوتبوون.. هاوسەرەکەی لەگەڵیاندا نەبوو!

## منالە مەزنەکان

تیۆرییەك هەیە دەڵێت: ئەوەی لە منالیدا رووی نەدابێت، بێبایەخە.. جا خۆش یان ناخۆش بێت..

واتە ئەوەی لە منالیدا دەچێنرێت.. لە لاوی و گەورەییدا گەشە دەکات.. یانی ئەوەی لە منالیدا بەسەرمان دێت، کاریگەریەکەی دەمێنێتەوە.. ئازارەکانی مندالی وەك نەخشی سەربەرد وان، ئازارەکانی سەردەمی گەورەیی وەك نەخشی سەر ئاو وان.. بۆیە زانایانی دەرون داوا لە هەموو دەرون بە ئازارێك دەکەن لەسەر کورسییەکی تایبەتی پاڵ بداتەوە و خۆی بداتە دەست رووداوەکان و بگەڕێتەوە بۆ کاتەکانی مندالی.. خۆی بداتە دەست شتەکانی ناوەوەی.. هەموو بۆ پزیشکەکەی بگێڕێتەوە.

لەم گێڕانەوەیەدا پزیشکەکە لە ڕووداوەکان تێدەگات، دەشزانێت نەخۆشەکە چ هەوڵێکی داوە بۆ ڕزگار بوون لێیان.. یان شاردنەوەیان.. ئەو وشە ئازاردەرەی بە مناڵی بیستومانە، لە گەورە بوونماندا هەزارو یەکجار بە خەڵکانی تری دەڵێینەوە... گەرچی ئەوەی بە منداڵی جنێوی پێداوین ئەو کەسە نیە کە لە گەورەبوونماندا جنێومان پێداوەتەوە، بەڵام ئەوە حسابێکی کۆنەو دەبێت پاك بكرێتەوە.

مناڵان لە کاردانەوەیاندا بۆ ئازارەکانی مناڵی جیاوازن.. هەندێك لەو ئازارانە دەبن بە خاڵی گۆڕان.. یان دەبن بە هۆی بەرەنگار بوونەوەی قۆناغی مناڵی و بارودۆخ و چارەنوس.. هەندێ بەهرەش لە منداڵیدا دەردەکەون، هەندێکیان درێژە دەکێشن.. هەندێکیشیان زۆر ناخایەنن.. وەك ئەوەی ویستی خوا وابێت کە بەهرەداران مناڵ بن و هەر بە مناڵیش بمرن.. وەك چۆن چرایەك هەرچی وزەی تیا بوو بە خێرایی بە کاری هێناو زوو کوژایەوە.. هەندێ مناڵیش بەهرەکانیان درەنگ دەردەکەون.. لە ئاوی ژێر زەمین دەچن.. کە ماوەیەکی زۆر بە ژێر زەویدا دەڕوات و پاشان یەکجار هەڵدەقوڵێت.. کەی و چۆن بۆچی؟ کەس نازانیت.. (ئاینشتاین)ی بلیمەت بە منداڵی گێل بوو، نەی دەزانی قسە بکات، درەنگ فێری ئاخاوتن بوو، بەڵام کە گەورە بوو، ئەندێشەکەی هەموو گەردوونی گرتەوە، تیۆریی ڕێژەیی دۆزییەوە، کە هەرچی لە گەردووندا هەیە، لە هاوکێشەیەکدا دەیبەستێ بەیەکەوە، لە یەك دێڕ تێناپەڕێت!

ئێمە هیچ تۆمارێکی دیاریکراومان نییە دەربارەی سەردەمی مناڵی گەورەپیاوانمان.. نازانین مناڵییان چۆن بووە، مناڵی خۆی و هی دایك و باوکیشی.. یان چی بەسەر هاتووە، چی بووەتە هۆی گۆڕینی



ڕێرەوی بیرکردنەوە سیاسی یان ئەدەبییەکەی.. بەڵام خەڵکی ئەوروپاو ئەمریکا، هێشتا منداڵن و لە سکی دایکیانان کە تۆماریان بۆ ئامادە کراوە!

(١)

(والتەر سکۆت)ی ئەدیبی ئینگلیزی لە تەمەنی یەکساڵیدا قاچێکی تووشی ئیفلیجی مناڵ بوو، ئیتر کاتی خۆی خۆی بە دانیشتن یان نووستن لە ژێر درەختەکاندا بەسەر دەبرد، دەیوت: کە لەسەر زەوی رادەکشێم، دیمەنی ئاسمان زۆر جوانە.. بۆچی خەڵك گوێ نادەنە ئاسمان و هەمیشە هەر روویان لە زەویە!

(تۆلیستۆی) ئەدیبی رووسی تەمەنی یەك ساڵان بوو کە دایکی مرد.. لە تەمەنی دوو ساڵیشدا باوکی مرد.. خێزانەکەیان تێکچوو، کێ بێت ئەرکی بەخێوکردنی تۆلستۆی مەزن بگرێتە ئەستۆ.. خاڵی بەخێوی کرد، هەر لە مناڵیەوە هەتیویی چەشت. ئەویش خێزانە بچکۆڵەکەی خۆی کرد بە خێزانی هەموو مرۆڤایەتی.

پاڵەوانی جیهانی بۆکسێن(محەمەد عەلی کلای) شای شاهان، لە تەمەنی یەك ساڵیدا کێشاوێتی بە دەمی دایکیداو سێ دانی خستۆتە دەمیەوە. فاڵ گرەوەش پێشبینی کردووە کە دەبێت بە جەردەو ڕێگر.

(٢)

ئەفسانەکانی یۆنان دەڵێن: هەرقل تەمەنی دوو ساڵان بوو، بە یەك دەست دووماری گرت و کوشتنی..

(بودا)ی مەزن دەڵێت: بۆ یەکەمجار هەستی بە مەستی "باڵابوون" بەسەر هەموو شتێکدا کردووە..

(دلای لاما)ش کە ئاینزاکان لە تەمەنی دوو ساڵیدا هەڵیدەبژێرن و مەشقی پێ دەکەن لەسەر ژیانی قەشەیی و فێری دەکەن چۆن ببێتە نیمچە خوایەك، کە تەمەنیشی دەبێت بە بیست و دوو ساڵ، ون دەبێت و دەرناکەوێتەوە.. ئیتر دەیکوژن، دەی خنکێنن.. زیندە بەچاڵی دەکەن، ئەوە کەس نازانێت..

لە ساڵی ١٩٥٩دا لەسەر لوتکەی چیای هیمالایا چاوم کەوت بە دلای لاما و ئەوەم پێ ووت، زۆر تووڕە بوو.. ووتی: ئەوانە پڕوپاگەندەی دۆڕن.. بە دەستیشی ئاماژەی بۆ خۆی کرد کە ئەوەتا نەمردووە.. لە ڕاستیا نەمردووە، چونکە لە وڵاتەکەی رای کردووە.. ئەگەر یەك مانگ دوا بکەوتایە ئەوا زیندە بە چاڵ کرا بوو. هەر وەك چۆن پێش ئەو بە دەیانیان وا لێکردووە. هەر وەك چۆن بە منداڵی و بە نەناسراوی دەهێنرا ئاوهاش دەبوایە بە نەزانراوی لەناوبچوایە!

(٣)

(جۆن ستیوارت میل)ی فەیلەسوفی ئینگلیزی لە تەمەنی سێ ساڵیدا فێری لاتینی و یۆنانی بووە، لە حەوت ساڵیدا کەوتۆتە خوێندنەوەی فەلسەفەی یۆنانی.. باوکیشی فەیلەسوف بووە.. هەر ئەویش فێری خوێندنەوە و بیرکردنەوەی کردووە.

(بێراتراند راسێل) تەمەنی سێ ساڵان بوو کە دایکی مرد، پاشان باوکیشی مرد.. چوو بۆ لای باپیری و لە گەڵیا ژیا. (راسێل) دەڵێت: زەحمەتە هەتیو بیت و بەختەوەریش بیت.. هەتیوی پێویستی بە تیوریی تۆکمە هەیە کە وەکو قەڵای سەخت پشتیان پێوە بدات و لەوێوە سەیری دونیا بکات.

(٤)



(لۆیس)ی چواردەهەم تەمەنی چوار ساڵان بوو کە کرا بە پاشای فەرەنسا.. دوایی لە ترسی خۆپیشاندان لە پاریس گوێزایانەوە.

(ئیسحاق پەرلەمان) ی پیانۆژەنی جیهانی لە تەمەنی چوار ساڵیدا هەردوو قاچی لە دەست چوو، بەڵام بوو بە گەورەترین مۆزیکزان.

(پەرلەمان) ووتی: دووقاچ لە هەردوو دەستییەوە رووان.. من بە دەستیشم دەڕۆم!

(٥)

بلیمەتیی (ڤۆلڤانگ ئەمادیۆس مۆزارت) لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەرکەوت. مۆزارت نەچۆتە قوتابخانە. قوتابخانەکەی باوکی خۆی بوو. باوکی مۆزیکژەن بوو، دانەری چەند کتێبێکی ئەو سەردەمەش بوو لە بارەی مۆزیك و مۆزیکژەنییەوە. هەر لەم تەمەنە کەمەدا مۆزارت مۆزیکشی دادەنا و دەشیژەند.

مەزنترین مۆزکژەن و گەورەترین دانەری مۆزیك بوو. بلیمەتیەکەی بێ سەرەتا، یەکسەریی دەرکەوت.

خۆشی نەیدەزانی چی لێوە هەڵدەقوڵێت.. لە خواردن و خواردنەوەدا منداڵ بوو. لە شەقامەکانیشدا منداڵەندا دانەوەیەوە بۆ شتی سەر شەقامەکان و هەڵی دەگرتنەوە.. بەڵام کە لەسەر پیانۆ دادەنیشت تەواو رووخساری دەگۆڕا. ئەگەر بۆمباشی لەلاوە بتەقیایەتەوە هەستی پێنەکرد.. خوشکە گەورەکەی گازی لە شانی دەگرت، کەچی ئەو هەستی پێنەکرد.. ئەگەر دەنکە شقارتەی داگیرساو لە پێشچاویدا رابگیرایە، نە دەیبینی.. نە هەستی پێدەکرد.. باوکی دەیزانی کە ئەم ساتانە ساتی داهێنانەکانێتی، وەك پیاوێکی تەمەن شەست ساڵەیان حەفتا ساڵە وابوو.. یان وەك ئەوەی هەموو مێژووی مۆزیك لەم منداڵەدا کۆبووبێتەوە.

هەر لەم تەمەنەشدا بوو کە (چارلی چاپلن) لەگەڵ باوکیدا لەسەر شانۆ دەرکەوت، لە ساڵی ١٨٩٤دا.. پاشان دایکی مرد، چاپلن و زڕبرایەکی کە پێشتر دایکی چاپلن بەرەڵای کردبوو، رەوانەی خانەی هەتیوان.. ئەمەیە سەرەتای خەمباریی ئەو پیاوەی هەموو دنیای هێنایە پێکەنین. چاپلن پێشەوای (پێکەنینی رەشە).. یان ئەو پێکەنینەی دەتخاتە گریان یان ئەو گریانەی دەتخاتە پێکەنین.. چاپلن ئەو ئەکتەرەیە کە لەیەك کاتدا ئازاریشت دەداو دەشتخاتە پێکەنین –وەك ئەوەی بە چەقۆ ختۆکەت بدات.. یان ئەوەیە کە بەگازی فرمێسك رێژ ، دەتخاتە پێکەنین!

(٦)

فەیلەسوفی فەرەنسی (مۆنتانی) لە تەمەنی شەش ساڵیدا، لاتینی دەخوێندەوە...

مۆزارتی بلیمەت لە تەمەنی شەش ساڵیدا لەگەڵ خوشکەکەیدا (نانرل) کە نۆ ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، گەشتەکانی بۆ ئەوروپا دەست پێ کرد.. خوشکەکەشی مۆزیکژەنێکی کارامە و لێهاتوو بوو.

هەر لەم تەمەنەدا ئەدیبی ئێرلەندی (جەیمس جۆیس) چووە (دێر)ێکەوە. هەر لەم تەمەنەدا بوو، کە ئەکتەری منداڵ (شێرلی تەمبل) لە فلیمێکدا لە ساڵی ١٩٣٤دا دەرکەوت. خەڵاتی ئۆسکاریشی بەدەست هێنا! کچە پاڵەوانی جومباز نادیە کۆمانچی دەستی کرد بە مەشق کردن تا لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بوو بە گەورەترین کچە پاڵەوانی جیهان.

(٧)

لە ساڵی ١٨١٧دا، مۆزیکزانی پۆڵەندی (شۆپان) سەرەتای کارە جوانەکانی بە مۆزیکی (بۆلۆنێز) دەست پێکرد.. یەکەم ئاهەنگی



مۆزیکی سازدا.. دوای ئەوەش بە دە ساڵ لە وارشۆی پایتەخت، چووە پەیمانگای مۆزیك.

هەر لەم تەمەنەدا بوو کە (ئۆرسۆن وێلز)ی ئەکتەر شانۆنامەی (لیر پاشا)ی شکسپیری لەبەرکردو خۆشی دەورەکەی بینی.. دوایی لە ئاهەنگە گشتیەکانیشدا ئەو رۆڵەی دەبینی..

(٨)

(دیکارت)ی فەیلەسوفی فەرەنسی خرایە (دێر)ێکەوە.. وە لەوێدا بە تەنیایی کەوتە بیرکردنەوە لە گەردوون، بە ئاسانی و بە جوانی کەوتە تۆمارکردنی بیرە رووناکەکانی.

ئەدیبی رووسی (گۆرکی) لە قوتابخانە رای کردو نەگەڕایەوە.. لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا رۆمانی (کوڕەزا)ی دانا.

رۆژێکیان مۆزارت لە باوکی پرسی: بۆچی کچو کوڕ بەیەکەوە نانوون؟!

(٩)

جەنگیزخان نۆ ساڵان بوو باوکی دەرمان خوارد کراو مرد، لە ساڵی ١١٧١دا.. ئەم منداڵە بریاری دا تۆڵەی باوکی بسێنێتەوە. بۆیە کەوتە کۆکردنەوەی تیرۆرستو پیاوکوژەکانو مەشق پێکردنیان.. کە تەمەنی گەیشتە بیستو چوار ساڵ دەوڵەتی (مەگۆل)ی داگیرکرد.. لە تەمەنی پەنجا ساڵیشدا (چین)ی داگیرکرد!

(باخ) مۆزیکزانی مەزن لە ساڵی ١٦٩٥دا باوکی مرد، دوای ساڵێك دایکیشی مرد، (باخ) بە یەکێك لە گەورەزانایانی مۆزیك دادەنرێت، بەڵام بلیمەت نەبوو. بلیمەت مۆزارت بوو.

لەم تەمەنەدا مۆزارت لە لەندەن بوو، ساڵی ١٧٦٤. کاری مۆزیکی جوانی بۆ بڵاوکرایەوە، پێشکەشی (شارلۆت)ی شاژنی ئینگلتەرای

کرد. تەمەنی شاژن بیست ساڵ بوو، شاژنیش پەنجا جونەیهی دا بە باوکی مۆزارت! مۆزارت یەکەمین سەمفۆنی دانا.

(مەندلسۆن)ی مۆزیکزان ئاهەنگێکی گشتی سازدا.. ئەوەی یارمەتی دەرکەوتنی مەندلسۆنیدا ئەوە بوو کە لە خێزانێکی دەوڵەمەندی جولەکە بوو، پەیوەندی زۆریان هەبوو لەگەڵ دەوڵەمەندەکانی جیهاندا. بۆیە هیچ جۆرە کێشەیەکی نەبوو..

(مارلین مۆنرۆ) جوانترین جوانی ئافرەتانی جیهان خرایە هەتیوخانە و دایکیشیان بردە شێتخانە. مارلین مۆنرۆ دو ساڵ لە هەتیوخانەکەدا مایەوە تا ساڵی ١٩٣٥.. کەسیش نازانێت باوکی کێ بووە؟

هەر لەم تەمەنەدا، خێزانی گۆرانی بێژی گەورەی ئینگلیز (جۆلی ئەندرۆز) لە ساڵی١٩٤٤ دا، بۆیان دەرکەوت کچەکەیان دەنگێکی خۆشی هەیە.. لە کاتی بۆردمان کردنی لەندەندا گۆرانی دەووت.. بە ئاسانی گۆرانی سۆزداریی دەگۆڕی بۆ گۆرانی نیشتمانی، گۆرانی نیشتمانیش بۆ سۆزداری.

(١٠)

مۆزارت لە تەمەنی دە ساڵیدا لە شاری (لۆزان) بوو لەسویسرا، یەکێك لە رۆژنامەکان، دەبارەی هێزی مزیکییانەی مۆزارت، ئەم ووتارە کورتەی بڵاوکردەوە: (هەستیاریو ناسکی لەم منداڵەدا بە ڕادەیەکە کە هەموو دەنگێکی بەرز بێزاری دەکاتو چاوەکانی پڕ دەکات لە فرمێسك!

زوو کامڵبوون، مەترسی زوو پیر بوونی تێدا نیە. چونکە بلیمەتی ئەم منداڵە بە تەواویی لەخواردنو خواردنەوە و جەستە لاوازەکەی، جیاوازە.. نا! مەترسی تێدا نیە)



میری شاعیرانی ئەڵمان (گۆتە) لە بارەی مۆزارتی بچکۆلەکەوە ووتویەتی: ئەم مۆزیكو ئەم بەهرە مەزنەی ناوناخی ئەم منداڵە، پێویستی بەوە نیە ئەزمونێك بێت لە ژیانیدا.. بێ ئەوەی کەس دەستی تیا هەبێت، مۆزیکی لێوە هەڵدەقوڵێت.. کە دەڵێن بینینی فلان کەس شەش لەسەر شەشە، هی ئەوە نیە سەیری شتی زۆر کردووە! (دبیسی) مۆزیکزانی فەرەنسی چووە پەیمانگای مۆزیك لەپاریس.. مناڵێکی زۆر ترسنۆكو گۆشەگیر بوو. لە ژیانیدا ئارامیی بە خۆیەوە نەدیبوو. پاش مردنی دایکی، پووری گرتبوویە خۆی.

پووری پێی دەوت: تۆ وەك کوڕم وای.

ئەویش پێی دەوت: تۆش وەك دایکم وای.. ئەم ماڵەش وەك ماڵی خۆمە.. منیش وەك زیندوو وام!

دایکی چارلی چاپلن خرایە شێتخانەوە..

(لیفنگنۆن)ی داهێنەری ئینگلیز، لە یەکێك لە کارگەکانی رستنو چنیندا کاری دەکرد.. دوای ئەوە بە پەنجا ساڵ، ئینجا بوو بە داهێنەرێکی جیهانی!

(١١)

(بیتهۆڤن) ی هەڵکەوتووی جیهانی مۆزیك لە ساڵی ١٨٢٠ دا، لە کۆشکی شاهانەدا، پێ پارە ئۆرگی دەژەند.

باوکی فێری مۆزیکی کردبوو.. باوکی دەیویست وەکو باوکی مۆزارت وابێت. بیتهۆڤن بەهرەیەکی مۆزیکی زۆر مەزنی هەبوو، بەڵام پەرجوو نەبوو. باوکی هەمیشە سەرخۆشو مەست بوو.. مناڵی بیتهۆڤن چارەڕەشی بوو. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، دایکی مرد. پاش چەند مانگێك باوکیشی مرد.

(فرانس ليست)ى مۆزيكزان يەكەم ئاهەنگى لە ڤييەنا سازكرد.. لە كاتى سەركردايەتى كردنى ئۆركستراكەدا، پياوێكى پەنجا ساڵانە لێى نزيك بوەوە، چاوەڕێى كرد تا لەسەركردايەتيەكەى لێبوەوە، ئينجا باوەشى پێدا كردو ماچى كرد .. ئەو پياوە بيتهۆڤن بوو!

(مۆلێر)ى شانۆنامەنووس دايكى مرد. باوكى ژنى هێنايەوە پاش سێ ساڵ باوەژنەكەشى مرد. جا ئەميش لە باوكى دەپرسى! سەرەمانە.. يا تۆ دەمرى يان من دەمرم!

(١٢)

هيتلەر لە تەمەنى دوازدە ساڵيدا، چوو بۆ يەكەم ئۆپێراى ڤاگنەرى مۆزيكزانى گەورە، لەسەر شانۆى شارى (لينش) كە خۆشى لەوێ لە دايك بووە. پاش ساڵێك باوكى مرد. پاش چوار ساڵ دايكيشى مرد. هيتلەر بۆ جارى دووەم هەوڵى‌دا بچێتە ئەكاديمياى ڤييەنا، بەڵام لەبەر نزمى ئاستى وەرنەگيرا.

كە بوو بە بيست ساڵ، بێ لانەو بێ شوێن بوو لەسەر شۆستەى شەقامەكان يان لاى ستونى كارەبا دەخەوت.. كە بوو بە بيست و چوار ساڵ، لەبەر لاوازى تەندروستى، بە سەرباز وەرنەگيرا.. ئيتر چوو بۆ ميونخ و بە پارەى ئەو تابلۆيانە دەژيا كە خۆى وێنەى دەكێشان و دەى فرۆشتن.

لە شەڕى جيهانى يەكەمدا وەك خۆبەخش لە سوپاى ئەڵمانيادا وەرگيرا.. شەڕ تەواو بوو ئەو گەيشتبووە پلەى ياريدەدەر. هەر لەم تەمەنەدا بوو چەرچڵ لە تاقى كردنەوەى وەرگرتندا دەرنەچوو چونكە قوتابييەكى گەمژە بوو.

(ئەديسۆن)ى مەزنترين داهێنەرى ئەمەريكى رۆژنامەى دەفرۆشت، دوو منالّى تريشى بە كرێ گرتبوو، رۆژنامەيان بۆ دەفرۆشت.



لە تەمەنى پانزە ساڵيدا مووچە خۆرێك بوو لە نوسينگەيەكى پۆستەو تێليگراف.. لەم نوسينگەيەدا بليمەتيەكەى سەرى هەڵدا.. ئامێرەكانى تێليگرافى پێشخست..

ئەديسۆن پتر لە ٢٢٠ ئامێرى نوێى داهێناوە.

مارك توێن لە قوتابخانە رايكرد و لەسەر كەشتييەك بوو بە دەرياوان، رۆژنامەوانيشى كردووە.

(١٣)

جان جاك رۆسۆى فەيلەسوفى فەرەنسى، خەريكى پەيكەرتاشين بوو لە بەرد.. خۆى بۆ پەيكەرتاشى ئاكادە دەكرد، نەك فەيلەسوف يان ئەديب.. منالێتى هێمن بووە. كتێبى ئيميل (يان دەربارەى پەروەردە ـ وەرگێڕ) دەنگدانەوەى هەستەكانى منالێتييەتى. باوەڕى وايە دەبێت منالّ سەربەست بێت.. بە بڕواى ئەو مرۆڤ بە باشى لە دايك دەبێت، دواتر بارو دۆخ و ژيان خراپى دەكەن.. كۆمەڵگا خۆى منالّ تێكدەدات..

هونەرمەندى ئيتاڵى (مايكل ئەنگليۆ) لەسەر پەيكەرتاشى مەشقى دەكرد، دواتر لەگەڵ هونەرمەندێكى تردا تێكهەڵچوون و لووتى شكاند.. لە تەمەنى حەڤدە ساڵيدا پەيكەرى (خاتوون و ئاشتى) دروست كرد.

لە تەمەنى شەش ساڵيدا دايكى مرد..

جوانترين پەيكەرى هەموو سەردەمەكانى دروستكردووە، پەيكەرى (بەزەيى) خاتوو مەريەمى پاكيزە مەسيحى لە باوەش گرتووە. ئەمەش تاكە پەيكەرە كە ئەنگيلۆ ئيمزاى خۆى لێداوە. ئەگەر ئيمزاشى نەكردايە هەر دەمان ناسيەوە!

(ڕێنوار) وێنەکێشی فەرەنسی لە وەرشەیەکی سیرامیکدت مەشقی دەکرد.. وێنەکێشی فەرەنسی (تۆلۆزلۆتریك) لە گەشتێکا قاچێکی شکا.. پاش چەند مانگێك قاچەکەی تریشی شکا، ئیتر بە درێژایی ژیانی کورتە بنەو کەمئەندام..

لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد!

لە ساڵی ١٧٦٩ دا، مۆزارت، مەدالیای (سوارەی زێڕین) ی لە پاپا وەرگرت.. تا ئەو کاتە ٥٥٨ لاپەڕە مۆزیکی دانابوو.. (شۆپان) ی مۆزیکزانی ئەڵمانی یەکەم کاری نەمری خۆی دانا.. ئەدیبی ئینگلیزی هـ.ج. ولز لە دوکانێکی پینەچێتیدا ئیشی دەکرد.

(ئیڤان)ی قەیسەری سامناك، لە ساڵی ١٥٤٢دا دەسەڵاتی روسیای گرتە دەست.. هەر لەو تەمەنەدا بوو کە (ستالین) چووە قوتابخانەی (تیۆلۆجیا) دوای پێنج ساڵ ئەویی بەجێهێشتو بە فەرمانبەری لە بەڕێوەبەرێتی رووپێویدا کاری دەکرد.. لە تەمەنی بیست ساڵیدا ئاژاوەگێڕ و شەڕانی بوو، لە بیستو یەك ساڵیدا یەکەم خۆپیشاندانی سازدا.

(جوبران خەلیل جوبران) کەوتە بیرکردنەوە لە کتێبەکەی (پێغەمبەر) .. دوای چارەکە سەدەیەکیش ئینجا تەواوی کرد!

(جولێت)ی (١٤ ساڵانە) حەزی لە (رۆمیۆی) (١٦ ساڵانە) کرد. کە شانۆگەریەکەی (رۆمیۆ و جۆلیت) لە ساڵی ١٥٩٥دا نمایش کرا تەمەنی شکسپیر سی ساڵ بوو.

چارلی چاپلن پۆستەچی بوو

(١٥)

(کاترین) شاژنی مەزن شووی کرد بە پوترسی سێهەم کە ئەمیان تەمەنی ١٦ ساڵان بوو.. (بێرنارد شۆ)ی نووسەری گاڵتەجاڕی



مەزن، لە یەکێك لە نوسینگەکانی زەوی فرۆشتندا کاری دەکرد.. لە خوێندندا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو.. رقی لە مامۆستاو وانەی وەرزش بوو. بێزی لە قوتابخانە دەهاتەوە.

(١٦)

لە ساڵی ١٤٢٨دا، (ژان دارك)ی شۆخ، خزمەتی خۆی خستە بەردەمی شای حەوتەمی فەرەنسا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کە وڵاتەکەیان داگیرکرد بوو.. ئینگلیزەکان گرتیانو سوتانیان ، هێشتا تەمەنی لە ١٩ ساڵان تێپەڕی نەکردبوو.

مۆزارتی بلیمەتی مۆزیك هەشت سەمفۆنیاو ئۆپێرای دانا بوو..

(١٧)

مۆزیکزان (مەندلسۆن) مۆزیکی کردنەوەی (خەونی شەوێکی هاوین)ی دانا.

(کیلنگ)ی شاعیری ئیمپراتۆری وەك رۆژنامەنوسێك چوو بۆ هیندستان و حەوت ساڵ لەوێ ماویەوە.

(تنیسۆن)ی شاعیری ئینگلیزی نۆبەرەی داهێنانە شیعریکەی لە ساڵی ١٨٢٦دا بلاوکردەوە.

(١٨)

(توت غەنج ئامون-١٣٥٢پ.ن)، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا مرد. لە تەمەنی پێنج ساڵیەوە فەرمان رەوای میسر بوو.

محەمەدی دووەم پاش مردنی باوکی بوو بە سوڵتانی تورکیا (١٤٥١).

(شۆبێرت) مۆزیکزانی ئەڵمانی کارە مۆزیکیەکانی لە یەك ساڵدا گەیشتە هەشتا!

(فەرەدا)ی مۆزیکزانی ئیتاڵی لە پەیمانگای مۆزیك وەرنەگیرا چونکە لە ڕووی هونەریەوە شیاو نەبوو.. دەوڵەمەندێك مەسرەفی خوێندنی لە پەیمانگەی مۆزیك لە شاری میلانۆ، کێشا. دوایی داهێنانە هونەریەکانی سەریان هەڵدا.. ژنی هێنا و هەردوو کوڕەکەی و ژنەکەشی مردن، ئەم هێشتا لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو!

(تۆلستۆی) وتوویەتی: هەموو بلیمەتەکان دژ بە قوتابخانەو ماموستا و کتێبەکانی قوتابخانە دەوستن، ئەوان لەو باوەڕدان کە جیاوازن لەخەڵکی، بۆیە دەبێت بەڕێگای جیاوازیش فێربکرێن.. یان متمانە بخەنە سەرخۆیان!

(١٩)

سەمفۆنیایەکی فاگنەر نمایش کرا. سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا. (یۆهان ئەشتراوس)ی مۆزیکزان لە ساڵی ١٨٤٤دا ئۆرکسترایەکی بۆ خۆی دامەزراند تا بەربەرکانی باوکی پێ بکات کە ئەشتراوس گەورەو پاشای (فالس) بوو.. باوکی لە تەمەنی چل ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.. کوڕەکە مۆزیکی (دانووبی شین)ی دانا.

(ئۆسکانینی) بوو بە سەرۆکی ئۆرکسترا وە ئۆپێرای (عایدە)ی ساڵی ١٨٨٦ ژەند.. سەرکردایەتیەکەشی هەر وا لەبەر و بێ هیچ نۆتەیەك دەکرد

(٢٠)

لە تەمەنی بیست ساڵیدا ئەسکەندەر (٣٣٦پ.ز) بوو بە پاشای مەکەدۆنیا. ئەسکەندەر سەرکردەی سەربازیی مەزنی هەموو سەردەمەکانە.

(مارکۆنی) داهێنەری ئیتاڵی یەکەم تاقیکردنەوەی گوێزانەوەی دەنگی بە رادیۆ ئەنجامدا.



(هێلین رۆبینشتاین) دروستکەری بابەتی ئاراییشت بەرەو ئوسترالیا رەوی کرد. لەوێ دروستکردن و پێشخستنی ئەو کرێمانەی تەواو کرد کە دایکی پێشتر دروستی کردبوون.

(بیتهۆڤن) رای گەیاند: ئا لەم تەمەنەدا لاوێتیم دەستی پێ کردووە..

(پرامز)ی مۆزیکزان وتارێکی لە بارەی خۆیەوە خوێندەوە، کە شۆپانی مۆزیکزان نووسیبووی: (هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم کە رۆژێك دێت مرۆڤی نموونەیی لە هونەردا دەربکەوێت و شکۆمەندیو جوانیمان بۆ بەرجەستە بکات.. یەکێك کە گوزارشتی ماموستایی و گەشەی بەربلاوی مۆزیك رادەگەیەنێت.. یەکێك لەجۆری خۆی بێ وێنە بێت.. کە وەك خواوەندە ژنەکەی ئەستیا بێت کە لەعەقڵی گەورەی خواوەندەکانی (زیۆس) هاتەڕوو.. ئەم کەسەش هات.. بە خەسڵەتی تەواوەوە.. وەرن با هەموو کوڕنووش بەرین لەبەردەم گەورەییەکەیدا(

دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم شۆپان برایە شێتخانە.. هەر لەم تەمەنەدا بوو کە بڵاوکەرەوەکان چامەکانی شاعیری ئینگلیز (چیلی) رەتکردەوە.. ئەویش هەموو چامەکانی خستە ناو قاپێکی شووشەوەو سەری قایم کرد، دوایی فرێیدایە ناو دەریاوە

هۆی رەتکردنەوەش ئەوەبوو کە شاعیرەکە ئایینی نیەو هێرش دەکاتە سەر هەموو ئایینیەکان.

دایك و باوکی (بەلزاك) رۆمان نووسی گەورەی فەرەنسا، قایل بوون کە تەنها بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕووی ئابوریەوە یارمەتی بدەن.. دەبێت خۆی سەرچاوەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ ژیانی خۆی!

لەم تەمەنەدا (رامبۆ)ی شاعیری فەرەنسی کۆتایی بە ژیانی هونەری خۆی هێنا، جوانترین چامەی بڵاوکردەوە.. بە تەواوی وازی لەدانان هێنا، ئەمجا چوو بۆ ئەفریقیا.. پاشان کە بیستی لە وڵاتەکەی خۆیدا ناوبانگی دەرکردووە، گەڕایەوە بۆ پاریس‌و لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد..

رۆمان نووس‌و شاعیری رووسی (باسترناك) کە خەڵاتی (نۆبل)ی وەرگرتووە لەگەڵ باوکە وێنەگرەکەیدا ئاوێنەیەکی (تۆلیستۆ)ی بەمردوویی دەگرێت.

(٢١)

(مارگریت تاتشەر) لە تەمەنی بیست‌و یەك ساڵیدا فەرمانبەر بوو لە کۆمپانیایەکی پلاستیکدا، بڕوانامەی ماجستێری لە کیمیادا وەرگرت.

(شۆپان)ی مۆزیکزان یەکەم ئاهەنگی مۆزیکیی لە پاریس بۆ سازکرا.

(٢٢)

لە بیست‌و دوو ساڵیدا زانای مەزنی بەریتانی داروین، بە کەشتیەك چوو بۆ ئەمریکای باشوور تا نموونەو نەخشەی گیایی‌و ئاژەڵیەکان کۆبکاتەوە. دوای حەوت ساڵ ئەمجا تیوریی "پەرەسەندنی سروشتی و مانەوەی باشترین" ی بڵاوکردەوە.

ئەکادیمیای هونەری وێنەکێشی فەرەنسی (سیزان)ی وەرنەگرت لەبەر لاوازی توانا هونەریەکەی.

(ڤان کوخ)ی هونەرمەندی گەورەی هۆڵاندی ووتویەتی: لەناخی هەموو مرۆڤێکدا شاعیرێك هەیە.. ئەم شاعیرە هەر زوو بە منالی دەمرێت مرۆڤەکە دەمێنێتەوە!



مۆزارت لە پاریس سەرکردایەتی ئەو ئۆرکسترایەی دەکرد کە (سەمفۆنیای پاریس)ی بۆ دەژەند. لە ناکاو دایکی مرد. بۆیە بە پەلەو بە پەژارەوە گەڕایەوە بۆ نەمسا.

ئەدیبی ئەمەریکی (هەمنگوای) کە خەڵاتی (نۆبڵ)ی وەرگرتووە لە ئەدەبدا چوو بۆ پاریس بۆ کاری رۆژنامونووسی.

(٢٣)

سێوێك دای بە سەری زانای مەزن (نیوتن)دا.. گەورەترین عەقڵ کە یەزدان دروستی کردبێت.. بە هۆی ئەو روداوەوە یاساکانی جووڵەو کێشکردنی تەنەکانی دۆزییەوە. دوورە پەرێز و دوور لە خۆڕانان کاری دەکرد.. دوایی کردیان بە مامۆستای بیرکاری لە زانکۆی (کامبریدج).

(نیوتن) دەڵێت: ئا لەم قۆناغەی تەمەنمدا خۆم لەسەر نوستنی قووڵ راهێنا..

(رۆسینی) مۆزیکزانی ئیتاڵی لە ئۆپێرای (سەرتاشی ئیشبیلیە)دا دەرکەوت.. دایك‌و باوکی دوو مۆزیکژەنی هەژار بوون.. باوکی پێی ووت: ئەگەر تۆش وەك من بیت ئەوا لە برسا دەمریت، دەبێت تۆ مەزنتر بیت تا ئێمە لەسەر ناوو شۆرەتت بژین!

(چایکۆفسکی) مۆزیکزانی رووسی دەستی لە کارەکەی کێشایەوە تا لە پەیمانگای مۆزیکدا بخوێنێت..

(تۆلستۆی)ی ئەدیب لە سوپا دەرچوو. پاش چاك بوونەوەی لە نەخۆشی سوورەنەك کەوتە نووسینی کتێبە نایابەکەی ( منالی خۆم).

(ئۆرسۆن ولز)ی ئەکتەر توانیبە بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك دەربارەی هاتنی خەڵکانی مەریخ بۆ سەرزەوی، هەموو ئەمەریکا

بشەڵەژێنێت.. ئەم زنجیرەیە بە ڕادەیەك كاریگەر بوو وای لە خەڵكەكە كرد بوو كە رابكەن بەرەو چیاو دەریاكان لە ترسی داگیركردنی زەوی لە لایەن خەڵكی مەریخەوە، ئەوەش لەساڵی ١٩٣٨دا بوو.

(٢٤)

ناپیلۆن توانی خۆپیشاندانێكی توندو تیژ دابمركێنێتەوە ئەوەش هۆیەك بوو بۆ سەركەوتنی شۆڕشی فەرەنسی بوو..

میری شاعیرانی ئەڵمان (گۆتە) ڕۆمانی (ئازارەكانی ڤارتەری لاو)ی نووسی، كاریگەری لە ئەوروپادا بڵاو بۆوەو بووە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێكی خۆكوشتن لە ناو لاواندا.

(یرۆدێن)ی مۆزیكزانی رووسی بڕوانامەی دوكتۆرای لە كیمیادا بەدەستهێنا. بوو ئوستادی زانكۆ. ناوبانگە بەرزەكەشی بە هۆی كارە مۆزیكییەكانیەوە بوون هەرچەندە كەمبوون بەڵام زۆرجوان بوون.

(٢٥)

هەر لەم تەمەنەدا بوو كە (بێركلی) فەیلەسوفی ئینگلیز كتێبە بەناوبانگەكەی "باسێك لە سەرەتاكانی زانستی مرۆڤایەتی" بڵاوكردەوە.

تیوریستی كۆمۆنیستی (ئەنگلس) كتێبەكەی دەربارەی چینی كرێكاران بڵاوكردەوە لە ئینگلتەرەدا..

زانای گەورەی دەروونناسی (كارل یۆنگ) كۆلێژی پزیشكی تەواوكرد.

(هاندل) مۆزیكزانی ئەڵمانی كۆچی كرد بۆ لەندەنو لەوێ مایەوە تا مردن..



ناكۆكی نێوان مۆزارتو باوكی زیاتر بوو: چونكە بە دزیەوە ژنی هێنا بوو. زۆریش دەست بڵاوبوو. قەرزی لە هەموو كەسیش دەكرد.

(٢٦)

(تیۆدۆر بلهارس) پزیشكی ئەڵمانی، كرمی بەلهاریزیای دۆزیەوە خۆشی بە نەخۆشی گرانەتا مرد لە تەمەنی سیو پێنج ساڵیدا.

مۆیزكازانی ئیتاڵی (ماسكانی) وازی لە خوێندنی "یاسا" هێناوە خۆی تەرخان كرد بۆ مۆزیك. وە ئۆپیرای (سوارەی لادێی) كە یەك پەردە بوو جوانترین كارەكانێتی.

(٢٧)

(گیبۆن)ی مێژوونووسی گەورەی بەریتانیا لە كاتی سەردانیدا بۆ ڕۆما بڕیاری دا لە بارەی (دروست بوونو كەوتنی ئیمپراتۆری ڕۆما) ەوە بنوسێت —ئەوە جوانترینو خۆشترین باسە كە مێژوونووسێك نووسیبێتی لەو سەردەمەدا.

هەردوو ئەڵمانی برا (گریم) كۆمەڵە چیرۆكێكی ئەفسانەییان بڵاوكردەوە

ئەدیبی رووسی (گۆگۆل) ڕۆمانی (پشكنەری گشتی) بڵاوكردەوە.

بڕیاری لە سێدارەدانی ڕۆماننووسی رووسی (دستۆیفسكی) درا، دوایی بڕیارەكەیان گۆڕی.. ناردیان بۆ زیندانەكانی سیبیریا..

(ڤاگنەر)ی مۆیزكازان ئۆپێرای (هۆڵەندییە فڕیوەكەی) دانا..

(چیلی) شاعیر لە دەریادا خنكا.. كاتێك لاشەكەیان دۆزیەوە دیوانێكی (كتیس)ی شاعیری پێبوو.. تەرمەكەیان گوێزایەوە بۆ رۆخی دەریاكە، (بیرۆن)ی شاعیریش یەكێك بوو لەوانەی كە دیبوویان، پاشان تەرمەكەی لە تەنیشت (كتیس)ی شاعیرەوە نێژرا..

ژنی یەکەمیشی لە ئاوا خۆی خنکاند. براژنەکەشی هەر بەو شێوەیە خۆی کوشت.

(٢٨)

(مۆزارت) ئۆپێرای جوانی (زەماوەندی ڤیگارۆ)ی نمایش کرد.. تیپە مۆزیکیەوکە لەسەر داخوازی جەماوەر زۆربەی ئاوازەکانی دووبارە دەکردەوە تا دەهات زیاتر درێژەی دەکێشا..

(هانس ئەندرسن) ئەدیبی چیرۆکی منالاّن بەرگی یەکەمی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی بڵاوکردەوە..

(گۆرنی) شانۆنامە فەرەنسی شانۆگەری (بەڕێز)ی پیشاندا..

(سترن برك)ی شانۆ نامەنووسی نەرویجی شانۆگەری (تیپی سوور) نمایش کرا.

(٢٩)

(شۆبرت)ی مۆزیکزان مرد.

(٣٠)

لەمە تەمەنەدا (٣٢ ساڵ) رۆمانەکان مەسیحیان لە خاچ دا..

مۆزارت لە شەش هەفتەدا دوا سێ سەمفۆنیاکانی دانا! بیتهۆڤن سەمفۆنیای سێهەمی دانا بە ناوی (پاڵەوانێتی)

چەرچڵ بوو بە وەزیر.

(٣١)

(ولیام تنسی) نووسەری شانۆیی ئەمەریکایی شانۆگەری (گالیسکەیەك) کە ناوی "لەزەتە" بڵاوکردەوە، دوای ئەوەش "خاڵ کوتانی گوڵ"و ئەمجا "پشیلەیەك لەسەر تەنەکەیەکی گەرم" بڵاوکردەوە.

(٣٢)



دواکاری مۆزارت (شمشاڵی سیحری) بوو.

مۆزارت رۆژی دیسەمبەری ١٧٩١ لە کات ژمێر یەك پێنج چرکە کەم کۆچی دوایی کرد. تووشی رۆماتیزمەو فتقیش بوو بوو. مۆزیکی جەنازەیی دانا بوو کە لەکاتی بەڕێکردنیا لێبدرێت. بەڵام کەس لەگەڵ تەرمەکەیدا نەبوو بێجگە لە عەرەبانچیەکە. ژنەکەی لە ماڵەوە شپرزەو نەخۆش بوو.

هەموو کارەکانی مۆزارت ٦٥٠ کاری مۆزیکی بوو.

(تۆسلتۆی) دەستی دابووە داستانە نەمرەکەی "شەڕو ئاشتی".

"فلۆبیری" ئەدیبی فەرەنسی دەستی دایە رۆمانە ناسکەکەی :مەدام بۆڤاری).

خاتوو (مارگرێت میشێل) رۆمانی: "لەگەڵ بادا رۆشت"ی بڵاوکردەوە.

ئەدیبی سویسری (دیرنمات) شانۆی "سەردان"ی بڵاوکردەوە.

"ینبزی" مۆیزکازانی فەرەنسی ئۆپێرای (کارمن)ی تەواوکرد. وە لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

سەید دەروێش لە تەمەنی سی ساڵیدا مرد.

کیتسیش لە تەمەنی (٣٥) ساڵیدا مرد.

(رۆبرت برۆك)ی شاعیر لە ٣٥ ساڵیدا.

خاتوو (ئەمێلی برۆنتێ) (٣٥).

خاتوو (سیمۆن فیل) ئەدیبە بە برسێتی خۆی کوشت (٣٥).

(بیرۆن)ی شاعیر مرد.

رامبۆی شاعیر.

(تۆماس ڤۆڵف)ی ئەدیب.

(ئەدگاریۆ)ی ئەدیبی ئەمەریکایی (٤٠ ساڵ)

(دیلان تۆماس)ی ئەدیب (٣٩ ساڵ)
(کافکا)ی ئەدیب (٤٤ ساڵ)
مۆباسان (٤٤ ساڵ).
زۆری تریش کە چل ساڵیان تەواو نەکردووە.
هەرچیان هەبووە لە ساڵە بەپیتو هەرڵقولانە چڕو پڕەدا ووتوویانە.
هەموو شتێکی خۆیانیان دەرخستووە.
جەستەیان بەرگەی ئەم ووزە رووناکیەی شەوو رۆژیانی نەگرتووە.. رۆژگاریش بەزەیی نە بە مۆزارتی بلیمەت داهاتۆتەوەو نە بە بەهرەمەندەکانی تریش.. بۆیە خێرا گیانیانی خپ کردووە.. بەنەخۆشی خپ بووبن، یان خۆیان بە پەلە بوون بۆ کۆتایی پێهێنانیو خۆیان کوشتووە.
* * *
## بۆ خۆمو بۆ ئەوانە دەنووسم کە تێدەگەن!
هەموو شتێکی مۆزارت بەسوێ و سوتێنەر بوو.. زمانی درێژ بوو.. زیرەکیەکی پرشنگدار.. قسەی ناشیرینی دەکرد.. نوکتەی بێپەردەی دەکرد.. هەموو شتێکی بێ سنوور بوو.. کاریگەر بوو..
(١)
رۆژی چوارشەممە لە رۆما لە ساڵی ١٧٧٠دا، مۆزارت لەگەڵ باوکیدا سەریان دا لە کەنیسەی (سانت پوتروس).. مۆزارت ویستی گوێ بیستی نوێژێکی بەناوبانگ بێت بە ناوی (ئەشکەنجە) لە دانانی مۆیزکزان (ئەلبجێری) بوو.. پاپا بڕیارێکی دەرکرد بوو کە گوێزانەوەی نۆتەی مۆیزکی ئەم نوێژەی قەدەغە دەکرد.

تەنانەت درودخوێنانیش بۆیان نەبوو لە دەرەوەی کەنیسە ئەم نۆتانەیان لا هەبێت .. مۆزارت یەکجار گوێ بیستی بوو.. بۆ جاری دووەم هەر لەبەر نۆتەی مۆیزکی بۆ نوێژەکە دانا و تۆماری کرد ژێر خستیە شەپقەکەیەوە..
کە چووەوە بۆ کەنیسە نۆتەکەی دەرهێنا بۆ راست کردنەوەی هەندێك هەڵە..
هەر ئەو رۆژە بە قەشەیەکی ووت: ئاوازەکە هەڵەی هونەری تیایە دەبێت راست بکرێتەوە. ئەمجا لەسەر پیانۆکە دانیشتو لەبەر ئاوازکەی لێدایەوەو راستیشی دەکردەوە. پاپاکە بەم منداڵە پەرجووەی زانیو بانگی کرد وگوێی گرت لە سرووده ئاینیەکەو ژەنینەکەی. پاپا پێی سەرسام بوو، خەڵاتی لێهاتوویی زێرینی پێ بەخشی.
مۆزارتیش رووداوەکەی بۆ دایکی نوسی. دایکیشی دەگریاو خەوی لەبەر بڕابوو لە ترسی ئەوەی نەوەکو پاپا لە کەنیسە دەری بکات.
(٢)
دواکاری مۆزارت ئاوازێکی جەنازەیی بوو. ئەم ئاوازەی لە بارودۆخێکی تەژم و ترسناکدا دانا. لەو کاتەدا نەخۆش بوو، هەموو گیانی قەرز بوو. لەپڕ پیاوێکی کەڵەگەتی رەشو جل رەشو دەموچاوی خۆی داپۆشیبوو پەیدا بوو. پێی ووت: من لای پیاوێکی دەوڵەمەندەوە هاتووم، داوای ئاوازێك دەکات بۆ کاتی بەڕێ کردنی جەنازەکەی. ئامادەشە هەرچەندێك پارەت بووێت، بیدات.. بە مەرجێك ئاوازەکە لە ماوەی یەك مانگدا تەواو بێت. مۆزارت شڵەژا وای هەست دەکرد کە ئەم پیاوە نەناسراوە خودی مردنە.. هاتووە وریایی بکاتەوە کە کاتی کۆچ کردنی نزیکەو ئەم ئاوازە

جەنازەییەش لە جەنازەکەی خۆیدا دەبێت.. بەڵام لەوەش سەری سوورِما ئەم لە تەمەنی سیو پێنج ساڵیدا چۆن دەمرێت؟

مۆزارت ئەمەی بۆ باوکی نوسیو دەڵێت: خۆم دەزانم کە تەمەنم دەدەم بەم ئاوازە.. بەڵام من پێویستم بە پارەیە بۆ قەسابو بەقاڵو کرێ خانوو.. دەمەوێت ژنەکەشم خۆشیەکی پێ ببڕێت چونکە لە گەڵمدا زۆر هیلاك بووە.. ئەم کەسە ناشیرینەی لەبەردەممدا وەستاوە، دەمترسێنێت.. من نەخۆشم، زۆر لاوازم شەوانە تارمایی زۆر دێنە پێش چاوم!

داوای لە کابرای نەناسراوکرد نیوەی پارەکەی بداتێ.. ئەویش دای پێیو رۆشت. مانگەکە تێپەرِیو مۆزارت هیچی نەنووسیبوو.. پیاوەکە هاتەوەو پەلەی ئاوازەکەی بوو. مۆزارت تکای لێکرد مانگێکی تریش مۆڵەتی بداتێ.

رۆژی یەکشەممە ٤ی دیسمبەر مۆزارت، کۆمەڵێك لە هاورِێیانی خۆی بانگ کرد. ئەوانیش لە دەوری دانیشتنو گۆرانی ئاوازە جەنازەکەییان دەووتەوە ئەویش لە ناو جێگاکەیەوە سەرۆکایەتی دەکردن.. کە گەیشتە قۆناغی پەژارەییو ناخۆشی لە ئاوازەکەدا دەستی کرد بە گریان ئەوانیش لەگەڵیا دەگریان.. ئەمجا داوای لە قوتابیەکی خۆی کرد کە ئاوازەکە تەواو بکات، رێنمایی تەواویشی دایە، بۆ تەواوکردنی ئاوازی ئەو کارە جەنازییە.

لە نیوەی شەودا لە هۆش خۆی چوو.. لە کات ژمێری یەکی بەیانی هەڵسایەوەو بە زەردەخەنەکەوە ویستی شتێك بڵێت.. کەچی مرد!

بۆ رۆژی دوایی یەکێك لە بڵاوکەرەوەکان، چووە لای ژنەکەی مۆزارت پێی ووت: پێویست ناکات ئەو پارە کەمەی هەتە بۆ جەنازەکەی خەرجی بکەیت.



مۆزیکزانی گەورەیان خستە کفنێکی شرِەوەو لە تابوتێکی شەقو شرِیان نا.. عەرەبانەیەکی یەك ئەسپی بردی.. عەرەبانچیەکە هاتە پێشەوەو پاڵێکی نا بە تابوتەکەوە بۆ ناوچاڵێك پیرەژنیکیش لای گۆرِێکەوە دانیشبوو.. لە عەرەبانچیەکەی پرسی: خۆت سەلامەت بیت ئەوە کێ بوو؟

ئەویش وتی: نا.. ئەوە مۆزیکزانێکە.

(٣)

مێژووی مۆزیك هیچ دۆستایەکی پتەوو راستی بە خۆیەوە نەدیوە وەك دۆستایەتی نێوان مۆزارت و مۆزیکزانی ئەڵمانی هایدن (١٧٣٢-١٨٠٩). رۆژێکیان هایدن لە بەرِێوەبەری ئۆپێرای (پراگ)ەوە، نامەیەکی بۆ هات. داوای دانانی ئۆپێرایەکی سووکی لێدەکرد. هایدن بۆی نوسیەوە دەڵێت: ناکرێت داخوازیەکەت بە جێ بگەیەنم. چونکە ستەمە ئۆپێرایەك دابنێم کە بگاتە ئاستی ئۆپێراکانی مۆزارت. بۆیە تکات لێ دەکەم لەم کارە قورسە بمبەخشە. تکات لێ دەکەم مۆزارتی بلیمەتت لەبیر بێت، من زۆر بەداخم لەوەی دانەرێکی هەڵکەوتووی وەك مۆزارت شوێنێکی شایستەی نیە لە کۆشکی ئیمپراتۆریدا. لێم مەگرە چونکە من ئەم لاوەم زۆر خۆش دەوێت!

بۆ یەکەمجار کە مۆزارتو هایدن بەیەك گەیشتن، هایدن لە تەمەنی پەنجاو شەش ساڵیدا بوو، مۆزارتیش بیستو شەش ساڵان بوو. هایدن ناوی مۆزارتی بیست بوو، هات بۆ ڤییەنا تا چێژ لە مۆزیکی ئۆپێرای ئەو وەربگرێت.

هەر لە یەکەم بەیەك گەیشتیانەوە، مۆزارت بە: بابە بانگی دەکرد. لە پێش چاوی جەماوەر کەوتە ماچ کردنی، لە هەر بۆنەیەکدا، خەڵك

ناوی هایدنیان بهێنایە، مۆزارت دەکەوتە پیاهەڵدانی.. دوایی شەش چوارینەی (ژێ) یشی پێشکەشی ئەو کرد.. کە لە مۆزارتیان پرسی: بۆچی هەر هایدن؟

وەڵامی دایەوە: ئەمە ئەرکی سەر شانمە. من لەوەوە فێر بووم چۆن چوارینە بنووسم! ئەگەر یەکێك رەخنەی لە هایدن بگرتایە، مۆزارت ئارامی لەبەر دەبڕا. جارێکیان گوێی لێبوو یەکێك دەی ووت: من شتێك نانووسم وەك ئەوەی هایدن دەینووسێت..

بە توڕەییەوە پێی وت: دیارە نە تۆ و نە من ناتوانین شتی وەها بنوسین.. خۆشت هۆکەی دەزانیت. چونکە کەسمان ئەو بیرە بەرزو جوانەی ئەومان نییە.. ئەگەر هەردوکیشمان ببین بە یەك دانە، هێشتا یەکێکی وەك هایدنمان تێدا نابێت!

هەردووکیان هاوڕێ بوون، لە ژەنینی (مۆزیکی ژوور) دا، بەشداربوون. بە یەکەوە باسی پرۆژەکانی ئایندەیان دەکردو لە کێشەکانی دانانی مۆزیکیان دەکۆڵییەوە.

کە باوکی مۆزارت گەیشتە ڤییەنا، هایدن پارچەیەك مۆزیکی مۆزارتی بۆ ژەند، ئەمەش وەك رێزلێنانێك بۆ باوکی مۆزارت. پاشان بە باوکی ووت: گەورەم کوڕەکەت سەلیقەیەکی بەرزی هەیەو وە قوڵترین تێگەیشتنی دانانی مۆزیکی هەیە. من بۆ خوا دەڵێم، کوڕەت گەورەترین مۆزیکزانی مێژووە..

دوایینجار کە مۆزارتو هایدن چاویان بە یەك کەوت لە ساڵی ١٧٩٠دا بەە. هایدن بڕیاری دابوو ڤییەنا بەجێ بهێڵێتو لە لەندەن بژی، مۆزارت هەوڵیدا قایلی بکات بمێنێتەوەو پێی ووت: بابە مەڕۆ.. تۆ بەرگەی کۆمەڵگەی گەورەی ئینگلیزی ناگریت.. زمانەکەشیان نازانیت.



هایدن پێی ووت: مۆزیککەم زمانمە..

مۆزارت باوەشی پیاکردو وتی: لەوانەیە ئەمە دوایین ماچ بێت!

مەبەستی هایدن بوو لەوانەیە بەم نزیکانە بمرێت.. بەڵام قەدەر پێکەنینی دەهات.. چونکە دوای چەند مانگێك مۆزارت مرد. هایدن بەخەمو پەژارەوە دەگریا بۆ ئەو لاوە مەزنەی لە کیس چوو. وە بە وانەی لە دەوری بوون دەووت:

بەڕێزان هەموو بگرین.. مێژوو بلیمەتێکی وەك ئەوی بە خۆیەوە نەدیوەو نایبینێ!

(٤)

هەڵوێستی مۆزیکزانی گەورە بیتهۆڤن (١٧٧٠-١٨٢٧) بەرامبەری مۆزارت، پێچەوانەی هەڵوێستی هایدن بوو... ئەم لە هیچ بۆنەیەکدا بە باشە ناوی نەهێناوە.. لە کاتێکدا مۆزارت بەردەوام هانی بیتهۆڤنی دەدا. بیتهۆڤن لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، لە (بۆن)ەوە چوو بۆ ڤییەنا تا گوێ بیستی مۆزیکی مۆزارت بێتو چاوی پێی بکەوێت. داوای لە مۆزارت کرد، ئاوازێك یان رستەیەکی مۆزیکی بداتێ تا بیژەنێو داهێنانی مۆزیکی لەسەر ئەنجام بدات. مۆزارتیش دای پێی.. یەك کات ژمێری تەواویش گوێی لێ گرت کە لەسەر پیانۆ بۆی دەژەند.. ئەمجا ئاوڕی لە دەوروپشتەکەیان دایەوەو وتی: چاوەڕێی ئەم لاوەبن.. هەموو جیهان گوێ بیستی دەبێت!

جارێکیان لەە (بیتهۆڤن)یان پرسی: بۆچی گوێ لە مۆزیکی مۆزارت ناگرێت؟ ئەویش ووتی: نامەوێت.. حەزیش ناکەم.. چونکە دەترسم کار بکاتە سەر رەسەنایەتیەکەم!

جارێکیان بیتهۆڤن دەقی ئۆپێرایەکی خۆی دابوو بە بەڕێوەبەری شانۆیەك، دوایی چوو بۆ پارەکەی.. بەڕێوەبەرەکە لەوە کەمتری دایە

که لەسەری ڕێکەوتبوون، بیتهۆڤن لێی پرسی: بۆچی؟ بەڕێوەبەرەکە وەڵامی دایەوە ووتی: شانۆ چۆڵە.

بیتهۆڤن وتی: خۆ من بۆ جەماوەر نانووسم!

بەڕێوەبەر بەرپەرچی دایەوە: ئاخر مۆزارت خۆی بۆ جەماوەر دەنوسێت!

بیتهۆڤن تووڕە بوو ئۆپێراکەی لێ سەندەوەو لێی دا ڕۆیشت!

(٥)

مۆزارت لە بەرگری کردنیدا لە بۆچوونەکانی خۆی ڕەق‌و ووشك بوو.. جارێکیان (یوسف)ی دووەمی ئیمپراتۆر ووتی: لەم دواییەدا گوێم لە ئۆپێرتکەی گرت، نەنگی‌یەکەی ئەوەیە کە پڕە لە ئاواز..

ڕاستە ئەفسوناوی و دڵڕفێنە.. بەڵام لە ڕادەی بیستنی ئێمە بەرزترە.. ئێمە ناتوانین لە گەڵیدا بڕۆین!

مۆزارت بەرپەرچی دایەوە: بە داخەوە سەروەرم.. ئەو ئاوازانەی تیایە کە خۆم بە پێویستیان دەزانم،

ئیمپراتۆر بە تووڕەییەوە وتی: دیارە خۆت باشتر دەزانیت چی پێویستە!

(٦)

لەیەکێك لە ئاهەنگەکانی کۆش کی ئیمپراتۆریدا، (مۆزارت)ی منداڵ چووە ژوورەوەو یەکسەر ڕووەو کچەکەی ئیمپراتۆر ماریا تریزا (١٧١٧-١٧٨٠) چوو، کەوتە ماچ کردنی گەردنی.. ئەویش بە سۆزەوە ئەمی ماچ دەکردەوە.. کاتێك لە مۆزیکژەنین بوەوە، لەسەر تەختە لووسەکان هەڵخلیسکاو کەوت بە پایەیەکی مەڕمەڕدا، دەستی کرد بەگریان.. کچە بچکۆلەکەی ئیمپراتۆر ماری ئەنتوانێت (١٧٥٥-



١٧٩٣) چوو هەوڵی ساندەوە.. ئەویش ماچی کردو ووتی: کە گەورە بووم دەتخوازم!

ئەگەر مۆزارت بیخواستایە، مێژوو دەگۆڕا.. ئەگەر ئەم کچە شازادەیە هاوسەری مۆزارت بوایە، باشتر بوو لەوەی هاوسەری لویسی شەشەمی پاشای فەرەنسە بێت‌و دوایی شۆڕش لە سێدارەی بدات!

(٧)

لە سەرتای ئەپریلی ساڵی ١٩٣٣ هیتلەر ڕاوە جوولەکەی دەکردو، دەینارد بۆ فڕنە گازیەکان‌و گرتووخانەکان.. هەر لەو کاتەدا ئۆپێرای بەرلین نمایشی ئۆپێرای "شمشاڵی سیحری" مۆزارتیشی دەکرد.. مۆزیکە ئەفسووناویەکەی مۆزارت خەڵکی بەرەو جیهانێکی خەیاڵی‌و سیحری بردبوو.. لە پەردەی دووەمی ئۆپێراکەدا، گۆرانیبێژی یەکەم لە جەماوەر نزیك دەبووەوەو، بە گۆرانییەوە دەی ووت: ئا لەم هۆڵە پیرۆزەدا مرۆڤ برا مرۆڤەکەی خۆی خۆش دەوێت!

گۆرانیبێژەکە جوولەکە بوو.. جەماوەر هەڵدەسانە سەرپێ‌و چەپڵەیان بۆ لێدەدا! چەپڵە ڕێزانەکەش دەبڕینی نارەزایی بوو بەرامبەر بەو قەسابخانە خوێناویەی دەرەوەی شانۆکە..

(بێرنارد شۆ) دەربارەی ووشەکانی گۆرانی ئەو پاڵەوانەی کە گۆرانی دەووت ووتی: مۆرزات ووتەی وای خستۆتە سەر زمانی، کە ئاسمانیش لە وتنەوەیان شەرم ناکات.

(٨)

(کۆنستانسێ) نەنگی ئەوەی لە ئۆپێرای (دۆن جیۆڤانی) مۆزارت دەگرت کە ئاستێکی بەرزی هەیەو خەڵکانی ئاسایی بە ئاسانی تێی ناگەن. پێی دەووت: ئەم کارانە بەرزن.. جەماوەر تێیان ناگات..

ئەویش بە توورەییەوە بە ژوورەکەدا دەهاتو دواجار لای پەرنجەرەکەوە وەستاو دەستی لە کەمەریدا بوو، وتی: بۆ خۆمو بۆ هەندێك لە هاورێیانم کە لێم تێدەگەن دەنووسم!

رەخنەگرانیش پێیان وایە ئۆپێرای "دۆن جیۆڤانی" مەزنترینو تەواوترین کاری هونەریە کە مرۆڤ دای هێنابێت!

(٩)

ئەمە کاری رۆژانەی بەردەوامە.. بلیمەتی بریتیە لە ئارەق رشتنو بێخەوی، نیوەی ئارەق رشتنەو نیوەشی بێخەوییە.. مۆزارت دەڵێت: بۆ ئەوەی داهێنانم هەبێت.. دەبێت بە تەنیابم.. کە بە تەنیا دەبم، نازانم لە کوێوە ئاوازەکانم بۆ دێن.. دێن.. هەڵدەقوڵێن.. لە کوێوە نازانم.. هەموو دەوروبەرم رووناك دەکەمەوە..

ئەم ووتە ناسكو نەرمو ئاسانە مۆزیکیەی مۆزارت گەورەترین نهێنی داهێنانی مۆزیکە!

(١٠)

ئایا مۆزارت دەرمانخوارد کرا!

ئەمە هەروا بە مەتەڵی ماوتەوە بۆمان هەڵنەهاتووە، تا دوای ١٦٥ ساڵ (١٩٩٩-وەرگێڕ) هێشتا شیکاری ئەم کارەساتەمان نەکراوە..

شاعیری روسی (پۆشکین) رۆمانێکی لەو بارەیەوە نوسیوە.

مۆزیکزانی روسی (رەمسکی کۆرساکۆڤ) ئۆپێرایەکی داناوە.

دەڵێن: "ئەنتۆنیۆ سالییری ١٧٥٠-١٨٢٥، دەرمان خواردی کردووە. سالییری مۆزیکزانێکی بەناوبانگەو مامۆستای بیتهۆڤن بووە.. پەیوەندی بەهێزی بە بلیمەتەکانی ترەوە هەبووە، وەك: جلۆكو هایدنو شۆربینی. سالیری بە هەژاری و نەداری لە خەستەخانەیەکی هەژاراندا کۆچی دوایی کرد.



پێش مردنی یەکێك لە قوتابیەکانی بانگ کردو پێی ووت: دەمەوێت پێش ئەوەی بمرم شتێکت پێ بڵێم: من مۆزارتم دەرمان خوارد نەکردووە!

کاتی خۆشی کە مۆزارت مرد، سالیری وتی: بلیمەتێك مرد. پێویستە شادمان بین.. گەرچی لەمەودوا کەس مۆزیکی ئەو بە فلسێك ناکرێت..بەمەش دونیای لە خۆی وروژاند

دوای ئەوە پڕوپاگەندە دەربارەی بکوژی ئەو بلیمەتە دەستی پێ کرد. سالییری دەیتوانی یارمەتی مۆزارت بدات تا لە کۆشکی ئیمپراتۆریدا، کار بکات. بەڵام نەیکرد. چونکە رقی لێی بوو.. لە کاری خستو دەرگای لە روویدا داخست و چەوساندیەوە.. لەوانەشە سالییری مۆزارتی نەکوشتبێت، بەڵام بێگومان شتی وای کردووە لە کوشتن خراپتر بێت.. چونکە ساڵەکانی داهێنانی لێ تێکداو هەرەسی پێهێنا.. ئەمەش بەو هیوایەی ئەو بەهرەیەی کە خوا بەو مرۆڤەی داوە، لە ناوی بەرێت!

کەس لەگەڵ تەرمەکەیدا نەبوو..

تەنانەت ژنەکەشی!

مۆزارت مەزنترین بلیمەتی مۆزیکە، کە یەزدان دروستی کردبێت.. لەو بارەیەوە وتویانە: بێگەردترینو پەختەترین بلیمەتی جوانەمەرگی مێژوو بوو.. مەزنترین دروستکەری مۆزیك بوو.. مەزنترین ئاوەزی داهێنان بوو.. مامۆستای هەموو شێوە مۆزیکیەکان بوو.. دانراوە مۆزیکیەکانی ٦٠٠ کاری بێ وێنە بوون، لە گۆرانیو سرودو کۆنشێرتۆو سۆناتاو ئۆپێراو سەمفۆنیا.. هەموو رەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە ئۆپێرای "دۆن جۆڤانی" کامڵترین کاری ئۆپێرایە کە مۆزیکزانێك پێش ئەو و دوای ئەو دایناببێت..

هەر لەو بارەیەوە ووتوویانە: مۆزارت ساواترین پەرجووی مرۆڤە پەرجووەکانە.. بگرە پەرجوی پەرجووەکانە.. لەسەردەمی خۆیدا، هەموو پاشاو پاپاو مامۆستاکانی ئەوروپای سەرسام کرد بوو، دوای خۆشی هەمووان پێی سەرسامن..

لە تەمەنی چوار ساڵیدا باوکی، کە دانەرو مامۆستای مۆزیك بوو دەرکی بەوە کرد کە کورەکەی منداڵێکی هەڵکەوتووە.. توانایەکی ئەوەندە بەرزی هەیە کە بە یەکجار، هەموو شتێك فێردەبێت.. هەر لەم تەمەنە بچکۆڵەدا دەیتوانی کەمانو ئۆرگۆنو پیانۆ بژەنێت.. وەك بڵێی مرۆڤێکی تر لە ناخیدا بێتو بە خێراییو بە کارامەراییو بە ووردیو بە ڕەزمێکی زیرەکانە پەنجەکانی ببزوێنێت..

لە تەمەنی پێنج ساڵیدا پارچە مۆزیکی بۆ خۆی دادەناو لەگەڵ خوشکە بەهرەدارەکەیدا دەیانژەنی.. باوکیان بە پایتەختەکانی ئەوروپادا دەی گێڕان.. خوشکەکەشی پارچەی مۆزیکی بۆ خۆی دادەنا. بەڵام هەمو بلیمەتیەکە لە کوڕە منداڵەکەدا بوو.

مۆزارت وەك هەموو منالان یاریو گاڵتەی دەکردو پێدەکەنیو دەگریا.. شتێکی نەبوو ئەو توانا لە ڕادەبەدەرەی دەربخات.. کەچی کە ئامێرێکی مۆزیکی یان قەڵەمو کاغەزی بەردەست دەکەوت، شەپۆلێکی هەڵقولاوی وتەی مۆزیکی ناسکی دەنووسیەوە.. باوکی توانای پەیداکردنی کاغەزی پێویستی نەبوو، بۆیە لەسەر زەوی یا لە جلەکانی دەی نووسین، دوایی لەبەر دەیووتەوە، یان وتە مۆزیکەکانی دەووتەوە تا باوکی کاغەزی نوێی دەگەیاندە دەستی..

کە گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری، کورتەباڵایەکی ڕەنگ زەردی لاوازی لێ دەرچوو.. هیچ سیمایەکی مەزنی پێوە دیار نەبوو.. نە شێوەی، نە دەنگی نە هەڵسو کەوتی.. مرۆڤێکی زۆر ئاسایی بوو..



بلیمەتیەکەی شاراوە بوو.. کە هێندەی بیست یان بە سەد بلیمەت دەبوو.. کە پێدەکەنی وەستانەوەی نەبوو.. لە خواردنو خواردنەوە سەماکردنیشا وەستانی نەبوو. کە دەنووست دەت وت هەڵسانی نیە.. کە لە خەویش هەڵدەسا تا تەواو شەکەتو ماندوو نەبوایە بە لای نوێندا نەدەچوو.. یەکێك لە سەماکردندا بیبینیایە وای دەزانی تەنها سەمای خێرا دەزانێت.. دەچوو بۆ مەیخانە دەیخواردەوەو سەمای دەکرد.. ئەمجا پەلاماری پیانۆکەی دەداو ئاوازی سەمای نوێی لێ دەدا، خێراو کتوپڕ هەر لەوێدا دای دەنا.. بە درێژایی ژیانی هەژار بوو، هەرگیز کارێکی گونجاوی دەست نەکەوت.. بۆیە قەرزی لە هەموو کەس دەکرد، لە سەوزە فرۆش لە قەساب. لە دارتاش.. لە دراوسێکانیشی، زۆر دڵ فراوان بوو خەڵکی بانگ دەکرد بۆ ماڵەوە.. خواردنو خواردنەوەشی بۆ قەرز دەکردن.. لای ئەو، گرنگ ئەوە بوو کە خەڵك و پێبکەنین و سەماو مۆزیکی خێرا هەبێت.. مۆزارت بە هۆی هەڵئاوسانی گورچیلەکانیەوە مرد. ئەویش بە هۆی ماندووبوون و بەدخۆراکیەوە تووش بوو.

لە تەمەنی ٣٥ ساڵ ٥٣ ڕۆژ کەم کۆچی دوایی کرد..

ڕۆژی مردنەکەی ڕەشەبایەکی توند هەڵ کردو بارانێکی بەخوڕ باری. هاوسەرەکەی نەیتوانی دوای تەرمی مێردەکەی بکەوێت بۆ بەرەو گۆڕستان.. پاش ١٧ ساڵ بۆی دەرکەوت کە چڵو چێوی مێردەکەی لە گۆڕێکی هەژارانی شار دایە!

ئەو (منداڵە)ی پیاوانو ژنانی سەرسام کرد بوو، وەك منالیش سەیریان دەکردو ماچیان دەکردو نازیان دەدایێ.. کەچی ئەو ژنانی ماچ دەکرد. بێ جیاوازی لە نێوان شاژنو ژنی ئاساییو کارەکەردا.. وە ماچی سینگو گەردنو لێوەکانیشیانی دەکرد.. لە یەکێك لەو

نامانەیدا کە بۆ باوکی ناردووەو دەڵێت: سەد لاو لە ناخمدان.. ژیان لە هەموو لەشمدا بەوپەڕی توندی دەقیژێنێت، خۆم گوێم لە بانگەوازی سێکسیە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، خۆشم نازانم چی وام لێدەکات کە ئاوا پەلاماری ژنان بدەمو بەو توندیە بکەومە ماچ کردنیان.. وە ژنانیش هاواریان بێت لەو پیاوە هەرزەکارەی ناخم..

مۆزارت خۆی لە کچان هەڵدەسوو حەزیشی لە هەموویان دەکرد.. باسی خۆی دەکاتو دەڵێت: ئەگەر هەموو ئەوانەم بهێنایە کە حەزم لێکردوون، ئەوا سەد ژنم دەبوو! حەزی لە کچێکی منداڵکارکرد، بەڵێنی پێدا بیهێنێت، پێی ووت: تۆ دوای مارەکردنی ئەو ئافرەتە دێنم، ئاماژەی بۆ ئافرەتێکی جوان کرد. کچەکەش ووتی: ئەوە دایکمە! وتی: کەوابوو با هەوڵ بدەین بە تەڵاق دانی بدەین لە باوکت! مۆزارت لە گەشتێکی ئەوروپایدا لەماڵی مامی مایەوە، سەیری کرد کچە گەورەکەی مامی خەریکی مۆزیکەو دەیەوێت ببێت بە گۆرانی بێژی ئۆپێرا.. ئەمیش بەڵێنی دایە کە لە سەفەرەکەی گەڕایەوە، بیخوازێت. کە گەڕایەوە سەیری کرد دەزگیرانی یەکێکی ترە کەوتە قسەکردن لەگەڵی. ئەویش ووتی: ئاساییە کە شوو بکەم بە پیاوێکی تر.

پاش مردنی مۆزارت لە کچەکەیان پرسی بۆچی شووی نەکرد بەو. ئەویش وتی: وام دەزانی هیچ لەبارا نەبوو و بێ بایەخە! لێیان پرسیەوە: باشە بلیمەتیەکەی بۆ تۆو بۆ خەڵکان دەرنەکەوتبوو؟ ئەویش ووتی: بلیمەتیەکەی دەرکەوتبوو بەڵام نەك لە پارەکۆکردنەوەدا.. چونکە مێژووی بلیمەتی لە ئەوروپادا مێژووی تەمەنێکی کورتو نەخۆشیەکی درێژخایانو هەژارێکی خێراییە!



مۆزارت کە بینی ئەو کچە بەرەو گەنجێکی تر رۆشت، رووی کردە پیانۆکەیو ئاوازێکی غەمناکی بەجۆشی دانا.. غەمەکان هەر بەرز دەبوونەوە تا لەڕادەی توانای مرۆڤ تێپەڕی دەکرد.. ئەو ئاوازە بوو بە ئاوازێکی غەمناکی نەمر. کچەکەش بێ ناونیشان مرد، بێ ئەوەی کەس بیناسێت.. مێژوو هەرگیز ناوی ماریا مۆزارتی نەهێنا، ئەوەندە نەبێت کە کچە مامێتی! کە لە ئاستیا کوێرایی داهاتبوو، بلیمەتیەکەی نەدەبینی.

مۆزارت نامەی زۆرو درێژی بۆ ئامۆزاکەی ناردبوو.. نامەکانی بە چەشنە موعجیزەیەکی ئەدەبی دادەنرێن، مۆزارت نەچووبووە قوتابخانە، هەر باوکی فێری خوێندنەوەو نوسینو مۆزیك لێدانی کردبوو، باقییکەی بە عەقڵە بەتواناکەی خۆی تەواوی کرد.. سەیر لەم منداڵەدا ئەوە بوو کە لە رێنووس و ڕێزماندا هەڵەی نەدەکرد.. کە دەکەوتە نوسینی نۆتە ئەوا لە پەنجەکانیەوە هەڵدەقوڵان.، نەکوژانەوە نەسڕینەوەی تیا نەدەکرد.. نووسینە ئەڵمانیەکەشی زۆر جوان بوو. نۆتە مۆزیکیەکانیشی زۆر ناسكو ناوازە بوون.. جارێکیان بە گریانەوە بە باوکی ووت: من کاتی هۆنینەوەی شیعرم نیە.. دەمەوێت مۆزیکی ئەو شیعرە دابنیم کە لە گوێما دەزرنگێتەوە.. بابە! یارمەتیم بدە، بریا دوو دەستی ترم هەبوایە.. دوانیان مۆزیکم پێ بنوسیایەتەوەو دوانیشیان شیعرم پێ بنووسینایە.. دوانیشیان وێنەم پێ بکێشانایە.. ئەوەندە دەستم پێویستە..من کاتم نیە تا لە یەك کاتدا مۆزیك لێبدەمو هەڵبەست دابنێمو وێنەش بکێشم.

مۆزارت کچێکی هەڵبژارد کە شارەزایی لەمۆزیکدا هەبوو.. کەچی بە بێ پێچو پەنا پێی ووت: من پیاوێکی کەڵەگەتی پانو پۆڕم دەوێت

نەك كورتە بنەیەكی وەك تۆ! ئەویش پێی ووت: من باڵابەرزترین پیاوم كە خوا دروستی كرد بێت.. بڕوام پێ بكە من مەزنترین مرۆڤی ئەم سەردەمەم، خۆشم لەوە دڵنیام.. ئەگەر یەكێكیش دان بە بلیمەتیەكەمدا نەنێت، ئەوە كوێرو لاڵە، یان داخ لە دڵو بەخیلە.

دایكی كچەكە: كچە بچكۆڵەكەیانی نیشاندا، دوایش هێنای. كچەكەش خۆشی دەویست.. هەر بۆیە رێگەی چوونە دەرەوەو هاتوو چۆو سەماكردنی لێ نەدەگرت.. رۆژێكیان دایكی كچە پێی ووت: گوێ بگرە! من نامەوێت ئابڕوی كچەكەم بچێت.. یان مارەی بكە یان وازی لێ بهێنە، خەڵكی كەوتوونەتە قسە.. منیش هیچ ئابڕوچوونێكم بۆ كچەكەم ناوێت.. مۆزارت كچەی خۆش دەویست، دایكی كچە پێی وتەوە كە مارەشی بكەیت دەبێت گرێ بەستێك لە نێوانتانا هەبێت.. وە ئەگەر گرێ بەستەكەش هەڵبوەشێنیتەوە ئەوا دەبێت ساڵانە بڕێك پارە بدەیت، گرێ بەستەكە نووسراو مارەش كرا. بەڵام (بووكێ) كە ناوی (كۆنستانسێ) بوو پاش گوێزانەوە گرێ بەستەكەی دڕاند و فڕێی دا.. نۆ ساڵ پێكەوە ژیان دوای مردنی مۆزارتیش، ئەو پەنجا ساڵی تر ژیا! بۆ ئەم ژن هێنانەی رەزامەندی باوكی وەرنەگرتبوو. پاش گوێزانەوە بە ڕۆژێك رەزامەندی باوكی پێگەیشت.. باوكی تێنەدەگەیشت بۆچی وا بە پەلە ژنی هێنا، كچە نەخوێندەوارەشی هێنا.. بەڵام مۆزارت فێری نۆتەی مۆزیكیی كرد بوو.. بۆیە ئاواهی بۆ باوكی باسی دەكات: ئافرەتێكی سادەیە بەڵام ماڵ پەروەرە، خۆشیشی دەوێم، هەموو شەوێكیش دەڕواتە دەرەوە بۆ سەماو خواردنەوەو بەزمو رەزم. كە دێتەوە بە یەكەوە خەوێكی خۆش دەنووین، كە بانگیشی بكەم خێرا رادەپەڕێتو خواردنم بۆ ئامادە دەكاتو ئینجا دەنوێتەوە. ئاوایە بابە! ئەو كچە بە درێژایی



ژیانی لە گەڵ مۆزارتدا هەمیشە سكی پڕ بووە، شەش مناڵی لێی بووە، دوانیان ماون. هەرچەندە مێردێكی دڵسۆز بوو. بەڵام چاو باشقاڵی ئێجگار زۆریان لێ دەگێرایەوە. كەچی هەمووشی درۆبوون چونكە بە زۆری لەماڵەوە بوو. بێ ووچان ئیشی دەكردو نوقمی داهێنان بوو. دەیەویست دابنیشێو یەكێك لە دەوری لە جووڵە دابێت. وە بە درێژایی كاتەكە داوای لە ژنەكەی دەكرد كە چی كردوەو چی ووتوەو چی خواردووەو خواردۆتەوە. داوای لێ دەكرد كە هەر قسە بكاتو نەوەستێت بە تایبەتی لە باسە بێ بایەخەكاندا.. ئەویش باسەكانی بۆ دووبارە دەكردەوە، ئەمیش نوقمی داهێنان بوو، دەی ووت: ئەم باسەم نۆ رۆژە بیستووە، بیگۆڕە! خێرا بیگۆڕە! مەوەستە هەر قسە بكە.

هەوڵ بدە بە هەڵەو گەڕاوەییو لە دواوە باسەكە بگێریتەوە! ئاوهایی: بە خێرایی رستەكانی بە ئاوەژوویيو بە خێرایی دەووت، دەتووت عەقڵی ئەلیكترۆنیە! دوای مردنی مۆزارت شووی كردەوەو لەگەڵ مێردەكەیدا لە دانیمارك دەژیا، مێردە دیبلۆماسیەكەی لە نووسینی بەسەرهاتی ژیانی مۆزارت یان كتێبێك لە بارەی ژیانیەوە یارمەتیدا.. ئەو ژنە كێشەیەكی بەجێهێشت كە مێژوونووسان دەربارەی ناكۆكن: بۆچی لەكاتی بە خاك سپاردنی مۆزارتدا، ژنەكەی لە دوای تەرمەكەیەوە نەبوو؟ ووتیان: هیلاك بوو، ووتیان: ناكۆك بووە لەگەڵی.. ماڵەكەی بەجێهێشتووەو چۆتەوە بۆ لای دایكی، لەبەر ئەوەی زۆر قەرزار بووە... خەریكی ئاوازێكی جەنازەیی بوو كە تەواوی بكات تا لە كاتی بە ڕێ كردنی تەرمەكەیدا لێ بدرێت. كە بە حیسابی خۆی، مەراسیمێكی زۆر شكۆدارو گەورە دەبێت.

دەڵێن یەکێك لە بڵاوکەرەوەکانی کارە مۆزیکەکان.. بە ژنەکەی مۆزارتی ووتووە، وریابە پارەکەی خەرج نەکەی.. ئەوەی مرد رۆیی.. ئەویش گورگێك بوو مرد! بەڵام زانایانی گەردووناسی پاش سەد ساڵ لە مردنەکەی ئەوەیان دەرخست کە رۆژی مردنی مۆزارت، باوبۆران نەبووە! هەروەها ئەوەشیان ئاشکرا کرد کە ژمارەیەك ئافرەتانی سەماکەری تیا ترۆخانەکانو سۆزانیەکانی شەو بە دوای تەرمەکەیەوە بوونو لە کاتی بەخاك سپاردنیا بۆی گریاون.

هەروەها مێژوونووسان ئەوەشیان ئاشکرا کرد: کە مردنی مۆزیکژەنەکە بە ڕێکەوت پێی زانراوە.. لە گۆڕستانی هەژارانیشدا نێژراوە.. ژنەکەشی پاش چەند رۆژێك پێی زانیوە.. بە تەنهاش چووە بۆ گۆڕستانەکە.. کەس نەبووە گۆڕەکەی پێشان بدات! ئیتر قسەو قسەڵۆك دەربارەی عیشقبازیی و دڵدارییەکانی مۆزارت سەریان هەڵدا.. زۆر ژنو ئافرەت پەیوەندی درۆیان لەگەڵیا بڵاوکردەوە، دەشیان ووت منداڵمان لێی هەیە.. مۆزارت بە ڕاستی دڵسۆزی ژنەکەی بوو.. بەدینیش بوو.. لە نەخۆشیش دەترسا.. کاتی خۆی بە ووردی لە نێوان کارەکانیدا، کارو ئاهەنگەکانی، کارو گەشتەکانی، کارو سەماو خواردنەوەو نووستندا دابەش کرد بوو.. هێزێکی توندی ناوەوەشی پاڵپێوەنەری بوو. ژنەکەی دەی ووت: لە پرخەی خەودا هەڵدەستاو دادەنیشت کە چاوی دەکردەوە هەڵدەستایە سەر پێو دەوەستا، کە دەش وەستا، بەرەو مێزەکە دەڕۆشت دەستی دەکرد بە ئاواز نووسین وەك بڵێی لە خەویدا دای نابێت.. نە دەوەستایەوە.. درێژترین ئاوازی لە یەك دانشتندا دەنووسییەوە.. بێ ئەوەی وورتەیەکی لێوە بێت.. یەکێك بیبینیایە



وای دەزانی هەناسە نادات.. یان هەناسەکانیشی دەبنە نۆتەی مۆزیك!

گرنگترین شت دەستی مێژوونووسان کەوتووە، سەدان نامەیە، کە بۆ کچەکەی مامی نووسیوە.. وە (ناشرینترین) نامەن کە مرۆڤ نوسیبێ.. ووتەی درێوی بێ پەردەی تیایە، زۆربەی ووشەکان دوو مانایان هەیە.. مانایەکیان پرکێشی دەوێت. هەمووشیان بابەتی سێکسی لەخۆ دەگرن. مێژوونوسان پێیان باشە ئەو نامانە لەمۆزەخانە تایبەتیەکانجدا هەڵبگیرێن. بۆ پاراستنی ئەو وێنەجوانەی مەزنترین مۆزیکزانی مێژووی هونەر. سەیرتر لەوەش مۆزارت، چێژی لە باس کردنی (میزو پیسایی) وەردەگرت. کە چۆن بە خور دێتە خوارەوە، پیسایی و ڕەنگەکەی.. ئەو بایانەش لێوەی دەردەچن.. باسی هەموویان دەکات و بە شێوەی ئاوازی مۆزیکی تۆماریان دەکات.. هەندێ جار بەلایەوە سەیر بوو.. بەدەم گۆرانی ووتنەوە دەیووت کە دەنگدانەوەیەکی غەمناکی هەیە.. لەو نامانەی بۆ باوکی ناردووە دەڵێت: دانیشتم.. دەنگ دوای دەنگ دەردەچوو.. لەپڕ زرمەیەکی گەورە ..پاشان تەقەی پچڕ پچڕ.. ئەمە شمشاڵێکی غەمناکە.. بڕوانە بابە! لەم وتانەشی هەیە: من مرۆڤێکی نائاساییم.. هەر بۆیە هیچ یاسایەك بەسەر لێهاتویەکەمدا ناچەسپێت..

من لە قوتابخانەدا فێر نەبووم، ئەگەر لەوێ فێر بوومایە، قوتابخانە لێهاتووییەکەمی لەناوبرد. رەبەن بوونەوەرێکی نیوە زیندووە. باوکم دەرگای بۆ من کردەوە، منیش دەرگاکانی ئاسمانو نەمریم کردەوە. بلیمەتیەکەم بێ سنوورە.. ئەوەی کۆسپیم بۆ دابنێت ئەوا زۆرداریم لێ دەکات.

دەبێت خەڵکی حەسودیم پێ بەرن‌و رقیشیان لێم بێت، من رۆژێکم هەموو چرا بچووکەکانم تیا دەکوژێتەوە!

کاتێك بەڕێوەبەری ئۆپێرای ڤییەنا پێی ووت: کەس نیە لەم جۆرە مۆزیکانە بنوسێت.. چونکە نامۆن

ئەویش ووتی: دیارە نامۆن. چونکە من وەك کەس نیم، کەسیش وەك من نابێت!

پێیان ووت: بۆچی خۆت بێفیز پیشان نادەیت؟

ووتی: خوا منی لە سەرووی خەڵکەوە دروست کردووە. ئیتر چۆن واز لە مافی یەزدانی بهێنم!

پێیان ووت: هەرچەندە مەزن بیت، پێویست فیزت نەبێت.

ووتی: کاتم بۆ ئەوە نیە

پێیان ووت: کێ دەڵێت تۆ مەزنترین مۆزیکزانیت؟

ووتی: خۆم

پێیان ووت: بۆچی ئەوە بۆ رەخنەگران لێناگەڕێیت؟

ووتی: نەء.. چونکە نایکەن.

پێیان ووت: دەبێت لەبەردەمی ئیمپراتۆردا بە ئەدەب بیت؟

ووتی: ئەی ئەو بۆ بە ئەدەب نابێت، خۆ منیش ئیمپراتۆرم.. ئیمپراتۆریەکەشم هەمیشەییە. "ئەدوارد رۆزنتال" مێژوونووس‌و مۆزیکزانی مەزن دەڵێت: مۆزیك ئەو بێگەردی‌و پوختەو رەونەق‌و پاراوی‌و گونجاوی‌و هەڵقوڵاوی جوانی‌و نەرمی‌و بەرزی‌و شکۆمەندی‌و موعجیزەی مەزن‌و قووڵییەی بەخۆیەوە نەدیوە کە لە مۆزیککانی مۆزارتدا هەن. کە رووناکی دەگرێت‌و دەنگێکی ئەفسوناوی نازداری پێدەبەخشێت. ئەگەر ئەوە مەزنی نەبێت، ئەوا شتێکە لە سەرووی مەزنییەوە!



## بابە ئەی ئازیزترین کەس

وشەکانی مۆزارت لە نامە ئەدەبییەکانیا ناسکن، بەڵام تیژیشن، خۆی لەوپەڕی ئەدەبدایە.. بەڵام هەرچیشی بوێت دەیکات. رێزی گەورەی بۆ باوکی هەبوو.. باوکیشی لە بارەی داراییەوە مەسرەفی ئەمی بۆ هەڵنەدەسوڕا.. کوڕەکەی سەرقاڵی داهێنان بوو. بە هەژاری ژیا و بە هەژاریش مرد. زۆر هەوڵی دابوو کارێکی باشی دەست بکەوێت.. کە پارەشی دەست بکەوتایە، دەست بڵاو بوو، ئەگەر دەستی نەکەوتایە، بۆی عەوداڵ دەبوو، دەکەوتە قەرزکردنی..

باوکی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو زوو ژن بهێنێت، چونکە وای دەزانی زیات دەژی، هەروەها لەگەڵ خواستنی ئەو کچە سادە نەزانەشدا نەبوو. بەڵام مۆزارت لەو کچە باشترو بە وەفاتری دەست نەدەکەوت. بۆ بەجێگەیاندنی پێویستیەکانی. بۆیە پێش ئەوەی رەزامەندی باوکی وەربگرێت، کچەکەی هێنا..

ئەمانە هەندێك لەو نامە جوانانەن کە (ڤۆلفانگ ئەمادیۆس مۆزارت) بۆ باوکی نووسیوە، هەندێکی تریشیان نامەی باوکی‌و دەزگیرانەکەیەتی، کە دوایی بوو بە هاوسەری..

ئەم نامانەم لە کتێبێك وەرگرتووە بە ناونیشانی (مۆزیکژەنەکەش دڵداری دەکات) کە (سریمل کلارك)ی مێژوونووسی بەریتانی، لە هامبۆرگ ساڵی ١٩٥١دا، بە زمانی ئەڵمانی بڵاوی کردەوە.

(١)

ڤییەنا لە ١٧٨١/١٢/١٨

بابە ئەی ئازیزترین کەس

داوام لێ دەکەیت وتەی کۆتایی نامەکەی پێشوومت بۆ روون بکەمەوە، حەق بە تۆیە.. ئای چەند بەختەوەرم دڵمت بۆ بکەمەوە! تۆ لە نامەکەی خۆتا ووتووتە: ناشێت بیر لەمانە بکەیتەوە.. هەرچەندە هەمو کات بیرکردنەوە گونجاوە.. من دەتوانم برێك پارە بە دەست بهێنم بۆ ژنهێنانەکەم.. ئایا بیری ژن هێنانەکەم تۆی شەڵەژاندووە، گەرچی تەمەنیشم ٢٦ ساڵانە؟. تکات لێدەکەم دەکەم تۆش دڵی خۆتم بۆ بکەرەوە، تا منیش بیرەکانی خۆمت بۆ بخەمەڕوو.

ئەی ئازیزترین کەسم بابە: دەنگی ئارەزوو لە هەموو جەستەمەوە هاوار دەکات، زیاتر لە هەموو ئەو لاوانەی دەیان ناسم. خۆشم باش مانای ئەم قسەیەی خۆم دەزانم. بڕوام پێبکە. من ناتوانم وەك لاوانی ئەمڕۆ بژیم، بە دوای ئافرەتی خراپەوە بەو شوێنیان بکەوم. چونکە، یەکەم من مرۆڤێکی دیندارم، لە نەخۆشیش دەترسم، دەمەوێت بەهێمنیو ئاشتی بژیم. دەبێت بۆ خواردنو خواردنەوەشم پاڵپشتێکم هەبێت.

بە درێژایی تەمەنم پشتم بە دایکی خوالێخۆشبووم بەستبوو. حەزم لە ژیانی رێکوپێكو داڕێژراوە. ئەو ئافرەتەش کچێکە لە خێزانی (ڤێبەر). کچە گەورەکەیان تەمەڵو پیسو خراپ و هیچ و پووچە.. دایکیشی لە خۆی خراپتر. بچوکەکەشیان، ساویلکەیە.. خوا بە دووری کات لە گێچەڵ.. ناوەنجیەکەشیان (کۆنسانتا)یە بە دەستی خێزانەکەوە گیری خواردووە. لە هەمووشیان دڵپاکترو زیرەکترە، لە هەمووشیان باشترە. ئەرکی ماڵ بەڕێوەبردنی لەسەرەو کەسیش مەمنونی نیە. لێم گەڕێ با بۆت وەسف بکەم: ناشیرین نیەو جوانیش نیە. جوانیەکەی لە چاوە رەشە بچوکەکانی و لەشو لارە جوانەکەیدایە، لە بیرکردنەوەدا خێرا نیە بەڵام دەرك پێکردنی باشەو



وای لێ دەکات توانای بەجێ گەیاندنی ئەرکی ژنو مێردایەتی هەبێت، جلو بەرگی گونجاو دەپۆشێتو پۆشاکی پاكو خاوێن.. شۆخ نیە، خۆشی دەوێمو منیش خۆشم دەوێت، کەوابوو ژنی لەمە باشترم دەست ناکەوێت؟ حەز دەکەم ئەوەشت پێ بڵێم ئەو کاتەی وازم لە کارکردن لە ماڵی گەورەی قەشەکان هێنا، هێشتا خۆشەویستی لە نێوانماندا دروست نەبوو بوو.. هۆی خۆشەویستیەکەش سۆزو گرنگی دانی ئەو بوو، ئەو دەمەی لە ناو خێزانەکەیاندا بووم، ئەوەی ئاواتمە ئەی باوکی ئازیزم برێك پارە دەست بخەمو هەردووکمان پێی بژین.

ئەوەی لە دڵما بوو بۆم دەرخستیت، چاوەڕوانم ئەوەی لە دڵی تۆشدایە بیخوێنمەوە.

هیوادارم بەزەییو سۆزو چاودێریت هەر بەردەوام بێت، هەردوو دەستەکانت هەزار جار ماچ دەکەم. هەمیشە کوڕی گوێ رایەڵتم.

ڤۆڵفگانگ مۆزارت

(٢)

ڤییەنا

١٧٨١/١٢/٢٢

بابە ئەی ئازیزترین کەس

تکات لێدەکەم گوێ مەدەرە ئەو درۆو دەلەسانەی لە بارەی منەوە پێت دەگات. من هەرگیز ژن ناهێنم. من توانای خەرجی ژنم نابێت. من چاوەڕێم داهاتێکی گونجاوم ببێت، ئەمجا ژن بهێنم. بە هۆی ئەو خاسیەتانەی لە (کۆنستانسی)دا خۆشەویستا هەیە ئەوا لەو باشترم دەست ناکەوێت.

ئەم کچە باوکی نەماوە، خزمێکی چاودێریان دەکات، خزمەکەیان داوای لێ کردم کە بچمەپێشەوەو بیخوازم.. ئەگینا پێویست ناکات سەردانی بکەم و لە دەرەوەو ماڵەوە بیبینم.. بابە! سوێندت بۆ دەخۆم لە دەرەوە یەکجارم نەدیوە.. دایکیشی بە خزمەکەیانی ووتووە: من کوڕێکی باشمو سەریان لێدەدەم. ئەو بۆی نیە نەهێڵێت سەریان لێ بدەم. پیاوەکە سوور بوو لەسەر مارەکردنی، ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵدا نەیهێنم، پێویستە بۆ هەر ساڵێك (١٥٠) پارە مارەیی بدەم. باشە من چی بکەم، کچەکەم خۆش دەوێت؟ بۆیە مارەم کرد. کە خزمەکەیان لەوێ نەما (کۆنستانسی)ی خۆشەویستم داوای گرێ بەستەکەی لە دایکی کردو دڕاندی ووتی: نێوانی منو ئەو گرێ بەستی ناوێت، من باوەڕم بە هەموو قسەکانێتی.

ئەوە وای لێ کردم زیاتر خۆشم بوێت. بابە تکات لێ دەکەم لێم ببووریت من شتێکم نەکردووە بێ ڕەزامەندی تۆ بێت. گەر دەتەوێت راستگۆبمو ڕێزی خەڵکی بگرمو خەڵکیش ڕێزم بگرێت.

شتێکی تریش هەیە دەمەوێت ئاگادارت بکەم لێی، پیاوەکەی خزمیان کە سەرپەرشتی خێزانەکەیانی دەکرد بردمیە لایەکەوەو پێی ووتم: گێلە! بۆ ژن دەهێنیت؟ دەنکێك بۆ خۆت پەیدا بکەو بە خۆشی رابوێرە.. بەڵام وا دیارە بیرو باوەڕە پڕو پووچە ئاینیەکانت نایەڵێت وا بکەیت.. بابە رێگەم بدە با دەستەکانت هەزار جار ماچ بکەم. لەناخی دڵمەوە خوشکە خۆشەویستەکەشم ماچ دەکەم. هەر دڵسۆزترین کوڕت دەبم.

ف.ا.مۆزارت

(٣)

بابە ئەی ئازیزترین کەس



نامەت نیە. ئایا لێم زویر بوویت؟ چونکە بۆ ماوەیەك ژن هێنانەکەم لێ شاردبوویتەوە؟ حەق بەتۆیە. ئەوە هەڵەی خۆمە هۆکەشی خوو رەوشتو ئاینمە. من کە هەڵە دەکەم، شەرمەزار دەبم لەوەی بەرگری لە خۆم بکەم. هیچ هەواڵیشم لا نیە. ئیتر تا بەیەك دەگەینەوە.. تکایە لێم ببورە. لە سۆزی خۆت بێبەشم مەکە. ئەگەر لە (کۆنستانسی)ی خۆشەویستم دوور بم هەرگیز بەختەوەر نابم. تکایە ئەی ئازیزترین باوك یارمەتیم بدە. منیش هەمیشە کوڕی ملکەچتم.

ف.ا.مۆزارت

(٤)

ڤییەنا

١٧٨٢/١/١٦

ئەی ئازیزترین کەس

ئەمە تەواوی ڕووداوەکەیە: ئەو پیاوەی سەرپەرشتی خێزانەکە دەکات.. لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری شانۆشە.. هەموو ژیانم لە ژێر دەستیایەتی.. دەبێت هەموو کارە مۆزیکیەکانم بدەم بە ئەو. ئەم پیاوەش پەیوەندی بەهێزی هەیە بە بەڕێوەبەری ئۆپێراوە.. هیچ چارەم نەبوو لەوەی کردوومە، تکا دەکەم بڕوا بە قسەکانی نەکەیت کە دەڵێت خەسووم ئافرەتێکی دەست بڕە.. نەخێر بڕوا بە یەك قسەی نەکەیت.. چونکە ئەگەر وا بوایە من چۆن رازی دەبووم لە گەڵیاندابمو کچیشیان لێ بخوازم.. راستە مەی دەخواتەوە بەڵام تاکە کەسیانە بخواتەوە، کچەکانی وەك منو خوشکەکەم ئاو دەخۆنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەخواتەوە، نەمدیوە سەرخۆش ببێت. من درۆ ناکەم خۆشت دڵنیایت کە درۆ ناکەم.

ڕێگەم بدە هەزار جار دەستەکانت ماچ بکەم. دڵنیات دەکەم هەمیشە کوڕی گوێ ڕایەڵت بم.

ف.ا. مۆزارت

(٥)

ڤییەنا

١٧٨٢/٣/٣١

ئەی ئازیزترین کەسم بابە

نەمتوانی کۆپییەکی نۆتەی تازەترین کاری خۆمم بۆ بناردیتایە. بەڵام ئێستا کۆپییەکی ئەو (سۆناتا)یەت بۆ دەنێرم کە لەم دواییەدا نووسیومە. لە ڤییەنا دەنگێکی گەورەی داوەتەوە.. بە هەزاران کەسی ڕاکێشا. دەیان مۆزیکزانی داخ لە دڵو بەخیلیش ئامادەی بوون. تکا ئەکەم نەی دەی بە کەسی تر، تەنها خوشکەکەم نەبێت.

پاکەتێکی زەردی بۆنم بۆ ناردویت.. تابلۆ هونەریەکەش لە بارەی لادێی ئینگلیزیەوەیە. دوو کارتیش بۆ خوشکە ئازیزەکەشم دەنێرم، ئێستا لە ڤییەنائەم جۆرە کارت ڕەوانەکردنانە بووە بە باو. هەردووکیان (کۆنستانسی)ی خۆشەویستم دروستی کردوون. ناشزانێت خوشکەکەم حەزی لە چ ڕەنگێکە؟ کۆنستانسیێ داوا دەکات ڕێگەی بدرێت نامەیەك بۆ خوشکەکەم بنێرێت. ڕێگەم بدە هەزار جار دەستەکانت ماچ بکەم. لە قولایی دڵیشمەوە خوشکەکەشم لە ئامێز بگرم.. هەمیشە کوڕی ملکەچت دەبم.

ف.ا.مۆزارت

(٦)

ڤییەنا

١٧٨٢/٤/١٠



بابە ئەی ئازیزترین کەس

من بەختەوەرم بەوەی هەموو شتەکانت وەرگرتووەو دیاریەکەشم دڵخۆشی کردووی. خوشکیشم بە دوو کارتەکە دڵخۆش بووە وە کۆنستانسێش ئەوەی پێ خۆشە.

بابە دەمەوێت بڵێم: ئەو دیارییەی بۆم ناردیت، نەم کڕیبوو. بەڵکو لە یەکێك سەرسامێکەوە وەرم گرتبوو. حەزیش دەکەم پێت بڵێم: دایکی کۆنستانسیێ دەخواتەوە. سەیر لەوەدایە هەوڵیش دەدات کە کچەکانیشی وەك خۆی بخۆنەوە. بەڵام ئەوان بە قسەی ناکەن. منیش سەرم لە ڕەفتاری ئەم ئافرەتە سووڕماوە.

هەزار جار هەردوو دەستەکانت ماچ دەکەم. لە ناخی دڵمەوە خوشکم لە باوەش دەگرم ..هەمیشە دڵسۆزترین کوڕت دەبم.

ف.ا.مۆزارت

(٧)

ڤییەنا

١٧٨٢/٤/٢٠

خوشکی خۆشەویستم

خۆشەویستی ناو دڵی کۆنستانسێی ئازیزی من، پاڵی پێوە نا نامەت بۆ بنووسێت. ئایا تۆش دەفەرموێت بەختەوەری بکەیتو وەڵامی بدەیتەوە؟ ئەمە ئاواتی منە. ئەو ناوێرێت بە دایكو خوشکەکانی بڵێت کە نامەی بۆ ناردویت. خۆشت هۆکەی دەزانیت. هیوادارم نوێترین دانراوی خۆمت بۆ بنێرم. من بەوە بەختەوەر بووم کە دیاریەکەت بە دڵ بووەو بە زەوقی تۆ بووە. هەزار جار ماچت دەکەم. هەر برایەکی دڵسۆزت دەبم

ف.ا.مۆزارت

(٨)

ڤییەنا

١٧٨٢/٢/٢٠

خانمی بەڕێزو دۆستی بەنرخم

نەم دەتوانی خۆشەویستیەکەی دڵمت بۆ دەربڕم.. تا براکەت پێی ووتم ئەگەر نامەیەکت لە نەناسێکەوە بۆ بێت، پێت خۆش نیە. ئەمەی بۆم نوسیویت هی کەسێکە بەشداری خۆشەویستیەکەی مۆزارتت لەگەڵدا دەکات.. تۆش هەمان ئەو ناوەت هەیە کە سەرچاوەی خۆشەویستیمە. هیوادارم کە لە خۆمو برا ئازیزەکەت گەرمترین سڵاومان وەرگریت. و سڵاوم بۆ باوکیشت. و هەزار جار دەستەکانی ماچ دەکەم.

کۆنستانسێ

(٩)

ڤییەنا لە ١٧٨٢/٤/٢٩

ئازیزترین هاوڕێم کۆنستانسێ

ئاساییە کە بڵێم هاوڕێمیتو ئازیزترین هاوڕێشمیت. تۆ ئازیزترین کەسمیت، تەنانەت ئەگەر نەشبین بەژنو مێرد. ئەوەی لە نێوانماندایە بەهێزە.. من هەر زۆرم خۆش دەوێیت.. بەڵام نازانم تۆ بۆچی وا لەبەردەمی خەڵکیدا لەبەردەم سەرت شێواندم؟ چۆن تۆ لەناو خەڵکیندا بڵاوت کردەوە کە پەیوەندی نێوانمان نامێنێت؟ ئەوەش هەمووی لەبەر ئەوەی من قایل نەبووم بەوەی کەسێکی نەناسراو لەبەردەم خەڵکیدا پێوانەی کەمەرو ڕانت بگرێت.. من خۆم ناتوانم لەبەردەم خەڵکاندا ئەوە بکەم: ئەگەر ئافرەتێکی چینی دەوڵەمەند ئەوە بکات ئەوە کەیفی خۆیەتی، ئێمە لە چینێکی



جیاوازترین، چینێکی بە ڕەوشتو پارێزراوو ڕێزدار. من ئەم هەڵسو کەوتەم پێ خۆش نیەو بە باشی نازانم. تەنانەت ئەگەر نەشبین بە ژنو مێردی یەکتری. من ئامۆژگاریت دەکەم وا نەکەیت. ئەگینا بە ئەندامی چینە خراپەکان دادەنرێیت.

هیوادارم لە خۆشەویستیی قوڵی من دڵنیا بیت ئەی خۆشەویسترین کەس

ف.ا.مۆزارت

(١٠)

ڤییەنا لە ١٧٨٢/٥/٨

با بە ئەی ئازیزترین کەس

نامەکەتم وەرگرت. نامەی خوشکیشم بۆ کۆنستانسێ وەرگرت، نامەکەم دایێ و خۆشیەکی گەورەی بەرپاکرد. وەڵامیشی دەداتەوە. بەمەش پەیوەندی نێوانیان بەهێز دەبێت. دەمەوێت لە خوشکم بپرسم ئایا لە سالزبۆرگ کراسی ژنان ئۆیە و پەڕپەڕە؟ وە ئایا حەز دەکات ئۆیە و پەڕپەڕە لە کراسەکانیدا هەبێت؟ چونکە لێرە باوێتی. ئایا دەتوانێت پەڕپەڕەکان بخاتە دامێنی کراسەکانیەوە؟ تکایە بزانم چ ڕەنگێکی لا جوانە. ڕەنگە باوەکانی ئێرە سپیو ڕەشو سەوزو شینە، کراسە ئاوریشمیەکان لێرە پەڕپەڕە لە لۆکە دەکەن، کەسیش ئاوریشمو لۆکەکەی بۆ جیا ناکرێتەوە، بە دەست لێدان نەبێت.

بۆیە لە لۆکەیە چونکە شتنی ئاسانە.

تا بەیەک گەیشتنەوە.. لەگەڵ ماچ کردنی دەستەکانت هەزار جار. هەمیشە کوری ملکەچت دەبم.

ف.ا.مۆزارت.

(١١)

ڤییەنا لە ١٧٨٢/٣/١٣

با بە ئەی ئازترین کەس

تۆ دەزانیت کە من نیازم باشە، من بۆیە ئەو سەمفۆنیا تازەی دامناوە بۆم نەناردی، چونکە پێویستی بەدەستکاری هەیە.. ئەمجا کارە هونەریەکانی تریش کە بۆم ناردیت پارەی زۆر کەوات لەسەرم..

نامەکەی ئەم دواییەت زۆر ساردو سڕو بێموبالات بوو. جارێ هیچ رادەربڕینی تیا نەبوو بەرامبەر ئەو سەرکەوتنە مەزنەی بەدەستم هێنا بوو. ئەویش کاتێك کە کارە هونەریەکانم لەسەر شانۆی ئۆپێرا نومایش کران.

ئۆپێراکە لە رووی ژمارەوە تەواو بوو، خۆم زۆر (جوڵە) مۆزیکیەکانم دەرهێنا بوو. ئەم سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکانە، رق و قینی یەك لە دوای یەکی خەڵکانی زۆرم بۆ دروست دەکات.

چاوەڕوانی نامەتم کە خۆشحاڵی خۆتم بۆ ئەم سەرکەوتنەم بۆ دەربڕیت، رەزامەندیش بیت بەرامبەری ژنهێنانەکەم، باوکیشم ناڕازی نەبێت. کۆنستانسێ کچێکی باش و رێزدارە. من دەتوانم بەخێوی بکەم. هەردوکیشمان یەکتریمان خۆش دەوێت و دەشمانەوێت ژن و مێرد بین. بابە! ئەوەی تۆ نوسیبووت هەمووی ئامۆژگاری بوو، تازە، پاش ئەوەی رێگاکەم تا کۆتایی بڕیوە، ئامۆژگاری سوودی نیە. بە ڕاستی و خۆشەویستی و سوور بوون لەسەر ژن هێنان. بە هیوای بە دەست هێنانی هێمنی و بەردەوامیمە لە داهێناندا.

خوا لێمان پیرۆز کات، تا بەیەك گەیشتنەوە. لەگەڵ هەزار جار ماچ کردنی هەردوو دەستەکانت، لە کوڕی هەمیشە مل کەچتەوە. لە دڵمەوە خوشکیشم ماچ دەکەم



ف.ا.مۆزارت

(١٢)

ڤییەنا لە ١٧٨٢/٨/٢

خانمی خۆشەویستو مەزنو بەڕێز

سوپاسی بێپایانم بۆت

رێگەم بدە با هەندێك لە خەمەکانی خۆمت بۆ هەڵڕژێرم.. کارەکەرەکەت هاتو ئەو نۆتە مۆزیکییەشی پێبوو، کە بۆم ناردبویت، داوای لێ کردم لەسەر کاغەزێك ئیمزای وەرگرتنەوەی بۆ بکەم.. ئینجا شتێکی ئابڕوبەرانەی هێنایە گۆڕێ، داوای لێبوردنی لێ کردم و پێی وتم کۆنستانسێی خۆشەویستم بنێرمەوە بۆ ماڵی دایکی، ئەگینا دایکی بە پۆلیس دەیباتەوە. خانمەکەم، ئەوە لەکەیەوە پۆلیس خۆی دەکات بە ماڵاندا؟. رەنگە مەبەست ئەوە بێت کۆنستانسێ رابکێشرێتەوە بۆ ماڵێ دایکی.. جا لەبەر ئەوە ئەمڕۆ بێت یان سبەینێ مارەی دەکەم. چونکە ئێمە بێ یەکتری ژیانمان نیە. هیوام ئامۆژگاریتە ئەی خانمی بەڕێزو مەزن. تۆ هەموو لایەك دەناسیت و ئێمەش هەموومان لە سایەی سۆزو بیری رووناك و رێزو گەورەییتانا دەژین. هەرگیز ناهێڵم ئەو کچەی خۆشم دەوێت، ئابڕووی بچێت. لە ماڵ ناچمە دەرەوە، چاوەڕوانی بیرو ڕا چاکەکانت دەبم. رێگەم بدە هەزار جار دەستەکانت ماچ بکەم، هەمیشە مەمنونی چاکەی تۆم.

تێبینی: کۆنستانسی خۆشەویستم لەم بارەیەوە هیچ نازانێت

ف.ا.مۆزارت

(١٣)

سالزبۆرك ١٧٨٢/٨/٧

با بە ئەی ئازیزترین کەس

کۆنستانسی خۆشەویست و هاوسەری ئێستام، ڕێز لە هەستەکانم دەگرێت، هەموو زروفێکم دەزانێت و خۆشیشی دەوێم، لەپێناوی مندا، قوربانی بە دوا ڕۆژی خۆی دا.. هەزار جار دەستەکانت ماچ دەکەم خۆشەویستی مەزنم بۆت نوێ دەکەمەوە، خۆشەویستی کوڕ بۆ باوکی خۆی.

دڵنیام کە بە ژن هێنانەکەم قایل بویت. گەرچی قایل بوونەکەت تاقە ڕۆژێکیش دوا کەوت.. چونکە کاتی مارەکردن دیاری کرابوو، ئەشمزانی کە تۆ قایل دەبیت. ئاهەنگێکی ئێوارە وەختەمان سازدا.. گرێ بەستەکەمان ئیمزا کرد.. منو کۆنستانسی چووینە پەنایەکەوەو دەستمان کرد بە گریان. خەڵکەکەی دەورویشمان دەستیان کرد بە گریان. سەریشیان لەو خۆشەویستیەی نێوانمان سووڕ مابوو ، کە چیمان پێدەکات.

باوکی ئازیزم درۆت لەگەڵ ناکەم. خۆشم نازانم چۆن بوو.

مارشێکی مۆزیکیت بۆ دەنێرم. هیوادارم کە نیوەی یەکەم تیژ بژەنرێت، نیوەکەی تری لەسەرخۆ لێبدرێت.

خۆمو خێزانەکەم هەزار جار دەستەکانت ماچ دەکەین. بەوپەڕی گەرمیشەوە خوشکم ماچ دەکەین. من هەمیشە کوڕی ملکەچت دەبم.

ف.ا.مۆزارت

(١٤)

خاتوونی ڕێزداری مەزن

من وام دەزانی فەیلەسووفەکان لە هەموو کەس کەمتر دەدوێنو زیاتر بیردەکەنەوەو سووکتر سەیری دنیا دەکەن. کەچی بێ ئەوەی بە خۆم بزانم بۆم دەرکەوت من فەیلەسووفم.



من زۆر لە (ئەمادۆس)ی کوڕم دەترسم، ماندوو ببێتو تووشی ڕارایی و دڵەڕاوکە ببێت

خاتوونەکەم هەوڵ بدە فێری دان بەخۆداگرتنی بکەیت.. تا ئەو بەهرە خوداییە تەواو بکات. من دەزانم ئەگەر بمرێت ئەوا (سالییری) مۆزیکیزان یەکێکی تر دێنێت بۆ هەمان شوێنو هەمووکارەکانی ئەم دەشوێنێتو دەیانشارێتەوە. من خۆم کوڕی خۆم دەناسم، زۆر توندڕەوە لە خواردنو خواردنەوەو کارکردنا.. لە پارە خەرج کردنیشا دەست بڵاوە. نەشی بێت بە دوای دەکەوێتو قەرز لەهەموو کەس دەکات. خانمە مەزنەکەم یارمەتی بدەهەموومان قەرزاری چاکەی تۆو (بۆچوونی) ژیرانەی بێ سنورت دەبین. هەمیشە خۆشەویستیو سوپاسم بۆ تۆیە.

باوکی مۆزارت

(١٥)

ڤییەننا

٣ / ٥ ١٧٨٣

ئازیزترین کەس باوکی خۆشەویستم

منو ژنەکەم ئێستا لە دەرەوەی شارین. هەوا زۆر خۆشە. ژنەکەم پێویستی بە حەوانەوەیە. سکیشی هەیە. بۆیە پێویستی بە وەرزشە. دوایی نامەیەکت بۆ دەنێرم کە بە درێژی باسی کردنەوەی زۆربەی ئەو دانراوە مۆزیکییەکانەت بۆ دەکەم کە بەم دواییە دامناون.

خۆمو ژنەکەم هەردوو دەستەکانت ماچ دەکەین. لە ناخی دڵمەوە خوشکم لە باوەش دەگرم. من هەر کوڕێ ئەڵقە لە گوێتم

ف.ا.مۆزارت

(١٦)

ڤییەنا لە ١٧٨٣/٦/١٨

ئازیزترین باوك باوکی خۆشەویستم

پیرۆزت بێت! بویت بە باپیر. ژنەکەم کوڕی بوو. تەندروستی باشە، وەك گا قەڵەوە. کات ژمێر یەکی بەیانی ژان گرتی‌و دایکی‌و مامانم بۆ هێنا. کات ژمێر شەش‌و نیوی بەیانی کوڕەکەی بوو. ئەو شەوە، لە ترسی تای دوای منداڵ بوون نەنووستین. بڕیارماندا سستەرێك شیری مەمکی بداتێ. حەزم بەوە نەبوو، بەس چارە نەبوو. ئەبوایە باوکێکی ڕۆحیش هەبێت. یەکەم کەس کە منداڵەکەی بینی، وتی با ناوی منی لێ بنرێت. با ناوی (ریمۆند) بێت. منیش (لیۆپۆڵد)م بۆ زیاد کرد و بوو بە (ریمۆند لیۆپۆڵد). ناوی تۆ نیوەی ناوەکەیەتی. من‌و ژنەکەم (کۆنتستانسی) هەزار جار هەردوو دەستەکەت ماچ دەکەین هەمیشە کوڕی دڵسۆزت دەبم‌و لە هەمووکاتیش زیاتر ملکەچتم.

ف.ا.مۆزارت

## چیا نابێت بە دۆڵ

هەموو جیهان ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٩٣ ساڵ بەسەر لە دایك بوونی گەورەترین مۆزیکزاندا کە یەزدان دروستی کردوە، ئەویش: ڤۆڵفگانگ (ئەمادیۆس) مۆزارتە. کە لە ٢ی یەنایری ساڵی ١٧٥٦دا، لە دایك بووە. هەموو پایتەختەکانی جیهان بۆ خۆیان‌و بۆ هەموو جیهانیشی دەسەلمێنن کە پەیوەستن بە



شارستانێتی مرۆڤایەتیەوە.. بە ئاگان‌و چێژ وەردەگرن‌و سوپاسگوزاری ئەو بلیمەتەن.

مۆزارت لە ٣٠ ساڵدا ٦٢٦ کاری مۆزیکی داهێناوە، لە ٤٥ بەرگدا بڵاوکراونەتەوە، ٥٠ سیمفۆنیاش کە گرنگەکانیان، (٢٨و ٣١و ٣٨و ٣٩و ٤٠و ٤١) ن. (٢٢) ئۆپێراش کە گرنگەکانیان: شمشاڵی ئەفسوناوی، زەماوەندی ڤیگارۆ، دۆن چۆڤان، سەرای) ن کە هەموویان (بە ئەڵمانی) دانراون. ٢٧ کۆنشێرتۆی پیانۆو ٦ کۆنشێرتۆی کەمان‌و ٨ کۆنشێرتۆی ئامێری هەوایی و ٢٦ چوار خشتەکی ژێی و ٦ پێنج خشتەکی ژێیی) ن.

ئەگەر هەموو ئەم کارە جوانانە یەك بەدوای یەکدا بژەنرێن، پێویستی بە هەشت شەوو ڕۆژ هەیە.

شاری سالزبۆرگ کە ئەوی تیا لە دایك بووە، بووکی هەموو شارانە.. بە ملیۆنەها خەڵك رووی تێدەکەن. لە هەموو شوێنێکا ئالاو وێنەو پەیکەرو مۆزیك‌و شیکولاتە هەیە کە وێنەو ناوی ئەویان لەسەرەو خەڵکی بەرەو پیریان دەچن.

حکومەتی نەمسا وێنەی ئەو مۆزیکەزانەی لەسەر پارەی پێنج هەزار (شلنگ)ی چاپ کردووە.

یەکێتی بلیاردی بەریتانی، لە یادی تێپەڕبوونی دووسەد ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مۆزارتدا، گەشتێکی بە دەوری جیهاندا سازدا. مۆزارت خووی پێوە گرتبوو لە کاتی ژەنینی مۆزیکە مەزنەکانیدا، یاری بە پرتەقاڵێك دەکردو بەردەوام بە ڕاست‌و چەپدا هەڵی دەداو دەیگرتەوە، ئیتر هەتا تا لە دانانی دەبووەوە، وەك بڵێی یاری بلیارد بکات وابوو. ئەم منداڵە بلیمەتە، منداڵێتی و یاریکردنی لە دەست چوو بوو.

یابان بە میلۆنەها پەیکەرو لەیستۆکی منالانەی دروست کرد، ئەمەش خۆزگەی مۆزارت بوو. لە (سەنتەری لینکۆڵن) لە نیویۆرک، ئاهەنگێکی شکۆمەند سازدرا. لە ئاهەنگەکەدا بڕیاردرا لە ماوەی ١٩ مانگدا، هەموو کارە هونەرییەکانی مۆزارت نمایش بکرێت. هۆڵەکانیش بخرێنە سەر پشت بۆ تیپە مۆزیکیەکانی هەموو دنیا، تا ئۆپێراو سیمفۆنی و سۆناتاو کۆنشێرتۆکانی مۆزارت نمایش بکەن.

(یوسف) ئیمپراتۆری دووەم کە گوێ بیستی مۆزیکی مۆزارت بوو، وتی: نازدارە بەڵام تاکە عەیبی ئەوەیە پڕ مانایە!

ئیمپراتۆر ئەم دەوڵەمەندیە هونەرییەی بە نەنگی لە قەڵەم دا!

چایکۆفسکی مۆزیکزان وتی: من بۆیە مۆزارتم خۆش دەوێ چونکە (مەسیحی) مۆزیکە!

ڤاگنەری مۆزیکزان وتویەتی: گەورەترین بلیمەتی سەردەمی خۆیو هەموو سەردەمەکانە.

بەرناردشۆ ووتویەتی: مۆزیکەکەی جوانترین ئاوازە لە نێوان پەنجەکانی یەزدانەوە هاتبێتە دەرەوە.

ئێستا لە نیویۆرک فلیمی (ئەمادیۆس) لەسەر شانۆ نمایش دەکرێت، ئەم فلیمە هەشت خەلاتی ئۆسکاری وەرگرتووە بۆ دەرهێنەرو دانەری یەکەمو دووەمو ئەوەش کە مۆزیکو دەنگی مۆنتاج کردووە.

زۆرینەی بینەرانی فلیمەکە، شایانی خەلاتەکانی ئۆسکارن، چونکە هەر یەکەی بیست جار ئەو فیلمەیان دیوە. من خۆم یەکێکم لەوانە. لەگەڵ سوپاسی زۆریش بۆ دانەرو دەرهێنەرو هونەرمەندانی نواندن. لە پێش هەموویانەوە، مۆزارتی نەمرو ساکار.



گەورەترین رەخنەگری سەردەم لەو بارەیەوە ووتویەتی: ووتەکانی بۆ قوتابیان ئاسانە و بۆ مامۆستایان گرانە.

ئەمە ئاسانی گرانە – ئاسانە بۆ قوتابیەکی بچووک کە بیژەنێت، بۆ مەزنترین مۆزیکزان قورسە کە دایبنێت.

سەنتەری (لینکۆڵن) هەموو کارە هونەرییەکانی نمایش دەکات تەنانەت ئەوانەشی کە تەواوی نەکردوون. وەك ئۆپێرای (چاوەکانی قاهیرە). مۆزارت حەزی دەکرد لەم جۆرە فێستیڤالانەدا بەشداری بکات لە: گۆرانیو سەماو گەمە شیرینەکانی. حەزیشی لە مەیخانەو شانۆکانی ئەو (ڤییەنا)یەش بوو، کە تیا کۆچی دوایی کرد. رق و کینەی مۆزیکزانەکانی تر بوونە هۆی کوشتنی. بۆیە لە بری تاوانو گوناهەکانیان، ئاهەنگی گەرم دەگێڕین بۆ هەموو ئەو ئۆپێرانەی دایناون، کە هەموو جیهانی داهێنانو مۆزیکی هەژاند بوو، (شینبرۆم)ی کۆشکی شاهانەش، دیوارو کەلوپەلەکانی کۆشك دەگۆڕێن بۆ زێر، لەم کۆشکەدا، بلیمەتی مۆزارتی شەش ساڵانە کەوتە روو. هەر لەم کۆشکەدا چووە سەر کۆشی (ماریاتریزا) کچی ئیمپراتۆر و بە توندی کەوتە ماچ کردنی، ئەویش وتی ماچەکانی ئەم منداڵە، ماچی ساویلکانە نەبوون!

ئێمە لە زمانی عەرەبیدا بەوەی مۆزیك دادەنێت، دەڵێین مۆزیکزان. چل ساڵ دەبێت، کە ئێمە جیاوازی نێوان مۆزیك – هونەری مۆزیك – و مۆزیکزان – ئەو کەسەی سەرقاڵی ئەم هونەرەیە – مان کردووە.

لەو کاتەوە ئەبێت ئێمە هونەرمەند لێك جیابکەینەوە. ئەوەی خەریکی مۆزیکە، پێی دەڵێین مۆزیکزان. (مۆزیك) یش هونەرەکەیە.

عەرەبەکان ووشەی (مۆزیکزانیان)یان بەکار هێناوە بۆ ئەوانەی مۆزیك دادەنێن. تیوریستی گەورەی عەرەب (ئەبو حەیانی

تەوحیدی) وشەی: (مۆزیکار)ی بەکارهێناوە وە ووتویەتی: لە زمانی یۆنانیەوە وەرگیراوە.

ئەبو حەیانی تەوحیدی وشەی: (المگرب والفنی ولامهود والچارب)ی بەکارهێناوە، لە کتێبەکەیدا (الامتاع و المؤانسە) دەڵێت: مۆزیکار ئەو کەسەیە کە ئاواز دادەنێت و دەیژەنێت. شارەزایە لە ژەنینی ئامێرە مۆزیکیەکاندا.

(مگرب) بەو کەسە دەڵێن و خۆشی و شادی دەگەیەنێت.

هەروەها بە نوسەریش دەوترێت (مگرب). چونکە وتەکانی خۆشی بڵاودەکەنەوە. گۆرانیبێژ (مغنی) ئەو کەسەیە دەنگێکی ناسك و شیرینی هەیەو بیستەران پێیان خۆشە. (مهود) کەسێکی دەنگخۆشە، (تهوید) وتنەوەی دەنگە بە نەرمی و ناسکی، مانای هێواشی و هەستانی لەسەرخۆش دەگەیەنێت. عەرەب دەڵێت: (هودتە الخمر) یانی شەراب مەست و گوشادی کردووە.

(التهواد): یانی دەنگی نزم و نەرم و هێور.

(المهود): گۆرانی بێژی کەیف سازکەر. یانی ئەو کەسەی هێندە خۆشحاڵت دەکات کە ئاگات لە هیچ نامێنێت و تەنها دەنگی ئەو دەبیستیت.

ئەبو حەیانی تەوحیدی و خوارەزمی بەلایانەوە وایە: مۆزیکار بەرزترین لوتکەی داهێنانە.

* * *

لە ناو هەموو ئەو کارە هونەرییانەدا کە دەربارەی مۆزارت ئامادەکراون، (ئەمادیۆس) وەك جوانترین و خۆشترین و ناسکترینیان دەمێنێتەوە. ئەم فلیمە لە شانۆگەریەکەوە وەرگیراوە کە (پیتەر شافر) نوسیویێتی.. فلیمەکە بە مۆزیکی مۆزارت و قیژەی (سالییری)



دوژمنی سەرسەختی مۆزارت دەست پێ دەکات. سالیهری لە هەموو کەس زیاتر رقی لە لێهاتوویی و بەهرەی مۆزارت بووە.. دەقیژێنێت و دەڵێت: مۆزارت لێم ببوورە.. من تۆم کوشت! من بکوژی تۆم!

خەڵکەکە قەشەیەك دێنن تا فریای سالیری مۆزیکزانی کۆشکی شاهانەی نەمساوی بکەوێت.. سالیری بەوپەڕی پەشیمانی و تاڵاوەوە دەربارەی رق و کینەی خۆی بەرامبەری مۆزارت دەدوا. لەگەڵ وێنەکەی مەسیحی سەر خاچ دەدوا، پێی دەووت: چۆن شکۆمەندی خۆت دەدەیت بەم پاڵەوانە ناشیرینە.. ئەم کورتە بنە قێزەوونە.. چۆن بلیمەتی خۆتت نەدا بە یەکێکی وەك من، کە باشترین و مەزنترین بانگەوازکەری پەرستنی تۆ بێت بۆ ئەوەی خەڵکی پەرستشت بۆ بکەن.. من زیاتر شایستەی ئەم بلیمەتیەم.. بۆچی خۆشەویستی مۆزیك لە هەمووخانەکانی لەشمدا دەڕوێنی و پاشان زمانم لاڵ دەکەیت؟ بەخشندەیی خۆت دەدەیت بە قەرەقۆزێکی قێزەونی وەك مۆزارت. ئەگەر تۆزێك لەوەی ئەوت بدایە بەمن، تەنها تۆزێك. ئەوا خەڵکی زیاتر بڕوایان پێت دەبوو. بۆچی شکۆمەندی خۆت لە خوێڕیترین کەسدا بەرجەستە کردووە..؟ ئەمە چ دادپەروەرییەکە؟!

سالیری دان بەوەدا دەنێت کە لەوەتەی بلیمەتی مۆزارت لە داهێنانی ئۆپێراکانداسەری هەڵداوە.. ئەم بڕیاری لەناوبردن و سڕینەوەی. هەوڵی داوە نەهێڵێت مەزنیی یەزدان لەم مناڵەدا دەربکەوێت.

سالیری دەڵێت: بڕیارمدا لە مرۆ بەدواوە لەگەڵ ئەویش و تۆشدا بجەنگم: ئینجا هەڵدەستێت و مەسیح و خاچەکە فڕێدەداتە ناو ئاگرەوە.

رۆژ لە دوای رۆژ بلیمەتی ئەم منالە لە کۆشك‌و لە بەردەم کاردینال و پاپاکاندا، هەڵدەقولا. هیچ شتێك ئەم شەپۆلە گەورەیەی داهێنانی بۆ ڕانەدەگیرا.

جوانترین وەسف بۆ شکۆمەندی مۆزارت ئەوەیە: بلیمەتیەکی (کاڵ‌و کرچە). بلیمەتیەکە.. پوختە نەکراوە. جیاوازی نێوان بلیمەتی پوختەکراوو ناشیرین وەك جیاوازی نێوان باخچەو دارستان وایە. یان وەك جیاوازی نێوان شنەی شەماڵ‌و گەردەلوول وایە..یان نێوان ئاوی بەلۆعەو ئاوی دەریا.. یان نێوان شەونم‌و باران.. یان نێوان دەنکە شقارتەو بروسکە.

(لیۆپۆڵد)ی باوکی هەموو شتێکی دەربارەی هونەری مۆزیك فێر کردبوو. بەڵام نە کاتی هەبوو، نە هونەرەکەشی دەرفەتی دا، فێری ئاخاوتن و رێکوپێکی و بەڕێزیی بکات.. چۆن نان بخوات و شارستانی بێت، یان چۆن سەما بکات و ئابڕووشی بپارێزێت. مۆزارت قوتابخانەی نەدیبوو.. هەستی بە کەس نەکرد.. تەنها خۆی نەبێت. مەزنی خۆی نەبێت.. چونکە سەروەری هەموو خەڵك و مەزنترین مۆزیکژەنی سەر دەمی خۆی‌و هەموو سەردەمەکانە.

لە فلیمەکەدا دەبینین کۆشکی شاهانە رێگەی لێدەگرێت، ئەو ئیتالییانەی دەستیان گرتبوو بەسەر بەڕێوەبردنی شانۆکانی ئەوروپادا. مۆزارت گاڵتەی پێ دەکردن. ئەوانیش بە دواوەیەوە بوون‌و سیخوڕییان لەسەر دەکرد. دەسخەتە جوانەکەشی بە تەواویی کەللەیی کردبوون. کە دەی نوسی، تاقە وشەیەکی نەدەکوژاندەوە.. ئەگەر کاغەزەکانی بزر بکردایە، ئەوا لە مێشکی خۆیدا هەڵی دەگرت.. هەر ئاوازێکی ببیستایە.. ئیتر چەند درێژ بووایە.. یەکسەر لەبەری دەکرد.



فلیمەکە وەسفێکی زۆر جوانی دەربارەی مۆزیك تێدایە.. کاتێك هێواش هێواش بڵند و بالا دەبوو. دەنگێکی خۆش هاوشانی بوو، یاخود بەرز دەیفڕاند، یان ئەو ئەمی دەبردە ئاسمان. فلیمی (ئەمادیۆس) پڕە لە وتەی جوان‌و داهێنەرانەی نوێ. وەك ئەوەی دانەر بیەوێت بەرەو ئاسمانەکانی مۆزیك بەرز بێتەوە. هەوڵ دەدات هەوڵەکانیشی هەمووی سەرکەوتوون. ناو بەناو سەرەتاتکێی سالیری پیرەمێرد دەبینین.. زللەو لێدانی بەردەکەوێت.. بە قەشە دەڵێت.. ئەوە مۆزارت نیە گاڵتەم پێ دەکات.. بەڵکو خوا خۆی قەشمەریم پێ دەکات.. ئەو ویستویەتی خاك بە من بسڕێتەوە.. مۆزارتیش بۆ تەختی خۆی لە ئاسمانی ئاسمانەکاندا بەرز بکاتەوە. مۆزارت وەك منال لە باوکی دەترسا.. وێنەی باوکی تووڕە لەپێش چاوی بزر نەدەبوو.. ئەو باوکەی لە ژیانە پڕ پشێوییەکەی رازی نەبوو.. لەژن هێنان‌و لەژنە سك پڕکەشی.. کە هەمیشە سکی پڕ بوو. وە لەو شەش منالەی کە بووی چواریان مردن بەهۆی گوێ پێ نەدان‌و نەزانیەوە بەڵام مۆزارت بۆی شێت بوو بوو. ئەمجا وە نەبێت ژنێکی باش‌و سەلار بێت.. چونکە پاش یەك کات ژمێر لە گەیشتنی باوکی مۆزارت ئەم دەری کرد لەماڵەکەی.

شەکەتی زۆر و بەد خۆراکی و بێخەوی هۆی لاوازی‌و بێهێزی مۆزارت بوون. لەگەڵ دەسکورتی و قەرزاریدا.. پیاوێك هات بۆ لای‌و پێی ووت: ئاوازێکی جەنازەییم بۆ گەورە پیاوێك دەوێت، ناشیەوێت کەس ناوی بزانێت. فەرموو ئەمەش پارە! مۆزارت نەخۆش‌و لاواز بوو.. ژنەکەشی جێی هێشتبوو چونکە تووڕە دەبوو، ووڕێنەو هەڕەشەو گوڕەشەی دەکرد.. لەگەڵیشدا خەریکی دانانی مۆزیکیش بوو. ئەو کەسەی ئاوازە جەنازەییەکەی دەویست، سالێریی بوو، تا

لە كاتى بەرێ كردنى تەرمى مۆزارتدا بژەنرێت.. مۆزارت ئاوازەكەى بۆ تەواو نەكرا.. ساليێرى بە دزى ژنەكەيەوە هات بۆ لاى تا نۆتە مۆزيكييەكەى لێ وەربگرێت. بەلاّم پێش تەواوكردنى ئاوازە جەنازەييەكە، كۆنستانسە خۆى كرد بە مالاّو ساليێرى لە قافا گرت، مۆزارت ئاوازەكەى پێ دەووت.. كۆنستانسە ئاوازەكەى لە دەست قڕاند و خستيە سندوقێكەوەو داى خستو ساليێريشى كردە دەرەوە.

لە كۆتايى ئەم فليمە جوانەدا، ساليێرى شێت دەبێتو (مۆزارت)يش دەمرێت. جەنازەيەكى غەمناكيش كە كەسى لەگەڵدا نيە بەڕێ دەكرێت. لە گۆڕستان پيرێ ژنێك دەپرسێت ئەمە كێيە؟ كابراى جەنازە هەڵگر دەڵێت: هيچ! ئەوە مۆزيكزانێكە! هەژارێكى نەگبەتى ديكەيە!

كە مۆزارت يەكەمين ئۆپێراى دانا، پێيان ووت پيشانى ليژنەيەكى دەدەين. پرسى: كێن ئەو ليژنەيە؟

ناوەكانيان پێ ووت.

ئەويش ووتى: ئەمانە لە كارەكانى من دەكۆڵنەوە؟ ئەم ئيتاڵيە بێمێشكو نەزانانە؟!

پێيان ووت: ئەى لاوى مناڵ كار، كەمێك بێفيز بە!

ئەويش ووتى: بۆچى خۆم بچوك سەيركەم.. ناشێت بە چيا بڵێيت: ببە بە دۆڵ. ويستى يەزدانە كە چيا بێت، ئيتر تۆ چۆن دەتەوێت ببێت بە دۆڵ و ئەشكەوت.

پێيان ووت: تۆزێك لووتت نزم بێت.

لە وەلاّمدا ووتى: من گەيشتومەتە شوێنێكى بەرز.. چ شوێنێك هەيە لەو شوێنە بەرزترە..؟ ئەوانە كێن كە لە من مەزنترن..؟ من گوێ



نادەمە قسەى ئەوانەو رقيشم لە كەس نيە..لە خۆشم بايى نيم.. من هەروا بووم.

پێش ئەويش (موتەنەبى) بليمەتى شيعرى عەرەبى ووتويەتى: شوێن نيە لە شوێنى من بەرزتر. كەس نيە لە من مەزنتر. هەموو ئەوانەى خوا پێش منو دواى منيش دروستى كردوونو دەكات.. هيچ نين.

منم بە هەموو شتێك دەچمو دەبم.

هەر ئەم (موتەنەبيە)ى مەزنترين شاعيرى عەرەب ووتويەتى:

بۆ چ شوێنێك سەركەوم؟

لە چ گەورەيەك سڵ بكەمەوە؟

ئەوەى خوا دروستى كردووەو دروستى نەكردووە لاى من هيچ نيە!

وەك مويەكى ناوچەوانم وايە.

## بليمەتىو ماناكەى!

مێژوونوسان لەسەر خەسڵەتەكانى مۆزارتى موسيقارى بليمەت ناكۆكن، بەلاّم لە دوو شتيدا كۆكن، ئەويش: بليمەت بووەو مناڵيش بووە.. تا دوا رۆژەكانى ژيانى هەر بە مناڵى مايەوە.. ووتيان: مناڵێكى زۆر ئايين پەروەر بووە.. بەڵگەى ئەوەش ئەو پارچە مۆزيكە كەنيسەييەى رێ و رەسمى جەنازەييەكەيەتى.. لە رەفتاريدا لەگەڵ ئافرەتاندا ترسى خواى هەبووە.. هەر بۆيە ئەو كچەى خواست كە حەزى لێكردبوو، بێئەوەى بە لاى كەسى تردا بچێت.

دەڵێن: رێزى ئايينى دەگرت، بەلاّم بە چاوى سووك دەيڕوانيە پياوانى ئايينى، چونكە توند و تيژ بوونو بڕوايان بە بليمەتى ئەم نەبوو.. هەروەها پارەى كەميشيان دەدايە.

وتیان: ماسۆنی بووە.. ئەمەش بە روونی لە ئۆپێرای (شمشاڵی سیحری)دا دیارە.

وتییان: دڵسۆزی ژنەکەی نەبووە.. ژنو کچی زۆری ناسیوە. کە مردیش ووتیان: زیاتر لە کەسێك هەیە کە لەووانەیە دەرمانیان کردبێتە خواردن یان خواردنەوەکەیەوە. یەکێك لە قوتابییەکانیشی رایگەیاند مۆرزات دۆستی ژنەکەی بووەو ئەمیش بەینی لەگەڵ ژنەکەی ئەودا هەبووە!

وتیان: هاوڕێیەکی پەیوەندی نادروستی مۆزیکزانی مەزنی لەگەڵ ژنەکەیدا ئاشکرا کردبوو، بۆیە یەك رۆژ دوای مردنی مۆزارت ئەم پیاوە خەڵەتاوە بە چەقۆ دەموچاوی ژنەکەی خۆی شێواند. پاشان خۆی کوشت.

ووتیان: سالییری مۆزیکزانی ئیتاڵی لە ئیرەیی و رقدا مۆزارتی کوشتووە. بەڵام هۆی راستەقینەی مردنەکەی، رۆماتیزم و تاداری بوو. پزیشکەکان بڕیاریاندا خوێنی لێ بگرن یان خوێن بەربوونێکی بۆ بکەن، بەڵکو لەو نەخۆشیە رزگاری بێت.. ئەمەشیان هەڵەیەکی دێرینی پزیشکەکان بوو. وتیان: ناسکیو جوانیەی مۆزیکی مۆزارت بە سەرەتای سەردەمی رۆمانسیزم دادەنرێت.. بەڵام مێژوونووسانێکی تر ووتویانە: گەنجێك بووە داب و نەریتی پاراستووە. بەڵام لە ژیانی ئاسایی خۆیدا کۆنگەرا نەبووە.. ئەوپەڕی سەربەستو ئازاد بووە.. بگرە یاخیش بووە. ئەمەش لە یەکێك لە ئۆپێراکانیدا، ئاشکراو دیارە .. کە نەسکی دووەمی بە یەکێك لە هاوارەکانی شۆڕشی فەرەنسایی کۆتایی پێدێت: (بژی سەربەستی).

لە رووی داراییەوە درۆزن بووە.. کە باوکی پرسیاری لێ بکردایە بۆچی پارە بۆ خۆی پەیدا ناکات بۆچی وانەی تایبەت ناڵێتەوە؟



وەڵامی دەدایەوە باری ئابووریی زۆر چاکە. خۆ ئەگەر داوای پارمەتیەکی لێ بکردایە، ئەوا دەکەوتە سکاڵاو نوزانەوە کە هیچی دەست ناکەوێت. هونەرمەندەکان رقیان لێیەتی.. قەرز لە هەموو هاوڕێو دراوسێکانی دەکات. راستە حەزی لە سیاسەت نەبووە.. هیچ جۆرە تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی نەبووە. بە گۆشەگیری دەژیا.. لە ماڵەوە بۆ یانە.. لەوێشەوە بۆ ماڵەوە و ئینجا بۆ شانۆ. ئەگەر لێیان بپرسیایە: کێ فەرمانڕەوایی فەرەنسا دەکات.. نەیدەزانی. بەڵام وا دیارە سیاسەت وازی لەم نەهێناوە. ئەوەتا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی هیتلەردا، لە هەموو بۆنەیەکدا مۆزیکی ئەمیان ژەنیوە. هیتلەر دەیووت مۆزارت بلیمەتەو لە سەدا سەدیش ئەڵمانیە. جولەکەکان لە سەربازگەی بەندکراواندا مۆزیکەکانی ئەمیان دەژەند و هاواریان دەکرد.. لەم دواییەداو لە ٢ی کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٩٨دا، پارێزگاری ڤیەننا فێستیڤاڵی مۆزارتی کردەوە. ڤالدهایمی سەرەك کۆماری بانگهێشت نەکرد، چونکە نازی بوو، شەوی کۆتایی فێستیڤاڵەکە لە دیسەمبەر دەبێت و ڤالدهایمیش ئامادە نابێت.

مۆزارت هیچی لە فەلسەفە نەدەزانی. بەڵام بیستبووی قوتابخانەی فەلسەڤ ئەڵمانی یان ئیتاڵی هەیە.

فەیلەسوڤ بوونگەرای دانیمارکی (سێرن کێرکەگۆر) دەڵێت: لە مۆزیکی مۆزارتدا هەست بە پڕوپووچیو بێبایەخی بلیمەتبوون دەکەم! وەلێ ئەوەی گوێ لە مۆزیکی مۆزارت بگرێت، پێی سەیرە ئەو فەیلەسوفە مەزنە بوونگەرایە قسەی وای کردووە. چونکە مۆزیکی ئەو خۆشیو ناسکیو بریسکەو ژینە. نە وونبوونی تێدایە، نە وەرس بوون، نە ئەنجامی قێزەوونیش!

* * * *

کۆنستانسی خێزانیشی دەڵێت: لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیدا توشی بزرکاندن بوو بوو. تارمایی دەدیو قسەی لەگەڵدا دەکرد.. لەو کتێبەشیدا کە لە بارەی ئەوەوە داینا بوو دەڵێت: شێت بوو بوو..

بەڵام دوای ئەوە مێژوونووسەکان سەلماندیان کە ئەو تارماییەی مۆزارت دەیبینی ڕاستی بوو خەیاڵ نەبوو.. ئەوە کەسێك بوو ڕەش پۆش.. ڕووپۆشێکی ڕەشیشی لەسەر دەموچاوی دادەنا تا کەس نەیناسێت.. داوای ئاوازێکی جەنازەیی لێ دەکرد کە لەکاتی بەڕێ کردنی جەنازەی دەوڵەمەندێکا لێبدرێت.. دەوڵەمەندەکەش نەیدەویست بناسرێت. مۆزارت تەنهاو نەخۆش بوو. ژنەکەشی تۆرابوو.. چوو بووەوە بۆ ماڵی باوکی.

مۆزارت گفتی پێدا بوو دوای مانگێك بۆی تەواو بکات. مانگەکە تێپەڕی و ئاوازەکەی تەواو نەکرد.. کابرای نەناسراو هاتەوە.. مۆزارت: بە خێوی ڕەشی ترسناك ناوی دەبرد.. ڕوانی بەشێکی مارشە جەنازەییەکەی نووسیوەتەوە.. مۆزارت قوتابیەکەی بانگ کرد تا ئاوازەکەی پێ بڵێت.. مۆزارت مرد بێ ئەوەی تەواوی بکات هەرچەندە هەموو ڕێنماییەکی دابویە بۆ تەواوکردنی ئاوازەکە.. دوایی بۆمان دەرکەوت ئەو کەسە نادیارە لە لایەن مۆزیکدانەرێکەوە نێردراوە کە هەر خەریکی ئەوە بووە کارە هونەریەکان بدزێتو بیانکات بە هی خۆی!

لەوانەشە تالێهاتنەکەی تارمایی هەمە جۆری لە بەرچاویا دروست کردبێت.. لەوانەشە تارماییەکان لە شێوەی بەقاڵو قەسابو دارتاشو خاوەن ماڵدا بووبن. لەمانەش گرنگتر ڕەنگە تارماییەکان وێنەی باوکیان وەرگرتبێت.. چونکە زۆری لێ دەترسا.. شێوەی باوکی زۆربەی ئۆپێراکانیدارەنگی داوەتەوە..



سالییێری داخ لەدڵ. کە تاوانی کوشتنی مۆزارت درابووە پاڵی.. وا باسی دەکات: خوا مۆزارتی کردووە بە مەزنترین داهێنەر. چ زیندووبێت یان مردوو.. تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا جوانترین فرمێسك لە چاوی دادەباری.. لەرزەی پەنجەکانی.. فڕینی چاوەکانی.. گەردەلوولێکیان بەرپا کردبوو.. هەموو دڵێکی دەهەژاندو غەمباری دەکرد.. داخو کەسەر و پەشیمانیمو دۆزەخە نەکوژاوەکەی ناو هەناوم.. ئەوەیە: مۆزارت دنیای ڕووناك کردەوە.. بەڵام منی سووتاندو کردمی بە خەڵوزو دوکەڵو خۆڵەمێش.

(ڤاگنەر)ی مۆزکزانی مەزنی ئەڵمان وا باسی دەکات: مۆزیکزانێکی مەزنی ئەڵمانی بوو، بلیمەت بوو، دیارە هەرواش بووە. چونکە ئەم مۆزارتە مۆزیکزانە ئەڵمانیە توانی ئۆپێرای ئیتاڵی بگەیەنێتە بەرزتین پلە!

(ستراوس)یش دەڵێت: ئەگەر مۆزارتمان لە نێواندا نەبوایە نەمدەزانی تامی ژیان چیە!

(فرادی) مۆزیکزانی ئیتاڵی دەڵێت: لەپەنجەکانی ئەم مۆزیکزانەوە ڕووناکیو شەوقو فەڕ و نەمری هەڵدەقوڵا.

* * * * *

## بلیمەت؟

بەڵێ! بەڵام بلیمەتی چیە؟

بلیمەتی بەرزترین پلەی داهێنانە.

جیاوازی هەیە لە نێوان بلیمەت هەڵکەوتوودا. ئەو مناڵەی لە تەمەنی پێنج و شەشساڵیدا بە جوانی پیانۆ بژەنێت، ئەوە هەڵکەوتووە بەڵام ئەوەی لەم تەمەنەدا مۆزیك دابنێتو مۆزیکەکەشی نوێ بێت ئەوە بلیمەتە. کەوابوو بلیمەت ئەو کەسە هەڵکەوتووەیە کە

لەگەڵ خۆیدا شتی نوێ دێنێت و نرخی مێژوویی هەیەو لە بیری گەلاندا دەمێنێتەوە.

یان بەواتایەکی تر: بلیمەت ئەو کەسەیە کە دەتوانێت لە بوارێکی تایبەتیدا داهێنانی وەها بکات، کە کەس پێش ئەو شتی وای نەکردبێت. ئەم توانا بەرزەش خاوەنەکەی لە ڕووی لەش و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە دێنێتە لەرزە. بۆیە بلیمەتەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان بایەلۆژی یان دەروونییەوە، ریزپەڕن.. هەر بۆیە لامیرۆزۆی زانای ئیتاڵی دەڵێت: بلیمەتی ریزپەڕییە.. هەر وەك چۆن تاوان و شێتی ریزپەڕن یان بڕێك ریزپەڕاندنیان تێدایە.

بلیمەتی کڵپەیەکی سوتێنەرەو لە ململانێی نێوانی کەسە هەڵکەوتوەکە و ژینگەکەیەوە هەڵدەگیرسێت.. وەك چۆن بروسکەو هەورە گرمە لەو کاتەدا لە هەوردا دروست دەبن کە کارەبای گەرم و ساردی تێدایە. ئەوانیش مۆزارتیان بەوە تۆمەت بار دەکرد کە خۆی هیچ نانوسێت و داهێنانی نیە، بەڵکو هێزێکی نهێنی پێی دەڵێتەوە. ئەمە (بلیمەتی) دەکات بە شتێکی بێ مانا و ئەفسانەو پڕو پووچ. بەڵام بلیمەتی چالاکییەکی بەرزە لەوپەڕی هوشیاریدایە. بلیمەتی لە ٩٩٪ ڕەنجدانە و لە ١٪ شەونخونییە. لە (ئەدیسۆن)ی گەورەو داهێنەری ئەمەریکاییان پرسی ئەویش ووتی: هیچ شتێکم بە ڕێکەوت بۆ دەرنەکەوتووە. هیچ شتێکم بەڕێکەوت دانەهێناوە، هەموو مانا و وێنە نوێیەکانیش لە کاتی کاری سەخت و شەونخونی درێژ خایاندا هاتوونەتە روو.

دەتوانیت بە ئاسانی (بلیمەت) بدۆزیتەوە، ئەویش: ئەو کەسە دەرکەوتووە داهێنەرەیە کە هەموو دانەرن و رەخنەگران رقیان لێیەتی!



(باسکاڵ) منداڵێکە بلیمەتی فەرەنسی بوو، باوکی نەیهێشت ئەندازەو جەبر بخوێنێت. کەچی ئەو بلیمەتە بەرنامەیەکی ئەندازەیی بۆ خۆی داهێنا کە هەر لە سەرەتاکەیەوە تا کۆتایی نوێ بوو.

لە زمانی عەرەبیدا ووشەی (العبقری) کە بە مانا بلیمەتە: یانی ئەو کەسەیە کە شتی لە توانا بەدەر دابهێنێت. وشەی (عبقر) لە ناوی شوێنێکەوە وەرگیراوە، کە لە بیاباندایەو دێوی تیایە. شوێنەکەش ناوی (عبقر)ە.. ئەو کەسە (عبقری)یە: یانی: دەڵێی دێوە توانای شتی نائاسایی و بێ وێنەی هەیە..عەرەب بە عەبقەری جوانی و زەوق و وەسفی هەموو شتێکی زۆر جوان دەکات..

لە یەمەن شارێك هەیە ناوی (عبقر)ە ئەم شارە بە پیشەسازی فەرشی جوان و رەنگا و رەنگ بەناوبانگە. کە وەسفی قوماش و فەرش دەکرێت بە عەبقەری یان دەڵێت وەك عەبقەریە ناو دەبرێت، یانی هەموو خاسیەتێکی جوانی تیایە. هەروەك لەو شارەی یەمەندا دروست کرابێت کە عەبقەرە! هەموو شانۆکانی جیهان هاوبەشی دەکەن لە ئاهەنگ گێران بۆ (مۆزارت)ی منداڵی موعجیزە.. زۆربەی کارە هونەرییەکانی پیشان دەدرێت، چەند وێنەیەك لە خەتە جوانەکانیشی پیشان دەدرێت.. چەند وێنەو پەیکەری خۆیشی.. شاری ڤییەناش کەللە سەرەکەی پیشان دەدات.. زاناکانیش لەوە دڵنیان کە ئەوە هی ئەو مۆزیکزانە مەزنەیە..

چەند قوتابخانەیەکی رەخنەسازی بە کارە هونەرییەکانی مۆزارت.. سەرسامن

قوتابخانەیەکیان رای وایە وەك ئەمانەت: نمایش بگرێت و بژەنرێت وەك چۆنی نووسیوە وە بەهەمان ئەو ئامێرانەی کە ئەو سەردەمە بەکار هێنراون.. قوتابخانەیەکیش رای وایە لەم سەردەمە نوێیەدا

ئامێری پێشکەوتوو ئامێری ئەلیکترۆنی و مۆزیکژەنی زۆر هەن.. ئەمانە هەمووی وا لەمۆزیککانی مۆزارت دەکەن کە جوانترو خۆشترو شکۆدارترو نازدار تر بن. وە نەبێت ئەمە گۆڕان بێت لەدەقە مۆزیکییەکەیدا. بەڵکو خزمەتێکی هاوچەرخە بۆ دەقێکی کۆن. ئەگەر مۆزارت لەم سەردەمەدا بوایە ئەوا ئەم هەموو ئامێرانەی بەکار دەهێناو ماناکانی پێدەوڵەمەند دەکرد وە بۆ رەنگەکەشی سێبەرو رووناکی و بۆنی خۆشی دەدایە.

قوتابخانەی سێیەم بەلایەوە وایە: دەتوانرێت دەستکاری کەمی بکرێت، کە بەهۆی خێرایی داهێنانەکەوە، رەچاو نەکراوە. مۆزارت وەك شاعیری گەورەی ئینگلیز شکسپیر وایە. راست کردنەوەی هەندێك هەڵەی رێنووس و مێژوویی نابن بە هۆی کەمکردنەوەی شکۆمەندیەکەی.

مۆزارت نەچووە بۆ قوتابخانە، کەچی ئەوەی ئەو دەیزانێت مامۆستایان و مێژوونووسان و رەخنەگران نایزانن. چونکە ئەو بریسکەی داهێنان و لافاوی پیرۆزی هەیە. کۆمپانیاکانی تۆمارکردن لە هەمو دنیادا پێشبڕکییانە بۆ بڵاوکردنەوەی هەموو کارە هونەریەکانی لەسەر کاسێت و شریت. شارەزایان وای دەخەملێنن کە دانراوەکانی مۆزارت سێ هەزار ملیۆن دۆلار فرۆشی هەیە. داهاتی دەزگای گەشت و گوزاری هونەری نەمسا هەزار ملیۆن دۆلارە.

مۆزارت یەکەم منالی موعجیزەیە کە خوا دروستی کردووەو بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و دانایی و مەزنیی یەزدان. مۆزارت دیاری ئاسمانە بۆ زەوی. گەرچی خۆی تامی ئەو نازو نیعمەت و بەهەشتەی نەکرد.



مۆزارتیش وەك هەموو بلیمەتێکی مێژوو زۆر درۆو دەلەسەی بۆ کراوە. دەیان ووت شکسبیری مەزن خۆی شانۆکانی دانانێت بەڵکو خەڵکانێکی زۆرن. ئەمە راست نەبوو.

بەمۆزارتیشیان دەووت: خۆی نانوسێت بەڵکو گوێ دەگرێت و پێی دەووترێت. ئەوانە دەنگی جنۆکەن.

لە ناپۆلی چوو بۆ سەردانی گەورەی قەشەکان، لەوێ خستیانە ژوورێکەوەو دەرگاکەیان بە کراوەیی هێشتەوە. تا بزانن کێ پێی دەڵێتەو.. ئەمجا داوایان لێکرد دەرگاکە دابخات و بە ئارەزووی خۆی بنووسێت.. دوو قەشەش بە دزیەوە لە پشتی پەردەکانەوە چاودێرییان دەکرد..

بەڵام هیچان نەبینی!

ئەو سەردەمە وا باو بوو ئەگەر یەکێك جنۆکە سواری کۆڵی بووبێت، لەپڕ بقیژێنێت بەگویدا، جنۆکەکە لەسەر پشتی دەکەوێتە خوارەوەو بەجێی دێڵێ.. بۆیە بە هێواشی لەسەر نووکی پەنجەی قاچیان دەچوون و دەیان قیژاند.. مۆزارتی منالی بەستەزمان دەستی دەکردە گریان.. پاشان دەکەوتەوە نووسینی ئەو ئاوازە ناسکانەی کە گەورەکان نەیان دەتوانی بینووسن! نە جنۆکەو نە هیچ، بەڵکو بلیمەتێکی نوێ و بێ وێنە بوو!

مۆزارت بە هەژاری ژیا و بە هەژاریش مرد.

راستیەکەی ئەوە بوو بە نابوتی ژیا چونکە پارەی نەبوو.. یان لەبەر ئەوەی زۆر دەست بڵاو بوو.. چەندان مووچەی هەبوو.. مایستۆری تیپی کۆشك بوو.. مایسترۆی ئۆرکێسترای کەنیسە بوو.. پیاوێکی ناوداریش مووچەی بۆ بڕیبوۆوە.. بەڵام کێشەی مۆزارت ئەوە بوو دەی زانی پارە تەنا یەك خاسیەتی هەیە کە نزیك دەبێتەوە لێی

لەدەستی دەفڕێت.. دەستی ناکەوێت.. جا بۆ ئەوەی ئەم نەزانییەی خۆی داپۆشێت هەمیشە دەی ووت بێ پارەیە.. عادەتی مۆزیکزانە گەورەکان لەو سەردەمەی ئەودا وابوو . قوتابی خۆیان هەبوو.. وانەی تایبەتیشیان هەبوو.. دیارە قوتابیەکانیشیان کوڕە دەوڵەمەندەکان بوون.. ئەم یەك قوتابی نەبوو، ماوەی نەبوو بۆ قوتابی، بۆ وانە ووتنەوە، شەوو ڕۆژ سەرقاڵی داهێنان بوو

دەیان ووت: مۆزارت بۆ یەك کاری مۆزیکی چەند وێنەیەك دەنووسێتەوە.. ئەمەش بەهیچ شێوەیەك یەك راست نەبوو. چونکە مۆزیك لە مێشکیدا بوو.. کە لەخەو هەڵدەستا هەمووی لەبەر بوو. ئەمجا دادەنیشت بۆ نووسینەوەی بێ ئەوەی یەك نۆتەی لێ بکوژێنێتەوە.. ئەو کاغەزەش کە کەوتبووە دەستیان ئەوە هی قوتابیەکی بوو وە بەختێکی جیاوازیش بوو. وا دیارە ویستبێتی بۆ گوێزانەوەی هەندێ لاپەڕە بووبێت.. ئەمجا لەبەر هەر هۆیەك بێت – کە ئێمە نایزانین– تەواوی نەکردبێت. (بیتهۆڤن) مۆیزکزانی گەورە دەینووسی و دەیکوژاندەوەو دەینوسی و دەیکوژاندنەوە. ئەوەی دەشی بە باشی بۆی نەدەخوێندایەوە چونکە بەخێرایی‌یەکی.. خێراتر لەپەنجەکانی و لەچاوی ئەوانەی لایەوە دەستیان و دەیانەویست ئەوەی شکومەندی و مەزنی مۆزیکیە بخوێننەوە.

ئایا مۆزارت ماسۆنی بووە؟

بەڵێ! چونکە یەکێك لەوانەی لە کاری بەڕێوەبردنی شانۆییدا کاریان دەکرد.. کاریگەری لەسەری هەبوو. چووە ناو کۆمەڵەکەیانەوە. لە دەفتەرەکەیدا نوسراوە ئامادەی یەك کۆبوونەوەش بووە.. بەڵام تا کۆتایی نەماوەتەوە. بە پەنجەکانی دەیکێشا بە دەرگاو دیوارەکەداو لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەووت.



ناچار پاش چەند دەقیقەیەك کردیانە دەرەوە. پاشان کەوتنە دژایەتیکردنی. چونکە هەموو نهێنیەکانی ماسۆنیان لە ئۆپێرای (شمشاڵی سیحری)دا دۆزییەوە. ئەوەش داواکاری هونەری جوانی بوو. دواتر باوکی مۆزارت پەیوەندیی کرد بە ماسۆنییەکانەوە، چونکە دەترسا شتێك لە کوڕەکەی بکەن.

(کارڵ) ڕەخنەگری گەورەی مۆزیکزان ووتویەتی: مەترسی لەسەر بلیمەتیەکەی مۆزارت نیە.. چونکە لە هەموو ڕەوشێك پتەوترە، ئەو بارودۆخەی مۆزارتی تیا ژیا هەموو بلیمەتیەکی لەناو دەبرد.. راستە، باوکی مایسترۆی شاهانە بوو. ئەو فێری ژەنین و دانانی هەموو ئاوازێکی کرد.. بەڵام دوای ئەوە بارودۆخە ناڕەحەتەکە دەیتوانی ملی هەموو بلیمەتیەك بشکێنێت..

زانا گەردووناسەکان سەلماندوویانە ڕۆژی مردنی مۆزارت باو باران نەبووە. ئەگەر ژنەکەی و هاوڕێکانی بیانویستایە دەیان توانی لەگەڵ تەرمەکەدا برۆن. بەڵام کەسیان نەچوون. باو باران و چەخماخە و بروسکە ڕێگریان نەبوون. دەیانتوانی لەتەك تەرمەکەیدا بڕۆن. دەڵێن: مۆزارت لەگەڵ ژنەکەیدا ناکۆك بوو، ژنەکەی ماڵی بۆ بەجێ هێشت و کوڕەکەشی برد. مۆزارتی بەنەخۆشی بەتەنهایی هێشتەوە. کە مرد کەسی لانەبوو قوتابیەکی نەبێت.

(کۆنستانسێ)لە ماڵ بووە، بەڵام لەگەڵ تەرمەکەیدا نەچوو. هۆ راستیەقینەکەش ئەوەبو کە مۆزارت لە لوتکەی بیر ڕووناکی لە ئەورووپادا دەژیا. ئەم بزووتنەوەش دژی خورافات بوو، کە لە سەردەمەکانی ناوەڕاستەوە بنجیان داکوتا بوو، دژی نەریتە پروپووچەکانیش بوو. لەوانە: تەرم و بەرێ کردنی و گریان بۆ مردووەکە. هەر بۆیە بە پێی نەریتی نوێ وای دەخواست

هاوسەرەکەی شوێنی نەکەوێت بۆ گۆڕستان. مۆزارت بەشەو نەنێژرا چونکە یاسا ڕێگەی نەدەدا. تەرمەکەی تا بەیانی مایەوە. لەگەڵ چەندا تەرمی تریشدا پێکەوە بردیانن بۆ گۆڕستان.

ئەوەش ڕاست نیە کە مۆزارت لە گۆڕستانی هەژاران و بێ دەرەتاناندا نێژراوە.. بەڵکو گۆڕەکەی دیارەو خۆشەویستانی چەپکەگوڵی لەسەر دادەنێن..

ژنەکەی هەژدە ساڵ دوای مردنی مۆزارت – ئەو کاتەی ژنەکەی شووی کردەوە بە دیپلۆماتێکی دانیمارکی– گۆڕێکی تایبەتی بۆ هەڵبەست. پارەکەشی بەهۆی ژەنینی کارەکانی مۆزارت خۆیەوە پەیدا کردبوو.

کۆنستانس کتێبێکی دەربارەی مۆزارت نوسیوە، ئەمە یەکەم کتێبە لە بارەی ئەم بلیمەتە مەزنەوە نوسرابێت. ئەم کتێبە وێنەی زوڵم و ستەمێکە کە لە ساویلکەیی و نەزانی نیازپاکی‌یەوە هاتبوون. ئافرەتێکی ساویلکەو نەزان بوو هەرچەندە کارامەو زۆر چالاکیش بوو. لە ڕەفتاری هاوسەرەکەی تێنەگەیشتبوو. وای دەزانی جوڵەجووڵی زۆری مۆزارت لە خەوداو بە دەنگی بەرز قسەکردنی، خێویکەو سواری کۆڵی بووە. کێشەی مۆزارت ئەوە بوو بە هۆی نائارامیەوە تووشی قەبزیەکی بەردەوام و ڕیخۆڵەو گەدەگرژی هەڵئاوسان زۆری و کەم تووستنیش ببوو.

ووتیان: تووشی نەخۆشیەکی نهێنی بووە، وەك سوزنەك. مۆزارت پیاوێکی زۆر ئایینپەروەر بوو. دەشترسا تووشی نەخۆشی ببێت، زۆر خۆی دەپاراست.

بۆیە زوو ژنی هێنا، دایکی مۆزارتیش وەك هەموو دایکێك دەیەویست کوڕە هەڵکەوتووەکەی ئاسوودە بێت و ماڵ و حاڵی خۆی



هەبێت.. بە منداڵەکانی دڵخۆش بێت.. بەڵام –لەگەڵ ئەوشدا کە کەسێتیەکی زۆر بەهێزی هەبوو– نەی دەوێرا پێچەوانەی مێردەکەی کە مایسترۆو مامۆستای مۆزارت بوو بوەستێت. چوار ساڵ پێش ژنهێنانی مۆزارت، دایکی لە پاریس مرد.

مۆزارت بە ڕۆماتیزمی جومگە مرد.. ئەمەش ئەنجامی بەدخۆراکی و هیلاکی زۆر بوو.. یان پاڵکەوتنی درێژخایەن.. چارەسەرکردن بۆ نەخۆشی لەو سەردەمەدا خوێن بەردانی نەخۆشەکە بوو..

ووتیان: تووشی شەکرە بووە، ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە تووشی شەکرە نەبوو بوو، چونکە ئەو دوو پزیشکەی چارەسەریان دەکرد سەرنجیان دەدا خوێنی زوو دەمەیی و ڕەنگیشی ئاڵ بوو، کە ئەمەش مانای وایە شەکرەی نەبوو.

جارێکیان مۆزارت خەریك بوو، دەبورایەوە، پەرداخێکی لای خۆیەوە بینی شلەیەکی سوری تێدا بوو، وای زانی شەرابەو دەستی بۆ درێژکرت، بەڵام فریا نەکەوت و لە هۆش خۆی چوو، وەلێ پەرداخەکە خوێنی خۆی تێدابوو، نەك شەراب.

بەهۆی ئەو بێ‌هێزیە توندەی تووشی بوو بوو بەباشی ئەوانەی دەوروپشتی نەدەبینی.. چاوی پیادەگێران کەسی نەدەناسیەوە.. ژنەکەشی بۆی دەگریا و نەیدەزانی هۆی ئەم کەم خوێنیە زۆرە چیە کە تووشی بووە! مۆزارت هەمیشە باسی دەرمانەکانی دەکرد بۆ ئەوانەی لای بوون، وەك بڵێی لە هەموو شتێکا بلیمەتە! دەڵێن یەکێك لە قوتابیەکانی بە هۆی هەڵەیەکی پزیشکیی مۆزارتەوە گیانی لە دەست دابوو!

(چەرچڵ)یش هەر وابوو. خۆی کرد بوو بە لێپرسراوی وەزیرەکانی دەوری خۆی بە تایبەتی ئایزنهاور.. کە نەخۆش دەکەوتن، چەرچڵ

خۆی دەکرد بە شارەزای نەخۆشیەکانی گەدەو ریخۆڵەکان.. گوێی بە قسەی پزیشك نەدەدا!

مامۆستا (عەقاد)یش هەروا بوو. دوای مردنی، ووتم: عەقادی پزیشك عەقادی ئەدیبی کوشت! ئەوەی لە نەخۆشیەکانی ریخۆڵەو گەدە چارەسەری دەکردین محەمەد عەبدول وەهابی مۆزیکزان بوو.. مامۆستا بووو لە چارەسەرکردنی ریخۆڵە گەورەدا.. من دەچووم بۆ لای پزیشکی گەورە عەلی ئەلموفتی.. عەبدول وەهاب لێی دەپرسیم من وەڵامم نەدەدایەوە ئەویش دەی ووت: من پێت دەڵێم: ملوخیو بامیەو سپێناخو ماستو کاهوو بەجۆرەکانیەوەو کوزەڵەو توورو پیاز مەخۆ.. قاوەش مەخۆرەوە. چا قەیدی نیە. ئایس کرێم مەخۆ.. ئاگات لە ڕەوانیو قەبزیش بێت راستە؟ ئەزانم ئەمانەی پێ نەووتویت.. من خۆم دەزانم.. خۆم تاقی کردنەوەم هەیە، پزیشکەکان زانیاریان هەیە.. لە خاوەن ئەزمون بپرسەو لە پزیشك مەپرسە.

محەمەد عەبدول وەهاب حەبی رەوانی لەگیرفانێکیدا بوو حەبی قەبزیش لە گیرفانێکی تریا. جارێکیان بە هەڵە لەپێنج دەنك حەبی رەوانی دا بە کامیل ئەلشناوی. ئای کە شەوێکی شووم بوو. نە کامیلو نە عەبدول وەهابو نە دە رۆژنامەنووسی لاو، هیچیان خەو نەچووە چاویان! تاقە پۆرترێتێکی مۆزارت کە مابێتەوە ئەوەیە کە وێنەکێشێکی نەناسراو کێشاوێتی. ئەو وێنەکیشە نەناسراوە بەم پۆرترێتە چووە ناو مێژووەوە. وێنەکێشە ئاوەڵ زاوای خۆی بوو، یانی مێردی خوشکی (کۆنستانسی). کە مامۆستای وێنە بوو. تابلۆو پەیکەرەکانی هەموویان لەم تابلۆیەوە وەرگیراون لەپاڵ باسو وەسف کردنی ئەوانەی لە گەڵیا ژیاوون و ئەو وەسفانەش کە ژنەکەی کردوونی، گەرچی زۆر ووردیش نین.. شتێکی سەیرە ئەو



ئافرەتە شەوو رۆژ لەگەڵیا ژیاوە، کەچی لەهەموو کەس کەمتر هەستی بە مەزنیەکەی کردووەو ئاخر کەسیشە بتوانێت وەسفی سیماو روخساری هاوسەرەکەی بکات.. ئەو هەر لە ڕوانگەی هەژاریی و نەدارییەوە سەریی دەکرد.. لە ڕوانگەی ناکۆکی و رقەوە دەیبینێت. هاوسەرەکەی مۆزارت زۆرترین کاتەکانی بە نوستنەوە بەسەر بردووە.. بە درێژایی ئەو نۆ ساڵەی لە گەڵیا ژیاوە سکی هەبووەو سك پڕ بووە.. هەر منالی دەبوو و دەمردن.. مۆزارتیش کاتی نەبووە نە بۆیان بگری نە لە گۆڕیشیان بنێت.. هەر خەریکی دارشتنی بیرەکانی خۆی بوو کە سەدان ساڵە ماون و هەزاران ساڵیش دەمێننەوە.

هاوسەرەکەی لە گەرمەی خەودا لە تەقەتەقی دەرگاو پەنجەرکان خەبەری دەبووەوە. بەڵام دوایی بۆی دەرکەوت کە ئەو تەقەتەقە چۆقە چۆقی ددانەکانی مۆزارتە بە نوستویی. مۆزارتیش خەبەری دەبووەوە دەی بینی ژنەکەی دەترسیو سەری خۆی داپۆشیوەو خۆی پێوە نووساندووە، مۆزارت کەمێك پێی پێدەکەنی. مۆزارت چمکی بالیفەکەی دەخستە ناو دەمییەوە بۆ ئەوەی چۆقەی ددانی نەیەت، بەڵام هەر ئەوەندەی بالیفەکە لە دەمی بەردەبوو،ئیتر چۆقە چۆق دەستی پێدەکردەوە. دواجار چاری نەما دوور لە ژنەکەی دەنووست، کەچی خەبەری دەبووەوە دەی بینی ژنەکەی هاتۆتە باخەڵیو باوەشی پیاکردووە. دوای ماوەیەك دانەکانی تەقەتەقی دەست پێدەکردەوە ئەویش لەترسا دەی قیژاندو هەڵدەستاو دەچووەوە ناو نوێنەکەی خۆی. دراوسێکانیان سەیریان دەهات بە کاری شێتانەی ئەم ژنو مێردە. زۆر شەو دەیان بینی ئەم دووانە قیژو هۆڕیانەو دوایی دەستیان دەکرد بە پێکەنینو راکە راکە بەسەر نوێنو کورسیەکاندا.

چونکە ژنەکەی مۆزارتیش کەوتبوە تەقەتەقی ددان ئەویش لە تەقەتەقی دانەکانی خەبەری دەبوەوە هەمان کات هەردووکیان بە خەبەر دەهاتن‌و دەکەوتنە پێکەنین. شەوانە ئەمە حاڵیان بووە.

## مارەبڕینی سۆزانا لە ڤیگارۆ

کەسانێك هەن توانایان هەیە بڕیاری چارەنووسساز بدەن.. واتە بڕیارەکانیان بەقەدەر هەموو ژیانی خۆیانە.. واتا ئەم بڕیارە.. ئیتر گرنگ نیە لەو کاتەدا یان دوایی چی دەبێت.. ئەم بڕیارەش وە نەبێت یەکە بڕیار یان دوابڕیار بێت لە ژیانیدا.

ئەو لاوانەی بڕیاری وەرگێرانی (دائیرەی زانستیە ئیسلامیەکان)یان دابوو ئازاو لەخۆبوردوو بوون. بەڵام بڕیارەکانی سەردەمی لاوێتی هەمووی دوابڕیارە. یان ئەمە یان مردن.

ئەو لاوانەش: محەمەد سابیت ئەفەندی‌و ئەحمەد ئەلشناوی‌و ئیبراهیم زەکی خورشید‌و عەبدول حەمید یونس بوون..

وە ئەوانەش لە بڕیاری وەرگێڕانی (چیرۆکی شارستانی)یەکەی نووسەری گەورەی ئەمریکی (وول دیوارنت)یان دابوو ئەمانە بوون: زەکی نەجیب مەحمود‌و محەمەد بەدران‌و فوئاد ئەندراوس.

ئەوەش کە پێشەکی (پووکانەوەی رۆژئاوا)کەی (ئۆزڤاڵد شبلینگەر)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی وەرگێرا کە گەورەترین کتێبەو قورسترین کتێبە ئەو وەرگێڕە مامۆستا (عەلی حەسەن ئەلهاکیع)ە..

هەروەها (د. عەبدول رەحمان بەدەوی)ش کە بڕیاری وەرگێڕانی (بوون‌و نەبوون)ی فەیلەسوفی وجودی (سارتەر)ی دابوو. بڕیاری وەرگێڕانی (سەد کتێبی دڵگیری جیهان)ی دابوو لەناو کتێبە گرنگەکانی ئەدەبی رۆژئاوادا.. دووبارە کە بڕیاری وەرگێڕانی



ڕۆمانی (دۆن کیخۆتە)ی ئەدەبیی ئەسپانی (سوڤانتش)ی دا کە (د. عەبدول عەزیز ئەلاهوالی)ش وەری گێڕاوە..

خوالێخۆشبوو (سامی دەروبی) ئەدیبی سوری هاوڕێی خوێندنم لە فەلسەفەدا، ئەویش هەموو نووسینەکانی ئەدیبی رووسی (دۆستۆیڤسکی) وەرگێڕاوە. زانای جوگرافیزان خوالێخۆشبوو (د. حەسەن عوسمان)یش (کۆمیدیای یەزدانی) (دانتی ئەلیلجریری) شاعیری ئیتاڵی وەرگێڕاوە.

پیاوە لەخۆبوردووە شێتەکەش ڕۆمانی (عۆلیس)ی ئەدیبی یۆنانی (کازانتزاکیس)ی وەرگێڕاوە (کە ٤٤ هەزار دێڕە شیعرە). ئەم پیاوەی خەڵکی ئەسکەندەریە لە تەلەفیزیۆندا بینیومە، هەرچی هەبووە فرۆشتویەتی.. ناوەکەی نازانم، ناشزانم ماوە یان ئەویش گیانی چووە بۆ لای (هۆمیرۆس)ی خاوەنی (ئلیادەو ئۆدیسا) یان بۆ لای ئەدیبی مەزن (کازانتزاکیس)ی دانەری (زۆربا)و (گێڕانەوەی هەڵواسینی مەسیح)و (بەندەی خوا). بیریاری هەڵکەوتوی ڕۆمانسی (جەمال حەمدان)یش ئینسایکلۆپیدیای (کەسایەتی‌میسر)ی داناوە..

پێدەچێت نووسەر ئەم بڕیارەی لەنێوان خۆی‌و ناوەوەی خۆیدا دا بێت، لە تاریکیدا.. لە کاتی زۆر جوان‌و سەختدا نووسەر بڕیاری خۆی دەدات کە: ئێستا بژی یان بمری. بڕیار دەدات کە بژی. وە مەرجی ژیانەکەشی بەوە دادەنێت کە لە دانان یان وەرگێڕانی نووسینێك لە نووسینە مەزنەکان تەواو بکات.. چێژی ڕاستەقینەش: کاتی بڕیارەکەو کاتی جێبەجێ کردنیەتی. دوای ئەوەش بۆ ماوەیەکی کەم خۆشییەکەی هەر دەمێنێت..

کەسیش نیە رادەی ئەشکەنجەو شکاندنەوەو ئارەق رشتنی و شەونخونی ئەو بزانێت..

بەڵام خاوەن بڕیار سوێندی بەو شمشێرە خواردووە کە لەسەر گەردنی خۆی داناوە، بۆیە دەبێت پەیمانەکەی خۆی بەجێ بهێنێ.

ئەو کاتەی لەدڵی خۆمدا بڕیارم دابوو کە هەموو چیرۆك و رۆمانەکانی (ئەلبەرتۆ مۆراڤیا) وەربگێڕم بنەمای ئەم بڕیارەش ئەوە بوو کە خۆشم دەوێت.. بەرزیشە لە لام.. بەڵام پاش وەرگێڕانی (١٥ کورتە چیرۆکی ئەو بێزارم بووم لەوەی ببم بە "کۆڵکێش"ی چیرۆکەکانی مۆراڤیا یان "سفرەچی" خوانی ئەدەبی مۆراڤیا).

کەسم نەدی لەبواری فەلسەفەو ئەدەبدا وەك من بێت لە پێناوی (مۆراڤیا)دا کە بە دەوری رابەڕی گەشت و گوزار هەلستێت و ئاماژە بۆ خۆم نەکەم ئەو بەرەوپێش بەرم و خۆم بۆ دواوە بگەڕێمەوە. منیش دەورم هەیە لە فەلسەفەو ئەدەبدا. ئەوەم بەسە کە ئاماژەم بۆ زۆر ئەدیب کردووە، لەوێدا ئاماژەشم بۆ چێژی ئەدەبیی خۆم و قووڵایی ناوەوەی فەلسەفی خۆم کردووە.

لە نێوان نووسراوەکانمدا چەند یەشێکم دۆزییەوە دەربارەی فەیلەسوفە مەزنەکان وەرم گێڕبوون وەك: کانت و هۆم و بێریگسۆن و کیرکجۆرد و بایرز و هایدگر و سارتەر. وەرگێڕانی ئەوانە ئەوە دەگەیەنن کە من بڕیاری خۆم هەبوو. یان پرۆژەی بڕیاری پێشکەش کردنی ئەم بلیمەتانە هەموویان یان هەندێکیان. لەگەرمەی هەڵچوون و گەرم بووندا خۆم بۆ ئەوان لەبیر دەچووەوە، ئەمجا بینیم ئەمە ستەمێکەو لە خۆمی دەکەم، خنکاندنی تواناییەکەی خۆم و زیندوکردنەوەی کەلەپوری ئەوانە. حەرامە!! ئەو کاتەی نووسیبووم: (لە هۆڵەکەی عەقاددا چەند رۆژێکمان هەبوو) ئەوە مێژووم بۆ عەقاد



دانا، لەڕاستیدا بەوە من مێژووم بۆ خۆم و نەوەکەی هاودەمی خۆم دانا لە ئەدیب و بیریارەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی عەقاد و تەها حسین و مازەی و لوتفی ئەل سەید و سەلامە موسا و حەسەن ئەلبەنا و هەموو فەیلەسوفەکانی گریك و سەردەمی نوێ.. من بە پێنووسەکەی خۆم لەبارەی عەقادەوە نووسیم.. یان لەسەر خۆم نووسی بە بۆنەی عەقادەوە.. ئەمجا خۆم بینییەوە کە کەوتوومەتە ژێر سێبەری عەقاد و بیریارەکانی ترەوە. هەر بۆیە پەردەم هەلماڵی ولە کتێبی (لە ژیانی خۆمدا ژیاوم) هزر و دڵی خۆمم دەرخست. لە کتێبی (کەمێك نەبێت) پاشانیش لە نوێترین کتێبیشمدا کە بوو بە کلیلی هەموو گەشتە درێژخانەکانم لە ئەدەب و فەلسەفەو زانستی دەروونناسیدا کە: (پاشماوەکەی لە ژیانمدا ـ تابلۆیەکی سەر دیواری منالی)یە.

سەخترین بڕیار ئەوە بوو کە خۆم بناسم. بە چنگەکرێ چاو و گوێچکەم بکەمەوە تارمایی سەر عەقڵ و سەر دڵم لا ببەم و ببینم و دەربڕینم هەبێت.. هیچ شتێك لە وەرگێڕان و خۆ لە بیرکردن ئاسانتر نیە.. هیچیش لە گوزارشتکردن لە خود قورستر نیە.. من قورسترەکەم هەڵبژارد چونکە ئەوە رێگەی راستە.. هەندێ کەس لایان وایە وەرگێڕان ئەمانەتەوە دەگاتە ئاستی موعجیزە.. یانی گوێزانەوەی بیری خەڵکانی تر بە ئەمانەت و بە جوانی زۆر قورسە.. بەڵام ئەم قورسیە رێزیان بەرز دەکاتەوەو خۆشیان شکۆ داردەکات.. وەرگێڕان بە هاوشانی دانەر دادەنرێت کە دەڵێن: لە وەرگێڕانی فلان.. تەواو وەك دۆزەرەوەی کیشوەرەکان دەچێت کە ناوی دۆزەرەوەکەی لە کیشوەرەکە دەنێن. ئەوەتا ناوی ئەمەریکا لە ناوی دۆزەرەوەکەیەوە وەرگیراوە کە: (ئەمریکۆ فسبۆتشی) ئیتاڵیە.

هەر ئەم ڕێزەشە ئەوانە پێی رازین کە نادیارەکانی کیشوەری ئەدەب و ڕۆشنبیریمان بۆ دەگوێزنەوە.. شایانی مەزنترین ڕێزلێنانی ئێمەش دەبن.

ئەوانەی ناسکی و جوانی و بیرو ئەدەبمان پێشکەش دەکەن زۆرن کەچی بە بەشێکی کەمی یەك دێڕ یان دوو دێڕی سەر بەرگی کتێبەکە رازین.. ڕۆژێکیان (گۆتە)ی شاعیری ئەڵمانی شانۆنامە نەمرەکەی (ڤاوست) کە کرابوو بە فەرەنسی، دەخوێندەوە ووتی: لەم وەرگێڕانە فەرەنسیەوە لە خۆم تێگەیشتم.. چونکە ئەم وەرگێڕە فەرەنسیە مەزنە ویستوویەتی ڕووناکی بە ناخی گەردەلوولی تاریکیمدا بڵاوبکاتەوە.

ئەوەش کەرەم و مەزنی ئەو شاعیرە ئەڵمانیەیە، ئەگینا بە دەگمەن وەرگێڕو مێژوونووس ئەو ستایشەیان پێ دەبڕێت!

ئەمە و دەیان نمونەی ترم بیرکەوتەوە کە لێرەدا جێگەیان نابێتەوە. لەو کاتەشدا بیرم کەوتنەوە کە سەیری وەرگێڕانە عەرەبیەکەی ئۆپێرای (زەماوەندی ڤیگارۆ)م دەکرد کە وەرگێڕەکەی هاوشارییم، دوکتۆر (عەلی سادق)ە. کە وەك ئینسانێکی بێ هەوا خۆی ناساند بەوانەی کە ئۆپێرای (ژن خواستنی ڤیگارۆ)ی مۆزیکزانی بلیمەت (مۆزارت)یان دیبوو. کەسیش نەیزانی وەرگێڕەکە کێیە؟ ئەو ئازارەش چییە؟ کە ساڵانێکی درێژ چەشتوویەتی و خەریکی پیاچوونەوەی دەقە ئیتاڵیایەکەی و وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەو دەقە عەرەبیەکەی بووە. لەگەل کێشی وشەو فرمان و ووتەکاندا تا هەمان کێشی مۆزیککە وەر بگرن.. دوکتۆر (عەلی سادق) وەك ئەستێرەیەکی کشاو لە قولایی ئاسمانەوە هات و ئاسمانەکەی بۆ ڕووناك کردینەوە و نەما.. نە کەس بینی و نە کەسیش ناسی، ئەم پیاوە بێ



هەواو فیزەو عاشقی (مۆزارت)ە دڵی خۆی بۆ نەکردینەوە.. ئاخۆ ئازارەکانی خۆی دا بە گوێماندا و تەنها قسەی خۆی کردو ڕۆشت.. ئەو ووتەیەی لە ئەوروپا ووت، ئەوان ڕێزو قەدریان گرت.. پاشان ڕۆیشت بۆ سعودیەو لەوێ بوو بە پزیشك. ئەم ئۆپێرایەی لەسەر شانۆی ئۆپێرای قاهیرە بینیمان چوار پەردە بوو، بە زمانێکی عەرەبی رەوان داڕێژرابوو بوو.. کارێکی نوێی زۆر بێ وێنە بوو. بەلای گوێچکەی عەرەبی و زەوق و چێژی میسری و عەرەبییشەوە زۆر گران بوو. ئێمە بە ئاوازی تورکی راهاتبووین.. هەر ئۆپێرایەك بەسەر پیتەکاندا زاڵ ببێت، ناتوانین لێی تێبگەین. بۆیە ئۆپێرایەکی درێژ و قورسی وەك ئەم ئۆپێرایە بۆ (فاروق حوسنی) وەزیری ڕۆشنبیری و دکتۆر (تاریق عەلی حەسەن)ی هاوشاریی من و بەڕێوەبەری ئۆپێرا، کارێکی مێژوویی ناوازە بوو.. بەلام بە پێشوازیکردنی خەڵکی لەوەدا نەبوو، زۆر باش بە پیرییەوە چوون.. ئەو ئۆپێرایەی پزیشکێکی هونەرمەندی بێنەوا بۆ دووسەدەمین ساڵیادی مۆزارت دایینابوو.

بابەتی ئۆپێراکە لە شانۆ گەریەکی ئەدیبی فەرەنسی (بۆمارشێ) وەرگیرابوو.. پیاوێکی هونەرمەندو بازرگانێکی بێ ئابڕوو سوك بوو، حەزیشی بە ئاشتی بووە.. بازرگانی چەکیش بووە. لە نێوان کۆشك و گرتووخانەکاندا هاتوچۆی دەکرد.

ناپلیۆن وەسفی ئەم ئۆپێرایە دەکات و دەڵێت مانیفێستێکی شۆڕشگێڕانەی ناسکە. لویسی شازدەهەم نەیهێشت لە فەرەنسادا نمایش بکرێت. لە ڤیەناش جۆزیفی ئیمپراتۆر ڕێگەی نەدا. زۆریان دەسکاری کرد، کەڵبە تیژەکانی و نینۆکەکانیان دەرهێنا... لە هەڵۆیەکی چنگ بە خوێنەوە، بوو بە باڵندەیەکی ماڵی.. خۆ باڵندەی

مـاڵیش دەنووكو چنگی هەیە.. بەڵام لە كۆتایی ووتە مۆزیكیەكانەوە، كڵپەو گڕەكەی هەر دەردرەوشێتەوە.. نوسەری ئەم ئۆپێرایە دابونتی شاعیری ئیتاڵییە، پاڵەوانەكەی لاوێكی زۆر زرنگە و ناوی (ڤیگارۆ)یە.. ئەم لاوە لەگەڵ ئاغاكەیدا ناكۆكە.. قوربانییەكەش (سۆزانا)ی دەزگیرانیەتی.. ئاغاكەی بە مافی مێژوویی خۆی دەزانێت كە یەكەم شەوی گواستنەوەی سۆزانا بۆ ئەم بێت.. ئەمەش وەك مافی سوورانەی ئاغا بەسەر رەعیەتەكانیانەوە.. ئاغا دەسبەرداری مافەكەی ببوو، بەڵام ئەوە فێڵ بوو.. زیرەكی (ڤیگارۆ) لەوەدا دەردەكەوێت كە فێڵەكە بەسەریدا تێناپەڕێت

ئۆپێرا چوار پەردە كۆمیدییە درێژو قورسەكە، بە گوێزانەوەی سۆزانا بۆ ڤیگارۆ كۆتایی دێت.

زانایانی مۆزیك بە لایانەوە وایە كە ئەم ئۆپێرایە كامڵترین كاری مۆزیكی هەموو سەردەمەكانە.. لە (پراگ) گوێگرەكان هەندێك لە تابلۆ مۆزیكییەكانیان دەژەندەوە، هەتا پێنج سەعاتی خایاند.

ئەگەر تۆ گوێ بگریت لەو ئۆپێرایە ئەوا جوانی مۆزیكت بۆ دەردەكەوێت كە زاڵە بەسەر قسەكاندا.. لۆمەی خۆت مەكە ئەگەر چێژت لە گۆرانی ئۆپەرێتی وەرنەگرتبێت، واتە باش نەزانیت گۆرانی بێژەكان چی دەڵێن.. چونكە ئەمە شتێكی نامۆیە بە گوێی میسریو عەرەبیی.. عەیبەكە نە لە تۆدایە نە لە گۆرانیەكەدا. تۆ رانەهاتوویت لەسەری!.. ئەمەش یەكێكە لەو هەوڵە قورسانەی دەدرێت بۆ گوێزانەوەی كە لەپووری كلاسیكی مۆزیكو گۆرانی بۆ گوێیەك راهاتبێت و هۆگری گۆرانیو لاواندنەوەو چڕینی درێژخایەن بووبێت.



گومانی تیا نیە كە زۆر كۆسپ رێگر بوون لە ڕاهێنانو بەجێگەیاندنی ئەم ئۆپێرا كۆمیدیە. بەڵام پیشاندانی لەسەر شانۆی ئۆپیراو لە شوێنانی تریش ئەوە بەدەستكەوتێكی مەزن دادەنرێت. نالێم دەبێت بە بنەمای زەوقی گشتی لە میسرو شوێنانی تر.. كرانەوەی گوڵێك ئەوە ناگەیەنێت كە بەهار هاتووە.. بەڵام پێویستە تاقی كردنەوەی زۆری ترو راهێنانی چڕو پڕ پێش ئەوە بكرێت. تا بتوانین چێژ لەم جۆرە كارە هونەریە گەورانە وەربگرین.. ئەمڕۆ..و سبەینێ نا.. بەڵكو دوو سبەی.

تكا لە دكتۆر عەلی سادق دەكەم ، بە پێنووسەكەی بە داڕشتنی هەموو ئۆپێراكەدا بچێتەوە، چونكە هەڵەی رێزمانی زەق و نەشیاوی تیایە. داڕشتنە عەرەبیەكەشی قورسەو ناڕێكی زۆری تیایە.

من دەزانم چەندەها كۆسپ رووبەڕووی بۆتەوە، بەڵام پاش ئەم سەركەوتنە مەزنە. رزگاركردنی دەقە شیعرییەكە لەو هەڵە و پەڵە زەقانە، ئەركێكی زۆر گران نیە.

من وام دەزانی كە هەڵەكان تەنها لە (دەقە) نوسراوەكەدا هەن كەچی دەبینم بە سەر زمانی گۆرانی بێژەكانیشەوەیە.

هەڵەی رێزمانی لەگەڵ مۆزیكی بێ كەموكوڕی مۆزارتدا، وەك ئەم ووتانە دەردەچێت:

وا لە گومان مەكە دڵت پڕ بكات –واز لە گومان بهێنە وا لەگومان مەكە دڵت پڕ بكات– مەبەستی لە ووشەی (ڤن) ووشەی (شك)ە.

ڤیگارۆ دەڵێت: چی؟ ئەی كۆنت ئەم مافەی پوچەڵ نەكردۆتەوە؟

سۆزانا دەڵێت: بەڵێ. ئێستا پەشیمانەو دەیەوێت ئەم مافە لەگەڵ مندا قەرەبوو بكاتەوە؟

ئەم مافەش ئەوەیە كە ئاغا شەوی یەكەم لەگەڵ بووكەكەدا بێت.

ڤیگارۆ دەپرسێت: ئەی ئەم مافەی پووچ نەکردۆتەوە؟

وەڵام: بەڵێ.. بەڵام رای گۆڕیوە دەیەوێت لەگەڵ مندا ئەم مافە دەست پێ بکاتەوە.

دەقە ئیتاڵی و ئینگلیزیەکەش دیسانەوە لەم ووتە ناڕێکو هەڵە رێزمانیانەی تیایە:

پێویستە هەموو شتێکم پێ بڵێت.

چەند نەنگە تۆ دەژیت لەو کاتەوەی دەرسی دابدەی بیدەی بە من..

(هاتی) بیدەرێ بۆ خاتری خوا! باسی خۆشەویستی بۆ بکە لەشەودا خۆشەویستی بۆ ئاو. بۆ رۆژ.. بۆ مانگ.. بۆ باڵندە بۆ با... بکە خۆشەویستی سەدای منی پێیە بۆ هەموو دنیا. ئەو زۆر سەیری دەکات.. دەقە عەرەبیەکە هەڵەی رێزمانی زۆری تێدایە. بەڵام چارەسەریان ئاسانە، بەڵام ئەم هەڵە بچووکانە کارە مەزنەکە دەشێوێنن.

با دکتۆر عەلی سادق تۆزێکی تر ئارەق بڕێژێت و ەمێکی تر خۆی بڕەنجێنێت. ئیسمی (ان)و خەبەری (کان) راست بکاتەوە. لەگەڵ رێز و خۆشەویستی زۆرمدا بۆی. سوپاس بۆ ئەو چاکەیە و ئەو خۆراگرتنەی لە جێ بە جێ کردنی ئەم بڕیارە خۆکوژیە چارەنوسسازەدا.



## مۆرزات:

لەسەد کەسە نەمرەکاندا نییە!

نامەیەکی زۆرم لەخوێندەوارانەوە پێگەیشتووە، هەموو ڕادەربڕینە لەسەر ئەوەی لە بارەی مۆزیکزانی موعجیزە (مۆزارت)ەوە نووسیومە.. پرسیارێك لەبابە (جۆرج سۆراکی)یەوە. کە ئەوەی جێی سەرنجێتی مۆزارت بەسۆز بووە. دایكو باوکی خۆش ویستووە، بە درێژایی تەمەنی لە باوکی ترساوە. کەچی هاتوچۆی کەنیسەی نەکردووە تەنانەت لە نامەکانیشیدا ناوی نەهێناوە؟! ئەم سەرنجە نوسینی خوێنەرێکیشم بیر دەخاتەوە لە بارەی کتێبی (لە هۆڵی عەققاددا–چەند رۆژێکمان هەبوو) ی من. ئێمە رۆژانی هەینی لە هۆڵەکەی عەقاددا لە کاتژمێری نۆی بەیانی تا دووی پاش نیوەڕۆ یەکترمان دەگرتەوە.. ئەو خوێنەرە دەڵێت: سەرنجی ئەوەی داوە کەس لە میوانەکان و مامۆستا خۆشی: هیچیان نەچوون بۆ نوێژی هەینی.. خاتو (کامیلیا حسەین)یش نووسیوێتی: هیچی لە بارەی سەرچڵییەکانی مۆزارتی مۆزیکزانەوە نەخوێندۆتەوە. کەچی هەموو شتەکان وا دەگەیەنن کە ئەوپیاوە گورگێك بووە بۆ خۆی.. جوانترین ئافرەتی دنیاش خۆی تێهەڵسووە.. بەڵام مۆزارت شەوو رۆژ نوقمی داهێنان بووە. بۆ هەر شوێنێك بچوایە پیانۆی لێ بوو بێت ئەوا نان‌و ئاوی بەجێهێشتتوەو کەوتۆتە پیانۆ ژەنین. نەیتوانیوە پیانۆ ببینێ‌و نەیژەنێت یان پێکی مەی ببینێ‌و فڕی نەکات. یان ئافرەتی شۆخی ببینێت و ماچی نەکات. هەموو ئەمانەی لە یەك کاتدا دەکرد.

لە دکتۆر (ئیسماعیل نەبیل محەمەد فەهیم)ەوە ئەمەی خوارەوەم پێگەیشت:

ووتارەکەتان لە بارەی (مۆزارت)ەوە.. وای لێ کردم ئەم بڕگەیە چەند جارێك بخوێنمەوە: (لەوەش سەیرتر ئەوەبووە کە مۆزارت لە وەسفکردنی "میزو پیسایی" چێژی دەبینی) میزی بەخوڕ، ئەمجا پیسایی و ڕەنگەکەی چۆنەو باو بژ و تڕکەندنەکانی چۆنە.. تا دوایی. ئەمانەم لا سەیر نەبوو.. من پزیشکم و لە تێڕوانینی پزیشکانەمەوە.. وای بۆ دەچم مۆزارت ریخۆڵەی ناساغ بووە.. بۆیە میزاجیشی توند بووە.. ئەوانەی ریخۆڵەیان نەخۆشە، کێشەیان ئەوەیە بەردەوام ریخۆڵیەیان کرژ دەبێت. دەرچوونی باو بژ خۆشیەکی دەروونی گەورەیان دەداتێ. وەك ئەوەی بارێکی گران رزگاریان بوو بێت. واتە پەستانی سەر ریخۆڵەیان. سەیر لەوەدایە ئەو کەسانە لە باسکردنی تڕ و تس خۆشی وەردەگرن.. بە دەرچوونی دەحەوێنەوە..

خۆڕەی میزەکەش.. کێشەی ئەم هونەرمەندە جوان پەرستە بووە. بەتایبەتی جوانی ئافرەت، هەرچەندە کاری سێکسی نەکردووە.. ورووژاندنی سێکسی بەسە بۆ هەڵئاوسانی پرۆستات کە ناهێڵێت بە سانایی میز بکەیت و گورچیلەش سست دەکات.

مۆزارتی داماویش وەك زۆرینەی پیاوە مەزنەکان، پرۆستانی ناساخ و ریخۆڵەی نەخۆش بووە.

هاوڕێیانم، دکتۆر ئامال و عەبدولسەلام و فەرید و موحسین ئەلزوهەیری لە شاری (بۆستن)ی ئەمەریکاوە بۆیان نووسیم: ئێمە هەمووومان لە خەڵکی زیاتر (مۆزات)مان خۆش دەوێت.. هەمووشمان یەك سەربوردەمان هەیە. ئەویش: خۆت دەیزانی: دایکمان



نەمساویە، باوکیشمان لە شاری (گراتس)ی نەمساوی خوێندنی تەواو کردووە.

لە ماڵەکەماندا کە لە گەڕەکی (تۆرپیل) ی شاری (مەنسورە) وێنەیەکی گەورەی مۆزارتمان هەڵواسیبوو. ڕەنگە بیبێتەوە بیرت کە خۆت شوێنەکەیت گۆڕی و پڕکێشیت کرد و هەموو وێنە بچووکەکانی دەوریت لابرد. پێت وابوو کە مۆزارت لە دنیای بلیمەتی مۆزیکدا، تاقانەیە. ئیتر چۆن ئەم بوودەڵانە بە دەوریا دابنێین؟.. خوا بێقەزات بکات، ئەو بوودەڵانە وێنەی منداڵیی خۆمان بوون. دایکیشمان ئەو سووکایەتیەی قوتدایەوە، لێت بوورا، چونکە مۆزارتت بەرز کردبۆوە.. هەموومان عاشقی مۆیزیکی مۆزارتین.. ئێستاش ئەو قەوانە کۆنەی هەمانبوو هەر ماومانە. لێرە خەڵك وەك ئاسەوارێکی دانسقە سەیری دەکەن.. ئەوە گرنگترین ئامێری ماڵەکەمانە.. وتارەکانتمان خوێندەوە زۆر بەلامانەوە خۆش بوو.. سەرسام بووین تۆ چۆن ئەم هەموو زانیاریانەت کۆکردۆتەوە. بیرتە سەردەمی خوێندمان بەیەکەوە لە شاری (مەنسورە) تۆ قسەت بۆ دەکردین پوختەی خوێندنەوەکانی خۆتت بۆ باس دەکردین.. رۆشنبیریی فراوانی خۆتت بۆ دەخستینەڕوو.. بیست جار بە پێ لە گەڕەکی (تورێل)ەوە تا گەڕەکی(شجره الدور) دەهاتین و دەچووین.

دایکم دەڵێت: کەس نازانێت ڕەنگی چاوی مۆزارت چۆنە، چونکە بریسکەیەکی بلیمەتانەی تێدا بوو. مێژوونووسێکی گەورە وتویەتی: هەندێك جار چاوەکانی ڕەشن و هەندێك جاری تر زەردی کاڵ. کەسیش تا ئێستا نەی زانیوە باڵای چەند بووە. هەندێك دەڵێن کورتەباڵا و کورتە بنە بووە.. هەندێکیش دەڵێن باڵای مام ناوەندی بوو.. ئافرەتێکی مێژوونووسی ئەڵمانی وا باسی دەکات: کەڵەگەت

بووه.. بە ڕادەیەك هەر كەس قسەی لەگەڵ بكردایە سەیری سەروەی دەكرد.. ڕەنگە مۆزارت لەیەك كاتدا كورتە بنەو كەڵەگەتیش بوو بێت.. دایكمان داوا دەكات بۆت بنووسین و بڵێین: بیتهۆڤن و مۆزارت و هایدن و شتراوس بە هۆی هەستیاریانەوە، قۆڵ و سینگ و سەریان ئاڵۆشی تێدا بووە.. مۆزارتیش زوو زوو دوومەڵی لێدەهات.. بەردەوام خۆی هەڵدەكڕان و حەساسییەتی هەبوو...

دایە سلاوت لێدەكات و داوات لێدەكات و دوات لێدەكات پیرۆز بایی لەوانە بكەیت كە لەنمایش كردنی ئۆپێرای (زەماوەندی ڤیگارۆ)دا لەسەر شانۆی ئۆپێرای گەورەی میسری نوێ، سەركەوتنیان بەدەست هێنا. دەیەوێت سوپاسگوزاریی خۆی بگەیەنێت بە بەڕێزان: فاروق حوسنی وەزیری ڕۆشنبیری و دكتۆر عەلی حەسەن بەڕێوەبەری ئۆپێرا و مایسترۆ ئەلسیسی و دكتۆر عەلی سادق كە ئۆپێراكەی بە شیعر وەرگێڕا بوو بۆ زمانی عەرەبی. هەموو گۆرانیبێژە كوڕو كچەكانیش.. بە خۆشت بۆ ئەو نووسینەت لەسەر مۆزارت.. ئەویش زۆر نەمسای خۆش دەوێت وەك چۆن ئێمەش هەموومان (مەنسورە)مان خۆش دەوێت!

ئێستا قسەكردن بەجێدێڵم بۆ بەڕێز: ماجید عەلی ئەلكەسار كە باسی باوكە چاكە هونەرمەندە كۆمیدیەكەیمان بۆ دەكات كە زۆری هێناوینە پێكەنین و بەردەوامیشە: كە ئێمە ئەم كەڵە هونەرمەندەمان لەزۆر بۆ نەدا لەیاد كردووە دەڵێت: پێتان ڕادەگەیەنم كە نووسینە بەرزەكانتم لە گۆڤاری ئۆكتۆبەر ژمارە ٧٦٠ لە ١٩/مایۆ/١٩٩١دا لەژێر ناونیشانی (منداڵە مەزنەكان)دا، خوێندەوە. بۆ ڕێزلێنان لە مۆزارت بە بۆنەی تێپەڕبوونی زیاتر لەدوو سەد ساڵ بەسەر كۆچ كردنیدا. باسەكە پانۆرامای گەورە پیاوانی هونەرو ئەدەب و



سیاسەت بوو. ئێوە بە وردی ئاگاداری ژیانی ئەم جولەكانەن. دوایی دڵم دەگوشراو خوێن و خەفەتی لێدەچۆڕا بۆ ئەو مەزن بلیمەتە میسریانەی لە بیر كراون و پشت گوێ خراون. باسی جیهانی شانۆت كردووەو بە تەنها باسی (شارلی شاپڵن)ت كردووە، كەچی لە نێو منداڵە مەزنەكاندا، باسی بلیمەتی هەڵكەوتووو موعجیزەی سەردەمی خۆی و هەمو سەردەمەكانت نەكردووە، كە هەموو جیهانی سەرسام كرد. ئەو پێشكەوتنی شانۆیی بۆ میسر بەدی هێنا. تەنانەت هەموو ڕەخنەگران لەسەر ئەوە كۆكن كە سەردەمەكەی ئەویان بە سەردەمی زێرین بۆ شانۆ ناوناوە. ڕێزو خۆشەویستی بۆ هونەری كۆمیدی بەدی هێنا... هەموو جیهانی وا لێ كرد بەرێزەوە ناویان دەهێنا. فەرەنسا كە كانگای كۆمیدیایە، وەلێ ئەوەتا، نوسەرێكی فەرەنسی (گەڕانەوە بەپێ) كدا، كە لە ساڵی ١٩٢١ دا، دەرچووە. باسی عەلی كەسار دەكات كە لەسەر تەختەی شانۆ موعجیزە دروست دەكات. ئەو نووسەرە فەرەنسیە بەراوردێكی ئەو هونەرانە دەكات لە هونەرمەندە میسریەكانەوەو لە فەرەنسای وڵاتەكەی خۆیدا بینیونی و دەڵێت: گومان ناكەم كە ئەكتەرێكی كۆمیدیم دیبێت یان بستبێت وەك ئەم پیاوە سەركەوتوو بووبێت.. هەندێ جار هێزو توندو تیژی دەنواند و سیمایەكی بازاڕییانەی وەردەگرت. جارێكیش ساردیەكی سەیری دەنواند. بەڕاستی بلیمەتی بوو.. ئەمجا (دەنی دەنیس)ی راگری (عمید) كۆمیدیای (فرانیز) دێت تا ئەم شایەتیە بۆ بلیمكەتی هەڵكەواتووی میسر بدات.. وەسفی دەكات بەوەی زمانێكی مۆزیكیانەیەو هەموو خەڵك بەجیاوازی زمانیشیانەوە تێی دەگەن و دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی كە زمانی عەرەبیشم نەدەزانی، بەڵام (عەلی كەسار) كێشی كردم بۆ لای

خۆی، بێجگە لەو کەسی ترم لەسەر شانۆ نەدەبینی، کەس پێویستی بەزمانی عەرەبی نەبوو تا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەوەوە.

لەساڵی ١٩٣١ دا، لە شانۆنامەی "پیسکە" ی مۆلێردا، ڕۆڵی عوسمانە فەندی بینی. پاشان لە شانۆیی "محەمەد.. سندوقەکەیان دزی" بەشداریی کرد، دوای نمایشەکە، نوسەری فەرەنسی شانۆنامەکە چوو بۆ ژووری خۆ گۆڕین تا سەرسامی خۆی بەرامبەری بۆ بلیمەتی ئەو دەرببڕێت و وتی: خۆ لە فەرەنساش نمایشی شانۆگەریەکەم دیوە. وەلێ ئەمەی ئێوە زۆر بلیمەتانەیە.

ئەم بلیمەتە لەخاکی میسرو لە گەڕەکی خاتو زینەب هاتۆتە دنیاوە. هەر لە منداڵیەوە هەستی بەلێهاتوویی و بلیمەتی خۆی کردبوو، ڕێگەی ئەو هونەرەی زانیبوو کە خوا بۆی ڕەخساند بوو. کە دەچوو بۆ حوجرە ، شتە تایبەتیەکانی خۆشی دەبرد. هەر لە منداڵیەوە حەزی لە لاسایی کردنەوەو گاڵتەو گەپ بوو. چاوی بڕیبووە جیهانێکی تر. هەر فرسەتی لە مامۆستا بهێنایە، یەکسەر قەرەقۆزەکەی دەردەهێنا کە لەکاغەز دروستی کردبوو بەدەست بەمدیوو بەو دیوا هەڵی دەسووڕاندو لاسایی دەنگی پێدەکردەوە وەك بیەوێت دیمەنێکی گاڵتەجاری پیشانی هاوڕێکانی بدات.؟ منداڵانی هاوڕێی لەگەڕەکدا کۆکردەوەو لەحەوشەیماڵەکەیاندا لەبەر چرادا، یاری خەیاڵی سێبەری پێشکەش دەکردن. دیمەنەکەشی لە بیری منداڵانەی خۆیەوە دەهێنا. دوایی دەکەوتە بەر دار و فەلاقەی مامۆستاکەی لە حوجرەیەکدا دەرگا و دیوارو داخراو بوو. حەزی بەم ژیانە نەبوو. لەدڵی خۆیدا بڕیاری دا خۆی ڕزگار بکات. حوجرەی بەجێ هێشت و رووی کردە جیهانی هونەر و بلیمەتیەکەی کەوتە روو. بەڕێزشتان دەزانن موعجیزە بووە لە شێوازی دەور بینین و



ئامادەکردنی شانۆیی گەڕۆکدا، کە هەر خۆی دانەری زۆربەی شانۆییەکانی خۆی بوو. تەنانەت هاوبەشی ئەو نوسەرانەش بوو کە شانۆییان پێ دەدا، چونکە ئەو لێی زیاد و کەم دەکرد بێ ئەوەی نووسەر لای ناخۆش بێت. چونکە دەیزانی ئەو ڕەونەقی دەداتێ و جوانی و شیرینی پێدەبەخشێت. ئەو دەستکاریکردنە لە بری دانانی فلان و بژارکردنی فلان بوو. توانای دانانیشی خێراییانەو یەکسەر بوو. ڕەخنەگرێك لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەوەی ئەم بلیمەتە بە شەو دەیکات ، بیری خۆیەتی و هەر لەو کاتەدا بۆی دێت و گیانێکی وای دەکات بەبەردا کە هیچ دانەرێك هەرچەند بەتوانا و خۆش بێت پێی ناگاتەوە. دەرهێنەری هەموو شانۆییەکانی خۆی بوو. سی و دوو ساڵ ئیدارەی تیپێکی کرد کە بەناوی خۆیەوە ناو نرابوو، دەتووت لەو بوارەدا پسپۆڕەو خوێندوویەتی. ڕۆژنامەکان دەیان ووت ئەو تیپێکە لە ناو کەسێکدا نەك کەسێك بێت لە ناو تیپێکدا. ئەم هەموو لێهاتوویی و توانایە لەکەسێکی نەخوێندەواردا کۆبۆتەوە کە نووسین و خوێندنەوەش نازانێت. ئێمە لەبەردەم هونەرمەندێکی موعجیزەداین کە بەمانای تەواوی موعجیزە بێت ساتەوەختێکیش هێناویێتی کە کەم ڕێکدەدەوێت ئاوها هونەرەمەندێکی بلیمەتی میسری بێنێت. کە پتر لەسەد ساڵ بەسەر لەدایك بوونیا تێپەڕیوە (ساڵی ١٩٨٧ سەد ساڵ دەکات). ڤێستڤاڵی سینەمایی دەوڵەتی لەقاهیرە ڕێزی لێی نەنا. کەچی بە پەرۆش بوو بۆ ڕێزلێنان لە خواجە (شارلی شاپلن) بۆ هەمان یاد لە ساڵی ١٩٨٩دا. بۆم دەرکەوت ئەوان دەزانن شارلی شاپلن کەی لەدایك بووە کەچی قەت نەیان زانی (عەلی ئەلکەسار) کەی لە دایك بووە.

عەلی ئەلکەساری هونەرمەندی گەل، مافی ڕێزلێنانی خۆی نەدراوەتێ. چونکە هونەرو شانۆکەی بۆ گەلە هەژارەکەی بووە بەتوێژە چەوساوەکانیەوە بۆ یەکەمجار گەلەکەی لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش کرد ئەمجا کردی بەپاڵەوانی شانۆگەریەکانی. هەرچەندە دڵپاکی پێوە دیار بوو تاڕادەی ساویلکەیی وەك هەندێك بۆی دەچوون. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەبوو زیرەكو بەپارێزو وریا بوو خاوەنی قسەی بە توێکڵ بوو. لە کۆتاییدا پاڵەوانی سەرکەوتوو بوو. (عەلی ئەلکەسار) گەلی میسری لەسەر شانۆکەی پێشکەش دەکرد. لەکەسایەتیە هەمیشە نەمرەکەی (عوسمان عەبدول باست)دا دەری دەخست. کە بەرەو ڕووی دەسەڵاتداران و ئیمپریالیزمدا وەستاوەتەوە و داوای سەربەستی و سەربەخۆیی و لابردنی زۆرداریو ئەشکەنجەی دەکات. ناڕەزایی دەردەبڕی بۆ ئینتیدابی بەریتانیا. لەو کاتەشدا بوو کە حکومەتەکەی لیژنەی (سی) دانا بوو ببۆ داننان ئینتیدابەکەی بەریتانیادا؟! لە شانۆکانیدا بەناوی ئەو گەلەوە داوای دەکرد کە خۆی لەمدا دۆزیبۆوە بۆ پاککردنەوەی وڵات لەچاو چنۆکان. پاش ئەوەی دەوری سەر شانۆو پاڵەوانیەتیەکەی بۆ پاشاو خاوەن پایەو دەسەڵاتدار بوو. گەل دەنگی هەڵبڕی لەشانۆی گەل (ئەلماجستیك) لەسەردەمێکدا دەیان ویست دەنگ کپ بێت. جا ئێستا بەسەر سوڕمانەوە دەپرسم ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، ڕێزی بۆ دابنرێتو یادەوەری نەمر بێتو گۆرانی پیا هەڵبدرێت. منالە مەزنەکانی میسر لەمنالی خواجە مەزنەکان کەمتر نین. بەڵام من یەك جیاوازی لەیەك شتا دەبینمەوە ئەویش ئەو گەلانەو وڵاتەکانیان دەزانن ڕێزی پیاوەکانیان چەندە! وە دەشزانن چۆن پیشانی جیهانی دەدەن! کەچی ئێمە ڕێزی خۆشمان نازانین.



هەست بەنیگەرانی دەکەم بۆ ئەو لە بیرچوونو پێنەزانینەی بەرامبەر ئەم هونەرمەندە پێشەواو باڵای بلیمەتی موعجیزەو دەرهێنانی لە لیستی منالانی مەزندا. ئەوەش پاڵی پێوەنام بۆ بەڕێزتان بنووسم. ئایا هیوامان بە وەفاو دڵسۆزی مامۆستاو نووسەری گەورەمان (ئەنیس مەنسور) هەبێت، تا پەردە لە ڕووی یەکەمین هونەرمەندی بلیمەتی میسری لابدات و تەپ و تۆزی لێ بتەکێنێت، ئەو پیاوای ڕاپەڕینی شانۆیی کۆمیدی بۆ وڵاتەکەی بەدی هێناو گەلەکەی لە شانۆگەریەکانیدا وەك پاڵەوان پێشکەش کرد. لە کاتێکدا کە دەسەڵات دەینواڕی ئەوانە کۆمەڵێکی (پشت گوێ) خراون و لای خواجە بلیمەتەکان ناسراو نین. تەنانەت ناوی لە خوارەوەی منالە مەزنەکانیشدا نیە. بەڵام ئەوانە لە خاكو گڵی میسردا ڕواون. ئەو هونەرمەندە نەمرەش (عەلی ئەلکەسار)ە.

لە کتێبی (سەد نەمرەکان)دا کە محەمەد (د.خ) مەزنترینیانە. نووسەرەکەشی (مایکل هارت)ە. ناوی (مۆزارت)ی مەزنی نەهاتووە. بەڵام پاڵەوانی ژمارە (٤٢) ی مۆزیکزان (بیتهۆڤن)ە. لەبەر ئەم هۆیانە:

(لۆدڤیچ ڤان بیتهۆڤن) مەزنترین مۆیزکزانی هەموو سەردەمەکانە. لە ساڵی ١٧٧٠دا لە شاری (بۆن) لە دایك بووە. هەر لە منالیەوە بەهرە مەزنەکەی دەرکەوتووە یەکەم کاری هونەریەکەی لەساڵی ١٧٨٣دا بوو. لاوێکی منالکار بوو، سەردانی ڤییەننای کرد. لەوێ بە شێوەیەکی سەرپێیی مۆزارتی ناسی.. یەکتر ناسینەکەیان کورت بوو. لە ساڵی ١٧٩٢ جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ڤییەنا. لای (هایدن)ی مۆزیکزان. خوێندی. ئەو سەردەمە هایدن مەزنترین مۆزیکزانی ڤییەنا بوو. بەڵام مۆزارت مردبوو. ئیتر دەبوو بیتهۆڤن لە ڤییەننا

بمێنێتەوە، چونکە پایتەختی مۆزیکی ئەو سەردەمە بوو.. هەتا کۆتایی ژیانی لەوێ بمایەتەوە.

لێهاتویی (بیتهۆڤن) لە پیانۆ ژەنیندا بەسەر زاری هەموو خەڵکی دنیاوە بوو، وەك مۆزیکژەنێك و وەك مامۆستایەکی مۆزیکی سەرکەوتوو. کارە هونەریە جوانەکانی بە دوای یەکدا بە لێشاوێکی سەرسوڕهێنەر هاتن. (بیتهۆڤن) بێ کۆسپ و تەگەرە ناوبانگی دەرکرد. بڵاوکەرەوەکانی مۆزیك بۆ کارە هونەریە بەرزەکانی بە پەلە روویان تێکرد. ئەویش تازە پێی نابووە تەمەنی بیست ساڵ. کە بیست ساڵی تەمەن تەواو کرد نیشانەی (کەڕ)ی لێدەرکەوت. مۆزیکزانە بلیمەتە بە نیشانەی بوون بێزار بوو. ویستی خۆی بکوژێت.

ساڵەکانی نێوان ١٨٠٢-١٨١٥ بە ناوەڕاستی تەمەنی هونەری بیتهۆڤن دادەنرێت. لەگەڵ زیاد بوونی رادەی کەڕبوونەکەیدا، لە ژیانی کۆمەڵایەتی پاشاکشەی کرد. خەڵکی ئەو سەردەمە بە مرۆڤێکی شێواو یان عەیبداریان دادەنا. لەو کاتانەدا پەیوەندی سۆزداریانەی زۆری هەبوو بەڵام کۆتاییەکەی بە چارەڕەشی هاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی بەرهەمەکانی لافاوێکی خوڕ بوو نەدەوەستایەوە بەرە بەرە هەستی کەم دەبووەوە بۆ خواستو حەزەکانی خەڵك. داهێنانی هەبوو بەڵام زۆر بیری لەو کارە هونەریانە نەدەکردەوە کە خواستی خەڵکەکە بوون لەگەڵ ئەوەشدا هەر سەرکەوتوو بوو.

لە کۆتایی چل ساڵی تەمەنیدا بە تەواوی گوێی گران بوو. ئیتر ئامادەی ئاهەنگە مۆزیکیەکان نەدەبوو. لە بواری کۆمەڵایەتیشدا پاشەکشەی دەکرد. وای لێهات کارە هونەریەکانی کەم بوونو قورس



بوونو تێگەیشتنیان ئاسان نەبوو. وای لێهات کە مۆزیکی بۆ خۆی یان بۆ نەوەکانی داهاتوو دادەنا.

دەڵێن بە رەخنەگرێکی ووتووە: ئەم مۆزیکە بۆ تۆ نیە بەڵکو بۆ نەوەکانی دوای تۆیە.

بە ڕاستی گاڵتەجاری قەدەرە کە گەورەترین مۆزیکزانی مێژوو کەڕ ببێت. بە ڕاستی سەیر لەوەدایە کارە هونەریەکانی (بیتهۆڤن) دوای کەڕبوونەکەی جوان ترو مەزنتر بوون لە کارە هونەریەکانی پێش کەڕبوونەکەی.

لە تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵیدا لە (ڤییەنا) لەساڵی ١٨٢٧دا کۆچی دوایی کرد. کارە هونەریەکانی بیتهۆڤن نۆ سەمفۆنیاو (٣٢ سۆناتای) پیانۆیەو پێنج کۆنشێرتۆی (پیانۆو کەمانە). کۆمەڵێکی جوانی کۆراتای ژێییو مۆزیکی شانۆییو هی تریش.. ئەمانەجوانترین کارن.

کارە هونەریەکانی شۆڕدەبوونەوە بۆ ناخی مرۆڤ، ئەوە هەست کردنە بە تەواوی کارە هونەریەکانی. (بیتهۆڤن) توانی کە کارە هونەرییەکانی بگەیەنێتە بەرزترین پلەی هونەری بەزمانو تێگەیشتنی هەموو مرۆڤێك بێت.

مۆزیکزانێکی داهێنەرو رەسەن بوو. زۆری داهێنانە هونەریەکەی کاریگەری قوڵی هەیە لە نەوەکانی دوایدا.

سەمفۆنیەکانی درێژە پێدەداو بوارەکەی فراوان کرد وە بە هۆی لێهاتوویی لە پیشاندانی توانایی پیانۆدا توانی ئەو ئامێرە بکات بە گەورەترین و گرنگترین ئامێری مۆزیك.

(بیتهۆڤن) یاریدەدەری گوێزانەوەی مۆیزك بوو لە قۆناغی کلاسیکیەوە بۆ قۆناغی رۆمانسی. هەر ئەویش بوو ژمارەی

(ئۆكسترا)كانی زۆركرد. مەزنی (بیتهۆڤن) لەوەدا دەردەكەوێت كە توانی لە دواییدا رووخساری مۆزیكی رۆمانسی بكێشێت.

(بیتهۆڤن) كاریگەری زۆری هەبوو لە مۆزیكزانەكانی دوای خۆی. كاریگەری هەبوو لەو بلیمەتانەدا كە زەوق‌و توانا و رەنگیان لەیەكتری جیاواز بوو وەك: (پرامزو ڤاگنەرو شۆبەرت‌و چایكۆفسكی). هەروەها رێگا خۆشكەریش بوو بۆ دەركەوتنی بلیمەتانی تر وەك: برلیۆزو مالەرو ریچەردو ئەشتراوس زۆری تریش.

ئاساییە كە (بیتهۆڤن) پێشكەوتوتر بێت لە هەموو مۆزیكزاناكانی ترو شوێنی بەرزتری هەبێت لەهەموویان. لەگەڵ ئەوەشدا (یۆهان باخ) هەمان رێزێكی بەرزی هەبوو. بەڵام داهێنانەكانی بیتهۆڤن‌و نوێخوازیە مۆزیكیەكانی ناوبانگێكی فراوانترو جەماوەرێكی گەورەتری بۆ بەدی هێنا. كە كاریگەرتر بوو لە مۆزیكیەكانی باخ.

بە گشتی بیرو باوەڕە سیاسی‌و ئەخلاقی‌و ئەدەبی بڵاوبوونەوەو كاریگەریان زویاترە لە مۆزیك. بۆیە مۆزارت بە دوای (شكسپیر)دا دێت. ئەگەر ئێمە بەراوردی نێوان وێنەكێش (مایكل ئەنجیلۆ)و (بیتهۆڤن)ی مۆزیكزاندا بكەین ئەوا دەبینین كە خەڵكەكە زیاتر گوێبیستی مۆزیكن زیاتر لە بینینی پیشانگای هونەری. هەر بۆیە من بڕوام وایە كە مۆزیكزانان كاریگەریان زیاترە لە نیگاركێش‌و پەیكەرتاشەكان. بۆیە دەكرێت كە بیتهۆڤن لە شوێنێكی ناوەڕاستی شكسپیری شاعیری ئینگلیزی وێنەكێشی ئیتاڵی (مایكل ئەنجیلۆ) دابنێین. ئەمجا (مایكل هارت) مۆزیكزانی ئەڵمانی (باخ) هەڵدەبژێرێت چونكە نەمرەو ژمارە (٧٥)ە.. لەبەر ئەم هۆیانەش نەیویست ناوی مۆزارت بهێنێت: (یۆهان سباستیان باخ) مۆزیكزانی



مەزن یەكەم مرۆڤ بوو كە توانی شێوە جیاوازەكانی مۆزیكی لە هەموو ئەوروپادا یەكبخات. بە شێوەی تیكەڵ كردنی مۆزیكیە تەقلیدیەكانی ئیتاڵیا و فەرەسنا و ئەڵمانیا. وەنەبێت بەناوبانگ بووبێت. بەڵكو تا پەنجاساڵیش دوای مردنی هەر لە بیركرا بوو بەڵام سەدو پەنجا ساڵێ رابردووەوە رەخنەگران‌و مێژوونووسان بە گەورەترین مۆزیكزانیان دانا ئەگەر لە هەموو مۆزیكزانەكانیش گەورەتر نەبووبێت.

(باخ) لەساڵێ ١٦٨٥دا لە شاری (ئیزناخ) لە ئەڵمانیا لەدایك بووە. خۆشبەختانە لە شوێنێكدا لە دایك بوو كە حەزیان لە مۆزیك بوو، مۆزیك رێزی خۆی هەبوو. خێزانەكەی هەموویان لە مۆزیكدا هەڵكەوتوو بوون (ساڵەهای پێش لەدایك بوونی ئەم باوكی تار ژەنێكی باڵابوو. دوو مامیشی بەهرەی بەرزی مۆزیكیان هەبوو. زۆری ئامۆزاكانی (كوڕانی مامی) لە مۆزیك‌و دانانی مۆزیكژەنیندا دیارو دەركەوتوو بوون.

تەمەنی نۆ ساڵان بوو دایكی مرد. یەكەم وانەو فێربوونی لەقوتابخانەی (سانت مایكڵ) بوو قوتابخانەكەی پارەشی دەدایێ بۆ دەنگە ناسك‌و خۆشەكەی‌و ئەمیش زۆر بێ پارە بوو. لەساڵی ١٧٠٢دا خوێندنی لەم قوتابخانەیەدا تەواو كرد. پاش ساڵێك دەرچوونی لە تیپێكی بچوكدا بە تار ژەن دامەزرا. بیست ساڵ دوای ئەو دامەزراندنەی زۆركاری جۆراو جۆری دیوە، بە (ئۆرگۆن) ژەنێكی یەكەم ناوبانگی دەركرد بوو، ئەمجا بوو بە مامۆستای مۆزیك. بوو بە دانەرو سەرۆكی (ئۆركسترا)ش، لەتەمەنی سی‌و دوو ساڵیدا بوو بە سروود بێژ لە كەنیسەكەی (قەشە تۆماس)دا لە شاری (لیبستگ). (٢٧) ساڵ لەم كارەدا مایەوە تا لەساڵی ١٧٥٠دا كۆچی دوایی كرد.

هەرچەندە (باخ) کارمەندێکی باش بوو کاری شیاوی هەبوو کەچی نێوبانگی (مۆزارت یان بیتهۆڤن یان لیست یان شۆپان)ی پێنەبڕاوە. ئەوان لە ژیانیاندا ناوبانگیان دەرکردبوو. ئەوانەش کە باخ لایان کاری دەکرد لە بلیمەتیەکەی تێنەگەیشتبوون. کەنیسەی (لایبسینگ) پێویستی بە مۆزیکژەنێك بوو، (باخ)ی هەڵبژارد. کەنیسەکە هەوڵیدا دوانی تریش پەیدا بکات بەڵام دەست نەکەوتن. هەر (باخ)ی بۆ مایەوە. هەر بۆیە کە (باخ) ویستی واز لەو کارەی بهێنێت کە لە کۆشکی میرێك دابوو، میرەکە سێ ڕۆژ خستیە بەندیخانەوە.

لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا کچی ئامۆزای خۆی مارەکرد. حەوت منداڵیان بوو.. پاشان لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا ژنەکەی مرد. ساڵی دوای ئەوە ژنی هێنایەوە ئەم ژنەی بێجگە لە بەخێکردنی حەوت منداڵەکان سیازدە منداڵی تریشی بۆخستەوە بەڵام (نۆ) یان مانەوە. چواریان مۆزیکزانی نایاب بوون.. بە ڕاستی خێزانێکی بەهرەوەر بوون.

(باخ) بەرهەمی کاری هونەری زۆر بوو، زیاتر لە (٨٠٠) کاری مۆزیکی جوان و نایابی هەبوو.

پیاوێکی ئایندار بوو. ئاواتی ئەوە بوو بەکارە مۆزیکیەکانی هەستی زیاتر بخاتە دەروونەوە هەر بۆیە زۆربەی کارەکانی ئایینی و شێوەی نوێی مۆزیکی دانەهێنا.. هەر شێوە کۆنەکەی بەکار دەهێنا. مۆزیکی جوان و گۆرانی و ژەنینی تاکەکەسیشی دادەنا.

سەیر لەوەدایە کە بلیمەتە مۆزیکزانەکانی سەردەمی خۆی وەك (هایدن و مۆرزات و بیتهۆڤن) ڕێزیان لێدەگرت. ئەم پیاوە نەناسراو مۆزیکە تەقلیدیەکانی لە سێبەردا مانەوە. ساڵی ١٨٠٠ و ساڵەکانی



دوایشی ڕاپەڕینی مۆزیکی بە خۆوە دی ئەم ڕاپەڕینەش بوو بە هۆی زیندوو کردنەوەی (باخ)و ستایشکردنی مەزنی و بلیمەتی ئەو. ئێستا (باخ) بووە بە باڵاترین مۆزیکزانی جەماوەریی دادەنرێت. بەڕاستی سەیرە (باخ) لە ژیان و مردنیشیدا بە مۆزیکزانێکی کۆن دادەنرا. کەچی لەم سەردەمی نوێیەدا بە مۆزیکزانێکی جەماوەریی دادەنرێت.

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (باخ) بەتواناترین دانەری مۆزیکی دادەنرێت لەسەر پابەندبوونی بە یاسا و ئوسوڵی مۆزیکەوە. لە هەمان کاتیشدا سەرکەوتووترین مۆزیکزانی سەردەمی خۆیەتی. هەر بە تواناترین مۆزیکژەنیشە لە بەکارهێنانی زیاتر لە (میلۆدی)یەك لەیەك کاری مۆزیکیدا.

هەر بۆیە کارە مۆزیکیەکانی ڕێزی زۆریان هەیە چونکە ڕێکوپێك و لۆژیکین. میلۆدی مۆزیکەکانی مانای ناسك دەگەیەنن. توێژەرانی مۆزیك وای بۆ دەچن کارە هونەریەکانی (باخ) کاریگەری جۆراو جۆرو دەوڵەمەندیان تێدایە. کارە هونەریەکانی لە کاری بلیمەتە مۆزیکزانەکانی هەموو سەردەمەکان روونترن. (باخ) یەکێکە لە مەزنترین بلیمەتە جەماوەرییەکان بێجگە لە بیتهۆڤن. لە هەموو شوێنێکی جیهاندا، خەڵکی قەوانەکانی باخ زیاتر دەکڕن تا هی مۆزیکزانە تازەکان. لە لیستی نەمراندا.. لە کوێدا دای بنێین؟ دیارە شوێنەکەی لە دوای (بیتهۆڤن)ەوە دێت چونکە بیتهۆڤن داهێنەرێکی چاونەترس بوو. کاریگەری خۆی هەبوو لە هەموو مۆزیکیەکاندا زیاتر لە (باخ). جێی خۆیەتی کە باخ لە دوای وێنەکێش (مایکڵ ئەنجیلۆ) وەبێت. لە دوای (شکسپیر)ی شاعیرەشەوە بێت کە

گەورەترین بلیمەتی ئەدەبە. بە هۆی کاریگەریەوە لە مۆزیکشدا لە پێش مۆزیکزان و وێنەکێش ئەدیبانەوە دێت.

مۆزارت بەو پێوانەیە بە یەکێك لە نەمرەکان دادەنرێت بە ڕای زۆری مێژوونووسان پیاوکێی روح سوك بووە لە هەمووشیان خۆشترو لەبەردڵانتر بووە. مۆزیکی ئەو خۆشی و جوڵەی خستۆتەوە. خۆشی موعجیزەیەکی هونەریە.

وتیان

براکەم منالێکی جوان بوو

(ماریا ئەنا مۆزارت لە نامەیەکیدا ساڵی ١٧٩٩)

دەموچاوت غەمبار بوون.. بە ڕادەیەك خەڵکێکی زۆر بەهرەمەندیەکەتیان لە دەموچاوتا دەبینی.. دەترسان تەمەنت کورت بێت!

(لیۆ پۆل مۆزارت لە نامەیەکیدا بۆ کوڕەکەی)

چاوم کەوت بە (مۆزارت)ی مایسترۆ کە لە ماڵی گەورەی قەشەکان (سالزبۆرگ)دا کاری دەکرد. پیاوێکی بەخۆوە بوو، راهێنەر بوو، کورو کچێکی هەبوو. کچەکەی بە شێوەیەکی بێ وێنەو جوان پیانۆی دەژەند، کوڕەکەشی تەمەن دوازدە ساڵان بوو، مۆزیکشی دادەنا و سەرۆکایەتی تیپە مۆزیکیەکانیشی دەکرد، هەندێك لە دانراوەکانیم دی خراپ نەبوون، بەڵام لە تەمەنی ئەم منالە بەرزتر بوون، لاوێکی قۆزو چالاك و جوان بوو زۆر دەچووە دڵەوە، هەر



بتناسیایە خۆشت دەویست.. دیارە کە گەورە بوو دەبێت بە موعجیزەیەکی مۆزیك.

یۆهان ئەدۆلف هاسە، لە نامەیەکیدا لە ٣٠ سەبتەمبەر ١٧٦٩)

ئەوەشمان زانیبوو کە مۆزارتیان وەك (توولە سەگێگ) شارەو شار دەگێڕا، هەر لە تەمەنی شەش ساڵیەوە پیشانی خەڵکیان دەداو لەکۆشکی پاشا و میرەکاندا، سەیری بەهرەی ئەم تووتکە سەکەیان دەکرد و خۆشەویستیان بۆ دەردەبڕیو یارییان لەگەڵ دەکردو دیارییان دەدایێ.. منالە بێگەردەکەش ساویبکانە لێی دەپرسین: منتان خۆش دەوێت؟ چونکە پێویستی بە خۆشەویستی هەبوو.

پێش دەرکەوتن و هەڵهاتنی بلیمەتیەکەی و کامل بوونەی وەك یاریەکی رابواردن سەیریان دەکرد کە دوایی دەشکێنرا.

تۆ منت خۆش دەوێت؟ بە ڕاستی منت خۆش دەوێت؟

بەڵێ مۆزارت! لە هەموو کەسێك لەم دنیایەدا زیاترم خۆش دەوێیت. لە مامۆستای هەر هونەرێك زیاترم خۆش دوێیت.. لە هەموو بلیمەتەکانی ئەم دنیایە زیاترم خۆش دەوێیت.. لە جوانی و ناسکی هونەر لە هەر شتێکا بێت، زیاترم خۆش دەوێیت.

(هونەری جیۆن لەکتێبەکەیدا: "گەڕان بەدوای مۆزارتدا")

لە ساڵی ١٨١٣دا لە شاری (دەردسن) بووم چاوم کەوت بە (لۆیحی پاسپی) ئەکتەر کە مۆزارت دەورەکانی بۆ نووسیبوو لە ئۆپێرای (دۆن جۆڤانی)و لە ئۆپێرای (ژن هێنانی ڤیگارۆ)دا. ووتی: مۆرزات مرۆڤێکی زۆر سەیر بوو. هەمیشە بیری رۆشتبوو بەڵام بەشکۆمەندیو مەزنیەوە. لای ژنانیش زۆر خۆشەویست بوو.

هەرچەندە بەلەش بچکۆلانە بوو. بەلام دەموچاوێکی جوانی تایبەتی هـەبوو. کـە دڵـی هـەموو ئـافرەتێکی رادەکێـشا. وە چـوار بەسـەر هاتیشی بۆ گێڕامەوە بەلام بەجوانی نازانم کە بیان گێڕمەوە.
(ستاندال لە کتێبەکەیدا: "ژیانی رۆسینی")
مـۆزارت لاواز بـوو بـەلام لەشـی پتـەو بـوو، بالاشـی لـە خـوارر ناوەندیەوە بوو نازانم بالای بە ئینج و سانتی مەتر چەند بوو. سەری لەگەڵ لەشیا گەورەتر بوو قژێکی جوان و سەرنج راکێشی هەبوو، رەنگی قاوەییەکی کاڵ بوو. چاوەکانی شین بوون لووتی گەورە بوو. گوێکانی دیار بوون. گوێی چەپی شێوەیەکی سەیری هەبوو. ئەم عەیبە سروشتیەی بۆ کوڕەکەشی مایەوە.
(برێکسبیر لە کتێبەکەیدا: "ژیانی مۆزارت")
سەیرە! ئەو پیاوەی گوێی ناوەوەی زۆر هەستیارو کامڵ بوو گوێی دەرەوەی شێواو ناتەواو بوو.
(گەربەر)
گوێی مۆزارت بازنەیی یان شێوەی چوار گۆشەیی هەبوو. نیوەی سەرەوەی پان و ئەوی تری تەواو نەبوو.
(باکستۆن: "رۆژنامەی پزیشکی بەریتانی".
پاش ئەوەی گوێی گرت لە مۆزیککەی کە لە تەمەنی دە ساڵیا بوو ئەمەنی نووسی تیا ووتی: بەڕێزان بێگومان گوێتان گرت لە مۆزارتی مناڵ کە وەك مامۆستایەکی مەزن پیانۆی لێدەدا. ئەو راستیەمان بۆ دەرکەوت کە دەیان ووت: لە تەمەنی سێ ساڵیدا جوانترین مۆزیك لێداوە. ئەم مندالە زانستێکی بەرزو کامڵ فێر بوو. هەموو شتێکی نەگونجاو (نشاز) ئازاری دەداو دەی گریێنێ.
(د.بیتۆ)



مۆزارت هەموو شتێکی بە ئاسانی دەنووسی، بە ڕادەیەك کە تۆ وابزانیت کە یاری دەکات. راستیەکەی ئەوە بوو کە پێشتر بەوپەڕی ووردیەوە شتەکانی نوسیبووە، ئەو کە دەچووە سەر پیانۆ بۆ دانانی ئاواز نەبوو.. نەو.. چونکە هەموو شتێکی لەبیرو خەیاڵی خۆیدا دانا بوو.. پێش لێدانی پیانۆکە. بۆیە لەگەڵ لێدانەکەشدا پێش دەکەنی. چونکە پێکەنین رێگری لێدانەکەی نەبوو.. لەبەر ئەوەی دای نەدەنا بەڵکو ئەوەی لێدەدا کە پێش ئەوە داینا بوو!
(فرانتس فیمتشك لەکتێبەکەیدا: ژیانی مۆزارت ١٧٩٩)
ئەوەی وا بزانێت کە هونەر بەئاسانی دەست دەکەوێت.. بەهەڵەدا چووە. هاوڕێ خۆشەویستەکەم، کەس نیە لەم دنیایەدا وەك من بۆ دانانی مۆزیککانم، کات و بیری خۆی تەرخان کردبێت، هیچ مۆزیکزانێك نیە کە مۆزیککەییم بەووردی و بەگرنگیەوە نەخوێنیبێتەوە..
(مۆزارت)
داوام لەیەکێك لەوانە کرد کە گومانیان لە بلیمەتی کوڕکەم دەکرد کە هەر پارچە مۆزیکیەکیان دەوێت بیدەنێ.. بەس بۆ خوێندنەوە.. دوای ئەوە کوڕەکەم خێرا بۆیان دەژەنێت وەك ئەوەی پێشتر هەزار جاری تریش ژەنیبێت.. ئەویش پارچەیەك مۆزیکی دایێ و بەسەر سامیەوە وەستاو گوێی لێگرت و ووتی: بە ڕاستی دانی پێدادەنێم کە ئەمە مەزنترین مرۆڤە لە جیهاندا کە مۆزیك بژەنێت و ئەو هەڵە هونەریانەش راست بکاتەوە کە تێی کەوتوون!
(لیۆپۆڵد مۆزارت)

ئەم منداڵە هەموومان دەخاتە دەریای بیرچونەوە!

(یۆهان ئەدۆلف هاسە)

مۆزیك ناسكو جوانو شیرینو بەتامەكەی وام لێ دەكات كە غەمەكانی ئێستاو رابوردووم لەبیر بچێتەوەو بەخۆشیەوە سەیری ئایندە بكەم!

(مارتینا دی برنۆتی ئەدیب)

پێم ووتیت: ئەم منداڵە موعجیزیە بێ كەمو زیاد. هەر واش دەمێنێتەوە!

(بابە چاڵیانی)

گەورەترین پیانۆژەنە لە ژیانمدا بینیبێتم. بە هەموو تواناشیەوە هەوڵی نوێكاریش دەدات. بۆیە لایەنی سۆزداری لە كارە هونەریەكانیدا كەمن. ئەو مۆزیكیەی پێشكەشی (هایدن)ی مۆزیكزانی كرد بەداهێنانێكی نەمر دادەنرێت.

(ماكس گراڤ)

ئەم جۆرە مۆزیكیەی كە پڕە لەهێزو مەزنیو شكۆمەند لای حەزلێكەرازی مۆزیكی ئاسایی بایەخی نیە. ئەو بەرزیو جوانیەی لەئۆپێرای (دۆن جۆڤانی)دا هەیە. ژمارەیەكی كەمی خەڵكەكە گرنگە بەلایانەوە وە كە پاڵاوتەی پاڵاوتەیە.. ختۆكەی بیستنی نەزانەكان نادات.

(شنیك-ساڵی ١٧٩٠)

مۆزارت یەكێكە لەگەورەترین مۆزیكزانەكان. وە لە زۆریشیان رەسەن ترە. من مۆزیكزانێك نابینم ئەم داهێنانە چڕو پڕەی هەبێت. كەوات لێدەكات شپرزە بێتو دوای بكەوێت. كەوا لەبیستنی



نابیتەوە شتێكی جوانی ترت دەداتێو دەی كات بەدوو وە سێ. تەنانەت وات لێدەكات لە دواییدا نەتوانیت هەموویت بێتەوە یادت.

(مۆزیكزان كارك دترز، لە كتێبەكەیدا: "چیرۆكی ژیانم")

ئەگەر هەڵەیەك لەمۆزیككانی مۆزارتدا بێت ئەوە: زۆرو زەبەندیو زۆری ووتەو بۆ هاتنی مۆزیكییەكەیەتی، ئای چەندە بەختەوەریە كە عەیبی هونەرمەندێك بەرزیو تەواوی كارەكەی تاكە عەیب بن!

(ئەلبرست-١٧٩١)

مۆزارت: بۆ خۆی خواوەندی مۆزیكیە.

(ئەنتۆنیۆ سالییری)

(لە شانۆگەریەكەدا لە دانانی پۆشكینی شاعیر بە ناوی مۆزارتو سالیریی)

بۆیە خوا مۆزارتی دروست كردووە تا خەڵكەكە پتر بیناسنو بیپەرستن!

(ئەنتۆنیۆ سالیری لە شانۆگەری ئەمادیۆس لە دانانی میتر شاڤر)

بۆ خواو وەك ئینسانێكی شەریف پێت دەڵێم: كوڕەكەت گەورەترین مۆزیكزانە.. زەوقێكی بەرزی هەیە و بەرزترین تواناشی هەیە لە دانانی مۆزیكدا.

(هایدنی مۆزیكزان)

(پاش گوێ گرتنی لەو شەش وەتەریەی كە مۆزارت پێشكەشی كرد)

مۆزارت لەگەڵ ئەو شەش (وەتەریەی) كە پێشكەشی (هایدن)ی كرد بوون ئەم نامەیەشی بۆ نارد بوو.

بۆ هاوڕێی خۆشەویستم هایدن.

من وەك ئەو باوكە وام كە شەش منالەكەی بخاتە دنیای بەربڵاوەوە وە پێویستی دەزانێت وەك باوك بیان خاتە بەردەستی تۆ.. بۆ چاودێری كردنیان و ئاراستەكردنیان، تۆ پیاوێكی زۆر ناوداری. لەهەمان كاتیشدا خۆشەویسترین هاوڕێشمی.. ئەوا شەش كوڕەكانم بۆ ناردی، ئەی ناودارترین كەس و خۆشەویسترین هاوڕێم، لەڕاستیدا ئەوانە بەری لێكۆڵینەوەی سەخت و دێژن، زۆری هاوڕێیانم لەوە دڵنیایان دەكردم، كە ئەم كوڕانە لەدوارۆژدا دەبنە خۆشی و دڵدانەوەم. لەماوەی مانەوتدا لەم شارەی پایتەختدا تۆ خۆت ڕەزامەندیت دەربری ئەی هاوڕێ خۆشەویستەكەم، بۆ ئەم شەش كارە هونەریەم وە ڕەزامەندیەكەی تۆش بوو هانیدام كە پێشكەشی بكەمو هیوادارم وا سەیری نەكەیت كە واشایانی ڕەزامەندیەكەت نەبن، تكات لێ دەكەم كە سۆزی باوكێتیت باڵبكێشێت بەسەریانداو باوكێكی ڕێ نیشاندەرو رابەریان بیت، وە منیش تەواو سەربەستت دەكەم لەمامەڵەكردنت لەگەڵیاندا، وە لێشت دەپاڕێمەوە كە چاو بپۆشیت لەو هەڵانەی باوك بەلایەنی كوڕەكانیەوە بەرچاوی نەكەوتووە. لەگەڵ هەڵەكانیشدا هیوادارم بەدۆستایەتیە خۆشەویستیەكەت كە شانازی پێوە دەكەم. بگرێتەوە. لەناخی دڵمەوە دەڵێم دۆستی خۆشەیوست و دڵسۆزترین هاوڕێت دەبم.

(مۆزارت یەكی سێپتەمبەر ١٧٨٥)

شمۆزیككانی مۆزرات تا گوێی‌لێ‌بگرین: جوانترو جوانتروجوانتر دەبن!

(مۆزیكزان – شۆمان)



ئەگەر نەتوانین جوانیەكەی مۆزیكی (مۆزارت) مان هەبێت با بۆ بێگەردیەكەی هەوڵ بدەین!

(مۆزیكزان – پرامز)

ئەڵمانیەكان گەورەترین دانەری (هارمۆن) ین، ئیتاڵیەكانیش گەورەترین دانەری (میلۆد) ین، بەڵام لەوكاتەوە مۆزارت دەركەوت توانی لەسەر خاكی خۆماندا بمانشكێنێت. مۆزارت ئەو مۆزیكزانەیە كە لە گەلانی باكورو باشوور مەزنترە. ئەو مۆزیكزانەیە كە بلیمەتە. و بلیمەتیەكەشی وای‌لێكردووە هەموو شتێك بزانێت.

(مۆزیكزان – رۆسینی)

من لە هەفتەیەكدا یەكجار بەرهەمی (بیتهۆڤن) نۆش دەكەم و چوارجاریش بەرهەمی (هایدن). بەڵام بەرهەمی (مۆزارت) هەموو رۆژێك.

(رۆسینی)

دوو جۆر بلیمەتی هەن:

بلیمەتی سروشتی و بلیمەتی عەقڵی.

من بلیمەتی عەقڵیم لا پەسەندە، بەڵام راستی پەسەندكردنیشم بۆ بلیمەتی سروشتیش ناشارمەوە. ئەوەندەش بەخۆما رادەپەرمووم كە (رۆفائیل) بە باشتر لە (مایكل ئنجگلۆ) دابنێم. و (مۆزارت) یش لە (بیتهۆڤن)و (رۆسینی) لە (مایيدبیر) دابنێم.

(مۆزیكزان – بێزێ)

مۆزارت هەموو لایەنەكانی داهێنانی مۆزیكری لەخۆگرتوە، بەڵام من پەنجەی پیانۆی ئەوم لە مێشكدایە.

(مۆزیكزان – شۆمان)

بلیمەتی دەتوانێت داهێنان بکات بەبێ زەوقی تۆ بۆ نموونە (بێتهۆڤن). بەڵام (مۆزارت) بلیمەتیەکی وای هەیە بەرزترین‌و جوانترین زەوق دەدات!

(مۆزیکزان – دۆبیسی)

وانی دەبێت خۆشی بدات بەخەڵکی و هەموو هەستێك رازی بکات، بێ هیلاك بوون خۆشیمان بۆ بهێنێ. وەك (لیۆناردۆدافنشی).. وەك (مۆزارت). ئەم دووانە مەزنترین هونەرمەندن لەمێژوودا!

(مۆزیکزان – دۆبیسی)

چی بوو وای لە (باخ) و (مۆزارت) کرد کە ئەم دوو شوێنە بێ وێنەیە لە مێژوودا بۆخۆیان بگرن: ئەوان شێوەیان نەدەکرد بەقوربانی لە پێناوی دەربڕیندا. تا دەربڕین بەرزتربوایە شێوە مۆزیکییەکەش بەرزترو شکۆدارتر دەبوو.

(سان – ساینسی)

من باوەڕم بەخوا ئەمجا بەمۆزارت‌و بیتهۆڤن هەیە.

(مۆزیکزان – ڤاگنەر)

بلیمەتیە مەزنەکەی (مۆزارت) وای لێکرد بکەوێتە سەرووی هەموو مەزنەکانی مێژوو و هەموو مەزنەکانی هونەریش!

(مۆزیکزان – ڤاگنەر)

من جوانی‌و خۆشی‌و خۆشەویستی ژیان لەمۆزیکی مۆزارتدا دەبینمەوە. کە نیشانەی تەندروستی‌و لەش ساغی‌و خۆشی‌و جوانی‌و بەهەشتی دنیایە.

(مۆزیکزان – چایکۆفسکی)

مامۆستاکانم (باخ‌و مۆزارت)ن. ئەمجا (بێتهۆڤن‌و پرامەزو ڤاگنەر)ن!

(مۆزیکزان – شینبرج)



هەموو مۆزیکزانێك دەبێت بەتەواوی حەوت سەمفۆنیاکەی ئەم دواییەی مۆزار لەبەربکات!

(مۆزیکزان – بارکۆك)

لە (شکسپیرو وسویفت)ەوە فێری نووسین بووم، و لە مۆزارتیشەوە فێری بیرکردنەوە بووم، ئەو مەزنترین مۆزیکزانە. فێری کردم شتی پڕمانا بڵێم‌و لە هەمان کاتیشدا ڕەوشتبەرزیش بم. من هەمیشە بە قوتابیەکانم دەڵێم: دوو شت لەم دونیایەدا هەن کە ماناو چێژ بە ژیان دەدەن: مۆزارت‌و بیردۆزەی بارستە لەفیزیادا.

(ڤاسکونڤ – زانای بەناوبانگی فیزیا)

مۆزارت گەورەترین مۆزیکزانی جیهانە. بیتهۆڤن مۆزیکی خۆی دروستکردوە، بەڵام مۆزیککانی مۆزارت ئەوەندە پاك‌و بێگەردو جوانە وامانلێدەکات هەست بکەین (دەستی‌کەوتبێت) ئەم مۆزیکنەی بەشێکی جوانی ئەم گەردونە قوڵەن‌و چاوەڕوانی بلیمەتێکەو پەردەی لەسەر رووڵابەرێت.

(ئەنشتاین)

ئەو (سونات)انەی مۆزارت دایناون هەموو منالێك دەتوانێت لێی‌بدات بەڵام بۆ مۆزکەزانەکان قورسە دایبنێن.

(شۆمان)

پێم نەوتیت کە ئەم ئاوازە جەنازەییە بۆخۆم دادەنێم.

(مۆزارت – ٥ دیسەمبەری ١٧٩١)

مردنی مۆزارت پێش ئەوەی سی‌ۆپێنج ساڵ تەواوبکات گەورەترین ژیان بوو لەمۆزیکزانەکان کەوت!

(مۆزیکزان – جێریچ)

مادام مردن مەبەستی کۆتایی راستەقینەی ئەم ژیانە بێت، ئەوا من سالانی دورودرێژە لەسەر بیری مردن رهاتووم.. و لێیناترسم.. کە هەموو شەوێك دەچمە ناو نوێنەکانمەوە واهەست دەکەم ناگەمە بەیانی.. ئەم بیرکردنەوەیەش کە دامدەگرێت بەختەوەرم دەکات لەشەوەکاندا، و حەزدەکەم هەموکەس واهەست بکات.

(مۆزارت لەنامەیەکیدا بۆ باوکی)

## کتێبەکانی یانەی قەڵەم

| ناوی کتێب | بابەت | نوسەرو وەرگێڕ |
|---|---|---|
| ١ ـ فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد |
| ٢ ـ ئایین (هزر سیاسەت) | سیاسی | یاسین عومەر |
| ٣ ـ بەیەکداکێشانی شارستانێتییەکان | سیاسی | ئاوات ئەحمەد |
| ٤ ـ سوەیلا | رۆمان | شارام قەوامی |
| ٥ ـ رۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵڵا |
| ٦ ـ سیماکانی عەقڵانیەت و | سیاسی | ئاوات ئەحمەد |
| ٧ ـ وەنەوشەکەی چوارشەممان | چیرۆك | شیرین.ك |
| ٨ ـ نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | سیاسی | ئومێد عوسمان |
| ٩ ـ فیمینیزم | فکری | عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی |
| ١٠ ـ لە روانگەی | فکری | ئومێد عوسمان |
| ١١ ـ منداڵباز | رۆمان | فەرهاد پیربال |
| ١٢ ـ کیمیاگەرانی وشە | ئەدەبی | یاسین عومەر |
| ١٣ ـ گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | حەمە کەریم عارف |
| ١٤ ـ خەمەکانی رۆشنگەری | فکری | ئاوات ئەحمەد |
| ١٥ ـ یەڵماز گۆنەی | هونەری | حەمە کەریم عارف |
| ١٦ ـ هەناسەی پێخەفە | چیرۆك | چنوور سەعیدی |
| ١٧ ـ سادقی هیدایەت | ئەدەبی | حەمە کەریم عارف |
| ١٨ ـ یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی | چیرۆك | سیامەند هادی |
| ١٩ ـ قاڵاو یانی قەفەسێکی | شیعر | کەمال ئەمینی |
| ٢٠ ـ تیانووسی پاشای | شیعر | یاسین عومەر |
| ٢١ ـ لەسێبەری پرسیاردا | دیدار | سەمەد ئەحمەد |
| ٢٢ ـ زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | فەرهاد پیربال |
| ٢٣ ـ گێلاسی خوێن | رۆمان | عەتا محەمەد |
| ٢٤ ـ حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی |
| ٢٥ ـ رەنگە کاڵبووە | شیعر | و. مەیروان هەڵەبجەیی. |
| ٢٦ ـ کۆنترۆڵی میدیا | میدیا | و. کەریم قادر پوور |

نرخ(٢،٠٠٠) دینار